

# ئا ئەمەیە
# ئیسلام

سەرنجێکی وردبینانە سەبارەت بە ئەو ئایینەی

لە هەمووان خێراتر لە جیهاندا نەشونما ئەکات

THIS IS ISLAM



THIS IS ISLAM

وێنەیەکی موسڵمانان لە ئاسمانەوە کە ڕوویان لە کەعبە کردووە، ئەو خانووەی کە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی ئیبراهیم کرد دروستی بکات و فەرمانی بە موسڵمانەکانیش کرد کە لە نوێژەکانیاندا ڕووی تێ بکن لە هەرکوێدا بوون.

ح دار الدليل المعاصر للنشر والتوزيع ، ١٤٤٠هـ

*فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية أثناء النشر*

باهمام ، فهد بن سالم
هذا هو الإسلام. / فهد بن سالم باهمام - الرياض ،١٤٤٠هـ
١٥٠ ص ، ٢٢ X ١٥ سم
ردمك: ٦-١٣٩٧-٠٣-٦٠٣-٩٧٨

١- الاسلام - مبادىء عامة . العنوان
ديوي ٢١٠ ١٤٤٠/١٠٩٣٤

رقم الإيداع : ١٤٤٠/١٠٩٣٤
ردمك: ٦-١٣٩٧-٠٣-٦٠٣-٩٧٨

چاپی یەکەم
٢٠٢١

هەموو مافەکان پارێزراون
الدليل المعاصر

# ئا ئەمەیە
# ئیسلام

سةرنجيَكي وردبينانة سةبارةت بة ئةو ئايينةي لة هةمووان خيَراتر
لة جيهاندا نةشونما ئةكات

فةهد ساليم باهومام

- ئایا لات گرنگ نیە کە وێنەکە بە روونتر ببینیت؟ سەبارەت بە ئەو ئایینەی کە لە هەموو ئایینەکانی تر زیاتر جەدەلی لەسەر ئەکرێت لە دەزگا میدیاییەکانی دەوروبەرتدا؟

- ئایا ئەوە ناهێنێت بۆ ساتێکیش بووە هەڵوێستەیەک بکەیت و قوڵ رابمێنی لەو ئایینەی کە لە هەموو ئایینەکانی تر زۆرتر و خێراتر بڵاوئەبنەوە، بەپێی ئامارە جیهانییەکان؟

- باشە..چێژ لەوە نابەی کە کەلتوور و فەلسەفەی خەڵکانی تر بدۆزیتەوە، کە سەبارەت بە ژیان و ئایین و گەردوون قسە ئەکەن؟

- بۆچی هەلی ئەوە بە خۆت نادەی  کە هەڵوێستەیەک بکەی لەسەر کۆمەڵێک زانیاری بەڵگەدار دەربارەی ئیسلام کە لە سەرچاوەکانی خۆیەوە وەرگیراون.. پاشان لۆژیک و عەقڵت بکەیتە دادوەر؟

جا ئەگەر ئەوەت بینی، یان شتێکی گرنگت لەوانە بینی، یان حەزێکت تێدا دروست بوو، ئەوە ئەم کتێبە یارمەتیت ئەدات بۆ ئەوەی بەو مەبەستەت بگەی.



## بابەتەکانی
# ئەم کتێبە


12 —— چەند پرسیارێک خەومان لێ ئەزڕێنن..
- ئایینی ئیسلام • مانای وشەی ئیسلام • ئیسلام ئایینی هەموو پێغەمبەرانە

18 —— جیهانیبوون(عەولەمە)ی ئیسلام
- گرنگیدان بە ژینگە لە ئیمانەوە سەرچاوە ئەگرێت • ئایینی زانست
- ئیسلام هەموو بوارەکانی ژیان ئەگرێتە خۆی
- ئیسلام ئایینی پەیوەندی و بەشداریکردنە

36 —— یەک خولقێنەر.. یەک پەرستراو
- لە نێوان یاسای سروشت و یاسای شەرعدا • کەهەنووت لە ئیسلامدا نیە
- ئایا ڕێوڕەسمی تایبەت هەیە بۆ چوونە ناو ئیسلام؟

68 —— پێغەمبەران لە ڕاستیدا کێن؟
- مرۆڤبوونی پێغەمبەران • میانڕەوی لە پلەوپایەی پێغەمبەراندا
- هەڵوێستی ئیسلام لە پێغەمبەران

74 —— هەڵوێستی ئیسلام لە عیسا-سەلامی خوای لێبێت-

80 —— پێغەمبەری ئیسلام کێیە؟
- گەشتێکی خێرا بەناو ژیانی پێغەمبەری ئیسلامدا-سەلامی خوای لێبێت-

86 —— موحەممەدی پێغەمبەری خوا لە دیدی کەسە بەویژدانەکانەوە





120 قورئان لە کوێوە هاتووە؟

پرسیارێکی لۆژیکیە و ڕاستەوخۆ خۆی هەڵئەداتە ناو زیهن کاتێک کە باس لە کتێبی پیرۆزی موسڵمانان: قورئان ئەکرێت و باس لە موحەممەدی پێغەمبەر-علیەالسلام- ئەکرێت: بۆچی ئەبێ ئەو چیرۆکە قەبوڵ بکەین کە موسڵمانان لەو بارەیەوە ئەیگێڕنەوە؟ ئایا بۆمان نیە ئێمەش چەند پرسیارێک لەو بارەیەوە بکەین؟





هەندێ لە بەسەرهات و رەوشتەکانی موحەممەد ——— 94
- ملکەچی
- میهر و سۆز
- دادپەروەری
- چاککردن و بەخشندەیی
- ئارامگرتن و لەخۆبووردەییەکەی
- دونیانەویستی پێغەمبەر
- وەفاداری

هەندێ لە فەرمایشتەکانی موحەممەد-علیە السلام- ——— 104

قورئانی پیرۆز موعجیزە نەمرەکەی ئیسلام ——— 112
- موعجیزەی لەبەرکردنی قورئان
- موعجیزەی رەوانبێژی و دەروونی

قورئان لە کوێوە هاتووە؟ ——— 120
- چەند تۆمەتێکی چەند بارە
- بۆچی پێغەمبەرایەتی تەنیا بە بلیمەتییەک دانەنێین
- لەوانەیە قورئان کتێبی تر بووبن و سەرلەنوێ موحەممەد دارێژرابنەوە
- راستیەکی مێژوویی جیاکەرەوە
- هەموو کەسێک قسەیەکی هەیە بۆ کۆتایی
- سورەتی ئەلفاتیحە

راستی عیبادەتەکان لە ئیسلامدا چییە؟ ——— 132
- پایەکانی ئیسلام
- بۆچی فەرزەکان و تاقیکردنەوە دانراوە؟
- نوێژ
- زەکات
- رۆژوو
- حەج

خێزان لە ئیسلامدا ——— 148
- ئیسلام زۆر پێ لەسەر بنەمای زەواجکردن و خێزان دروستکردن دائەگرێت
- ئیسلام تەواوی رێزی داوە بە هەموو تاکێک لە تاکەکانی خێزان، جا ئیتر نێر بن یان مێ
- ئیسلام پێ لەسەر بنەمای رێزگرتن لە باوک و دایک و هەستان بە چاودێریکردن و گوێرایەڵیکردنی فەرمانەکانیان دائەگرێت تا لە ژیاندان
- ئیسلام فەرمانی کردووە مافی کوڕ و کچ بپارێزرێت و بەئەرکی داناوە لە نێوانیاندا داد رابگیرێت لە نەفەقەکێشانیاندا:
- پەیوەندی خزمایەتی لەسەر موسڵمان فەرز کراوە

154 پلە و پایەی ئافرەت لە ئیسلامدا
- چەند نمونەیەک کە پەیوەندن بە ڕێزی ئافرەتەوە
- چەند جۆرێک ئافرەت کە ئیسلام گرنگی تایبەتیان پێ ئەدات
- لە ئیسلامدا شوێنێک نیە بۆ ململانێی نێوان دوو ڕەگەزەکە
- پەیوەندی نێوان ژن و پیاو
- سروشتی پەیوەندیەکانی نێوان ژن و پیاو لە ئیسلامدا
- ئیسلام بۆچی حیجابی فەرز کردووە لەسەر ئافرەت لە بەردەم پیاوی بێگانەدا؟
- ڕێساکانی پەیوەندی نێوان پیاو و ژنی بێگانە

166 یاسای ئیسلام لە خواردن و خواردنەوەدا
- بەراز
- مەی و کحول
- قورئان چۆن مامەڵەی لەگەڵ مەیخواردنەوەدا کردووە؟

46 گوناە و تۆبەکردن

50 دوالیزمەی ئایین و عەقڵ
- بەربەستەکانی ڕێگەی بیرکردنەوەی دروست وەک قورئان ڕوونی ئەکاتەوە

56 ئیسلام ئایینی ئاشتیە
- ئیسلام لە ئەمڕۆدا خێراترین ئایینە لە بڵاوبوونەوەدا
- ئایا زۆرکراوە لە خەڵکی تا بێنە ناو ئیسلام؟

172 لە نێوان ئیسلام و واقیعی هەندێ لە موسڵماناناندا
- گۆشەنیگایەکی تازە



## 50 دوالیزمەی ئایین و عەقڵ

هەندێ هەیە بڕوای وایە کە ئایین دژ بە عەقڵ و میتۆدی زانستی هەڵئەوەشێنێتەوە، چونکە ئایین لە دیدی ئەودا سەرچاوەی وەهم و ئەفسانە و حەکایەت و بیرکردنەوەی ئەفسانەییانەیە، لای ئەو زانست و فەلسەفە ئەو دوو ڕێگەیەن کە مرۆڤ بەرەو زانستێکی ڕێکخراو ئەبەن



# چەند پرسیارێک خەومان لێ ئەزڕێنن..

کێ

کێ هەیە لە ئێمە لە تەمەنیدا ئەگەر بۆ ساتێکیش بووبێت هەڵوێستەی نەکردبێت و لە خۆی نەپرسیبێت: ئەرێ ئەم چیرۆکە چییە؟ من کێم؟ من لە کوێوە هاتووم؟ من بۆ کوێ ئەڕۆم؟ داهاتووم لە کوێیە؟ ئامانج لەم گەردوونە فراوانە چییە؟ ئەم هەمووە هەناسەبڕکێیە لە دونیادا لە پای چی ئەگەر کۆتاییەکەی مردن و بوونەوە بە خۆڵ و عەدەم بێت؟

موسڵمانەکان و خاوەن ئایینە ئاسمانیەکانی تریش بڕوایان وایە کە ژیان بە بێ بڕوابوون بە خولقێنەرێکی دادپەروەر، بە بێ بڕوابوون بە ژیانێکی تر پاش مردن کە تێیدا کەسانی چاکەکار پاداشتی چاکەکانیان وەربگرنەوەو کەسانی خراپەکار سزای خراپەکانیان وەربگرنەوە، ژیانێکی گاڵتەجاڕ و عەبەسە و مانای نیە، ژیانی وا تەنیا ئازار و ژانێکە بەبێ قەرەبووبوونەوە، موغامەرە و قومارکردنێکە بە بێ سەرمایە و بالانس..

> بەدڵنیاییەوە ناتوانرێت لە شتە دژیەکانی ژیان تێبگەین یان لەو فەلسەفەیە تێبگەین ژیان بۆ پڕە لە کوێرەوەری و هەڵە و تاساو و ئازار و مەینەتی تا بڕوا نەهێنین بە بوونی خولقێنەرێکی دانا و دادپەروەر کە ئەم گەردوونە بەڕێوە ئەبات.

بەدڵنیاییەوە ناتوانرێت لە شتە دژیەکانی ژیان تێبگەین، یان لەو فەلسەفەیە تێبگەین ژیان بۆ پڕە لە کوێرەوەری و هەڵە و تاساو و ئازار و مەینەتی تا بڕوا نەهێنین بە بوونی خولقێنەرێکی دانا و دادپەروەر کە ئەم گەردوونە بەڕێوە ئەبات، ئەو خوایە خاڵێکی کۆتایی بۆ ئەم ژیانە داناوە و هەموو کەس دوای ئەم ژیانە بەش و پشکی خۆی دەست ئەکەوێتەوە بەپێی ئەوەی پێش خۆی خستووە، یان لەپاش خۆی جێیهێشتووە.

ئاڵەوێدا و تەنیا لەوێدا دەرئەکەوێت ئەو بڕوا قووڵەی بە بەها بەڵاکان و چەمکەکانی ئێمە کە خەڵکی بۆ بانگ ئەکەین -وەک داد و خۆشەویستی و سۆز و ڕاستگۆیی و بەزەیی-ڕاستییەکە هاوسەنگە لەگەڵ ناخدا.. بۆی دەرئەکەوێت کەئاڵانگاری (تەحەددی) مانای هەیە، بەرهەمهێنان چێژی خۆی هەیە، ئارامگرتن شیرینی تایبەتی خۆی هەیە..

سەیربکەین لە قورئاندا کە کتێبی پیرۆزی موسڵمانەکانە ئەم ئاماژەیە هەیە، خوا سەبارەت بە خەڵکانی خاوەن ژیری و بیر ئەفەرموێ: {وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ} (آل عمران: ١٩١). ئەوانەی بەردەوام بیردەکەنەوە لە دروستبوونی ئاسمانەکان و زەوی (بیردەکەنەوە لە هەموو وردەکاریەک، سەرنجی هەموو دیاردەیەک دەدەن، سەرئەنجام دەڵێن): پەروەردگارا! تۆ ئەم هەموو دروست کراوانەت بێ هودە و بێ ئامانج دروستکراوانەت، پاکیی و بێگەردیی شایستەی تۆیە.

> مانای وشەی ئیسلام لە زمانی عەرەبیدا بەدەوری ئەم مانایانەدا ئەسووڕێتەوە: تەسلیمبوون، ملکەچبوون، گوێڕایەڵی، دڵسۆزی، ئارامبوون بوون، یان دڵنیابوون.



## ئایینی ئیسلام:

زۆربەی ئایینەکان لەسەر زۆویدا بەناوی کەسێکەوە یان بە ناوی ئوممەتێکەوە یان بەناوی وڵاتێکەوە ناونراوە کە ئەو ئایینەی تێدا دەرکەوتووە، مەسیحییەت بەناوی حەزرەتی (مەسیح)ەوە- سەلامی خوای لێبێت- ناونراوە، یەهودییەت بەناوی خێڵی (یەهودا)وە ناونراوە، بوداییش بەناوی (بودا)ی دامەزرێنەرەوە ناونراوە، هیندۆسییەت بەناوی وڵاتی(هیند)ەوە ناونراوە، ئیتر بەو شێوەیە..

بەڵام ئیسلام بە دڵنیاییەوە نە بەناوی کەسێکی تایبەتەوە ناونراوە، نە بەناوی خێڵ و نە بەناوی نەتەوەو نە بەناوی ئوممەتێکی تایبەتی ناو مرۆڤەکانەوە ناونراوە، هۆکەشی ئەوەیە کە ئیسلام تایبەت نیە بە میللەتێکی دیاریکراوی ناو مرۆڤەکانەوە تا بەناوی ئەوانەوە ناوبنرێت، لە لایەن مرۆڤیشەوە دانەهێنراوە تا بەناوی دامەزرێنەکەیەوە ناوبنرێت، بەڵکو تەنیا ناونراوە ئیسلام..

## مانای وشەی ئیسلام:

کاتێک ئەگەڕێینەوە بۆ مانای بنەڕەتی وشەی ئیسلام لە زمانی عەرەبیدا ئەبینین کە چەند مانایەکی هەیە کە هەموو بەدەوری ئەم مانایانەدا ئەسووڕێنەوە: تەسلیمبوون، ملکەچبوون، گوێڕایەڵی، دڵسۆزی، ئارامبوون، دڵنیابوون.

ئیسلام بریتیە لە: تەسلیمبوون و گوێڕایەڵیکردنی تەواو بۆ خوای خولقێنەری خاوەن گەردوون، ڕزگاربوونیش لە هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی بەندایەتیکردن بۆ جگە لە ئەو.

ئا ئەمە ئەو مانایە کە لە ژمارەیەک ئایەتی قورئاندا دووپاتکراوەتەوە..

قورئان هەواڵی پێداوین کە: هەرکەس بە دڵ و بە هەموو ئەندامەکانی لەشی ڕووبکاتە خوا و ملی بۆ کەچ بکات و تەسلیمی ببێت و پێڕەوی بکات لە فەرمانەکانی و قەدەغەکراوەکانی ئەوە دەستی گیرکردووە لە ئەو پەتی ڕزگاریەی کە هەرگیز ناپسێت، و بەوەش هەموو خێرێکی دەست ئەکەوێت، قورئان ئەفەرموێ: { وَمَنْ يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ ۗ وَإِلَى اللَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ}، ئەو کەسەی ڕوو بکاتە پەروەردگاری و کارەکانی هەمووی بگێڕێتەوە بۆ لای ئەو، لە کاتێکدا ئادەمیزادێکی چاکەخوازە، ئەوە بەڕاستی مانای وایە دەستی بە بەهێزترین هۆکاری ڕزگاریەوەیە، هەموو کارێکیش هەر بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە.

کەواتە ئیسلام بریتیە لە بەندایەتیکردنی تەواو بۆ خوا، رزگار بوون و ئازادبوون لە ملکەچکردن و بەندایەتیکردن بۆ جگە لە خوا، موسڵمانیش ئەو مرۆڤەیە دڵسۆزە لە عەبدایەتیکردندا، لە ناخەوە لەگەڵ ئاشتیدا ئەژی، ئاشتیش بڵاوئەکاتەوە بە چوار دەوری خۆیدا.

بەڵام ئایا ئەمە ئەوەیە کە هەموو پێغەمبەران هێناویانە؟

## ئیسلام ئایینی هەموو پێغەمبەرانە:

ئیسلام ئەوە ئەسەلمێنێت کە هەموو میللەتانی پێشوو لە سەردەمە جیاجیاکاندا پێغەمبەریان بۆ نێردراوە تا فێری ئایینی خوایان بکات، قورئانیش قسە لەگەڵ موحەممەددا ئەکات-سەلامی خوای لێبێت-: {إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ۚ وَإِنْ مِنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ} (فاطر ٢٤) بێگومان ئێمە تۆمان رەوانەکردووە بەحەق و ڕاستیەکی تەواوەوە، تۆ مژدەدەری (ئیماندارانیت)، ترسێنەری (بێ بڕواکانیت) هیچ گەل و نەتەوەیەکیش نەبووە کە فرستادە و بێدارکەرەوەیەکی بۆ ڕەوانە نەکرابێت. هەموو پێغەمبەران ئایینی راستەقینەیان هێناوە، بۆیە جیاواز نین لە پەیامی ئیمان و بنەماکانی رەوشت و یاسا بنەڕەتیەکاندا.

ئەو ئیسلامەش کە لە ڕێگەی کۆتا پێغەمبەرەوە کە موحەممەدە-ێەلات و سەلامی خوای لەسەر بێت- هاتووە زیاتر لە هەزار و چوار ێەد ساڵ پێش ئێستا هەر درێژکراوەی ئەو ئایینیەیە کە هەموو پێغەمبەران هێناویانە، قورئان فەرمان ئەکات بە موسڵمانان کە بڕوا بهێنن بە هەموو پێغەمبەرانی پێشوو، وەک ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب و موسا و عیسا-سەلامی خوایان لێبێت-: {قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ} (البقرة:١٣٦)، (ئەی موسڵمانیینە) بڵێن: بڕوامان هێنا بە خواو بەو قورئانەی کە بۆ خۆمان نێرراوەتە خوارەوە وە بەو پەیامەی کە نێرراوە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و کوڕەکانی یەعقوب وە بەوەی کە دراوە بە مووساو عیسا وە بەوەی کە دراوە بە هەموو پێغەمبەران لەلایەن پەروەدگاریانەوە جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ کامێکیاندا وە ئێمە فەرمانبەری خواین.

ئەوەی سەرنج رائەکێشێت ئەوەیە کە قورئان وەسێتی باوکی پێغەمبەران (ئیبراهیمان) بۆ ئەگێڕێتەوە کە بۆ منالەکانی کردوویەتی، بە هەمان شێوە یەعقوبیش لە کاتی سەرەمەرگدا بە منالەکانی ئەڵێ خوا ئایینی راستەقینەی بۆ هەڵبژاردوون و لەسەر ئیسلام بەردەوام بن تا ئەمرن، { وَوَصَّىٰ بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَا بَنِيَّ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَىٰ لَكُمُ الدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ}، (البقرة:١٣٢)



جا ئیبراهیم و یەعقوب ئەم وەسێتەیان کرد بۆ کوڕەکان و نەوەکانیان، (هەریەک لەوان فەرموویەتی): ڕۆڵەکانم! بەڕاستی خوا هەر ئەم ئاینەی بۆ ئێوە بڕیارداوەو هەڵیبژاردووە، ئیتر ئێوەش هەوڵ بدەن بە موسوڵمانی نەبێت مەمرن (تا دوا هەناسەتان پەیڕەوی بکەن).

ئەم ئایینە درێژەپێدەری ئایینی هەموو پێغەمبەرانە، عەقیدەیان یەک عەقیدەیە، گۆڕانکاری بەسەر پایە راستەقینەکانیاندا نایەت، بەڵام شەریعەت و درێژەی یاساکانی گۆڕانکاری بەسەردا دێت بە پێی هەلومەرجە جیاوازەکان، بەم شێوەیە بوو تا کۆتا پێغەمبەر موحەممەد-سەلامی خوای لێبێت- هات، تا کۆتا شەریعەت بۆ ئەم مرۆڤایەتیە بهێنێت.

ئەمەیە کە قورئان ئەوە ئەسەلمێنێت ئایین یەک شتە ، ئەویش بریتیە لە ئیسلام، ئەم جیاوازیە عەقیدەییانەی کە ئەمڕۆ ئەیانبینین  لە نێوان ئایینە ئاسمانیەکاندا هیچی تر نیە لادان نەبێت کە لەوە دووری خستوونەتەوە کە پێغەمبەران هێناویانە.. {إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَمَنْ يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ} ( ال عمران:١٩). واتە: بەڕاستی دین و ئاینی پەسەند لای خوا تەنها ئاینی ئیسلامە، ئەوانەش کە کتێبە (ئاسمانیەکانیان) دراوەتێ، جیاوازیان لە نێواندا پەیدا نەبووە مەگەر لە دوای ئەوەی زانست و زانیاری تەواویان بۆ هاتووە (دەربارەی ڕاستی محمد (صلی الله علیه وسلم) و ئیسلام)، ئەمەش بەهۆی دنیاپەرستی و حەسوودی و ستەمکردنیان لە نێو خۆیان (چونکە ڕازی نەبوون بە پێغەمبەرێک لە غەیری خۆیان)، جا ئەوەی باوەڕی بە فەرمان و ئایەتەکانی خوا نەبێت، ئەوە بێگومان خوا بەخێرایی حسابی خۆی دەکات لەگەڵیاندا.

> ئیسلام نە بەناوی کەسێکی تایبەتەوە ناونەنراوە، نە بەناوی خێڵ و نە بەناوی نەتەوەو نە بەناوی ئوممەتێکی تایبەتی ناو مرۆڤەکانەوە ناونەنراوە، هۆکەشی ئەوەیە کە ئیسلام تایبەت نیە بە میللەتێکی تایبەتی ناو مرۆڤەکانەوە تا بەناوی ئەوانەوە ناوبنرێت، لە لایەن مرۆڤیشەوە دانەهێنراوە تا بەناوی دامەزرێنەکەیەوە ناوبنرێت، بەڵکو تەنیا ناونراوە ئیسلام..

# جیهانیبوون(عەولەمە)ی ئیسلام



## یەکێک

یەکێک لەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی لە قورئاندا هەیە ئەوەیە هەرچەندە بە زمانی عەرەبی دابەزیوە کەچی وشەی (عەرەب) لە قورئاندا نەهاتووە، لەم رۆژگارەشدا ئەبینین کە عەرەب کەمینەیەکن لەناو موسڵماناندا، نەک ئەوە بەڵکو عەرەب رێژەی کەمتر لە٢٠٪ی ژمارەی موسڵمانان پێکدەهێنن، گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامی ئەندەنوسیایە کە ئەکەوێتە ئەوپەڕی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاوە، هەر ئەمەش نا، بەڵکو تەنیا موسڵمانانی هیندستان کە لە چاو وڵاتەکەدا کەمینەیەکن نزیکەی دوو ئەوەندەی گەورەترین وڵاتی عەرەبین!

ئاینی ئیسلام وەک رەحمەت و هیدایەتێک هاتووە بۆ سەر هەموو میللەتانی دنیا بە کەلتوور و زمان و نەریت و وڵاتە جیاوازەکانیانەوە، لە قورئاندا هاتووە کە ئەفەرموێ: {وَمَا أَرۡسَلۡنَاكَ إِلَّا رَحۡمَةً لِّلۡعَالَمِينَ} (الأنبياء: ١٠٧)، ئەی محمد! ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان (جیهانی ئادەمیزاد و گیاندار و ڕووەک و پەری و... هتد).

ئیسلام جۆرە روئیا و دیدێک ئەداتە ئەم مرۆڤە کە لە هیچ سیستەمێکی تردا بوونی نیە، میللەتانی سەر زەمین بەشتی وا ئاشنا نین.

با تۆزێک رامێنین لەم ئاراستەکردنانەی قورئان کە تەنیا عەرەب نادوێنێت، تەنیا موسڵمانەکانیش نادوێنێت، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی ئەدوێنێت بە هەموو میللەتان و مەزهەبەکانیانەوە، خوا لە قورئاندا ئەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَاكُمۡ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ اللَّهِ أَتۡقَاكُمۡ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ}. (الحجرات: ١٣) ئەی خەڵکینە! بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەک دروستکردووە (کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە) و کردوومانن بەچەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە... بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانن کە زۆرتر لەخواترسن و فەرمانبەرداری خوان، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بەهەمووان.

بەم شێوەیە قورئان ئەوە دوپات ئەکاتەوە کە مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەو هەمووە رەنگ و زمانە زۆرانەیدا هەموو نەوەی «ئادەم» و «حەوا»ن -سەلامی خوایان لێبێت- ئەو جیاوازیانەی لە نێوانیاندا هەیە بۆ پلە و رێز نیە، بەڵکو بۆ یەکترناسین و بەشداریکرن و هاوکاریکردنە، پلە و رێز هی کەسێکە کە خوا بپەرستێت و خۆی لە حەرام بەدوور بگرێت.

> ئیسلام جۆرە روئیا و دیدێک ئەداتە ئەم مرۆڤە کە لە هیچ سیستەمێکی تردا بوونی نیە، میللەتانی سەر زەمین بەشتی وا ئاشنا نین.

نەک ئەمە، بەڵکو قورئان سەرنجمان رائەکێشێت بۆ لای ئەوەی کە ئەو جیاوازیانە لە رەنگ و فۆرمی و دەرەوە و ژمارەی زمانەکان و کەلتوورە هەمەچەشنەکاندا بەشێکە لە نیعمەتەکانی خواو بەڵگەو شتە کەمەنکێشەکانی ناو خولقاوەکانی خوان لەم گەردوونەدا، ئەو جیاوازیانەی داناوە تا لە گەورەیی و گرنگیدا بەراوردیان پێ بکەی لەگەڵ ئاسمانەکان و زەویدا، ئەوەشی فەرمووە کە تەنیا خەڵکانی زانا و خاوەن بیر و هۆش سەرنجیان بۆ ئەوانە ئەڕوات! وەک ئەفەرموێ: {وَمِنۡ آيَاتِهِ خَلۡقُ السَّمَاوَاتِ وَالۡأَرۡضِ وَاخۡتِلَافُ أَلۡسِنَتِكُمۡ وَأَلۡوَانِكُمۡ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلۡعَالِمِينَ} (الروم: ٢٢).



(یەکێکی تر) لە نیشانەو بەڵگەکانی خوا، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویە (کە زاناکانی ئەستێرەناسی لە ئاستیدا سەرسامن) هەروەها جیاوازی زمان و ڕەنگتانە (دەنگی هیچ کەس لە کەسی تر ناکات، سەرەڕای سەدەها جۆر زمان، کە جۆری قسەکردن و دارشتنی هەر گەلێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، جگە لە هەزاران شێواز کە لەو زمانە سەرەکیانە دەبێتەوە)، بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەشدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ زانایان و شارەزایان.

لەکاتێکدا کە گەورەترین و یەکەم بڕگەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ کە مرۆڤەکانی یەکسان کرد لە ئازادی و ماف و رێزدا لەساڵی ١٩٤٨ی زاییندا بوو کە بە فەرمی دانی پێدا نرا، جێبەجێکردنەکەشی پاش ئەو ساڵە بوو، کەچی پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد-سەلامی خوای لێبێت- پێش هەزار و چوارصەد ساڵ لەمەوبەر بە دەنگی بەرز ئەوەی راگەیاندووە و سەردەمێکی نوێی هێنایە پێشەوە بۆ مرۆڤایەتی، لە وتارێکیدا بۆ خەڵکی رایگەیاند: «يا أيها الناس، ألا إن ربكم واحد، وإن أباكم واحد، ألا لا فضل لعربي على عجمي، ولا لعجمي على عربي، ولا أحمر على أسود، ولا أسود على أحمر، إلا بالتقوى» (أحمد ٢٣٤٨٩). خەڵکینە! ئاگاداربن! ئێوە هەموو خواتان یەکە، باوکتان یەکە، ئاگاداربن! عەرەب رێزی زیاتر نیە لە ناعەرەبێک، ناعەرەبێکیش رێزی زیاتر نیە لە عەرەبێک، سورێک رێزی زیاتر نیە لە رەشێک، رەشێکیش رێزی زیاتر نیە لە سوورێک، بەخواپەرستی زیاتر نەبێت.



موحەممەد پێغەمبەری ئیسلامە

«يا أيها الناس، ألا إن ربكم واحد، وإن أباكم واحد، ألا لا فضل لعربي على عجمي، ولا لعجمي على عربي، ولا أحمر على أسود، ولا أسود على أحمر، إلا بالتقوى»(أحمد ٢٣٤٨٩). خەڵکینە! ئاگاداربن! ئێوە هەموو خواتان یەکە، باوکتان یەکە، ئاگاداربن! عەرەبێک رێزی زیاتر نیە لە ناعەرەبێک، ناعەرەبێکیش رێزی زیاتر نیە لە عەرەبێک، سورێک رێزی زیاتر نیە لە رەشێک، رەشێکیش رێزی زیاتر نیە لە سوورێک، بەخواپەرستی زیاتر نەبێت.



جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ

ئەوەی کە رایگەیاندووە مرۆڤەکان هەموو یەکسانن لە ئازادی و ماف و رێزدا

ساڵی ٦٣٠ی زایین

ساڵی ١٩٤٨ی زایین

## گرنگیدان بە ژینگە لە ئیمانەوە سەرچاوە ئەگرێت:

هەندێ لە فەلسەفەکان مرۆڤ بە سەرداری رەها دائەنێت لەم گەردوونەدا، بەپێی حەز و بەرژەوەندیەکانی خۆی هەڵسوکەوت ئەکات، ئیتر نە لێپرسینەوەی لێئەکرێت و نە کەسێکیش چاودێرە بەسەریەوە، با ئەو هەڵسوکەوتانەشی سەربکێشێت بۆ گەندەڵبوونی چەند شوێنێک لە زەویش! یان ببێتە هۆی لەناوبردنی چەند جۆرێک لە خولقاوەکانی تریش، لەبەرانبەریشدا فەلسەفەیەکی پێچەوانەی تر هەیە کە مرۆڤ وا نابینێت زیادە و تایبەتمەندییەکی ببێت بەسەر خولقاوەکانی تردا، مرۆڤیش هەر خولقاوێکە وەک ئەو ملیۆنەها خولقاوانەی تر و هیچی تر، ئەی ئیسلام چۆن سەیری پەیوەندیەکانی ئەم مرۆڤە بە گەردوونەوە ئەکات؟

دیدی ئیسلام بۆ ئەو پەیوەندیە سروشتیەی مرۆڤ بە گەردوونەوە هەیەتی سەرەتا لەسەر ئیمان و بیردۆزەیەک دائەمەزرێت و لە کۆتاییشدا کۆمەڵێک یاسا دائەنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ بە ئاژەڵ و زەوی و سەرچاوە سرووشتیەکانەوە. یەکەمین شتێک کە سەرنجی توێژەر رائەکێشێت لەباسی ئەم فەلسەفەی پەیوەندی مرۆڤ و بوونەوەرەدا ئەوەیە قورئان هاوسەنگی سەلماندووە، خوا رێزی لە ئەم مرۆڤە ناوە و جیای کردووەتەوە لە هەموو خولقاوەکانی تر: {وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلا} (الإسراء:٧٠)، بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووەو بەسەر وشکانی و دەریادا (بە جۆرەها هۆکاری گواستنەوە) هەڵمان گرتوون و لە ڕزق و ڕۆزی پوخت و چاکی جۆراو جۆر بەهرەوەرمان کردوون (لە خۆراک و پۆشاک و ماڵ و ناوماڵ و .. هتد) بەڕاستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدیهێنراوانەدا کە دروستمان کردوون (لە هەموو ڕوویەکەوە، تا قەدرو ڕێزی خۆیان بزانن). پاشان خوا ئەم گەردوونەی رامهێناوە بۆ مرۆڤ تا سوودی لێ ببینێت و پارێزگاریشي لێ بکات: {اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَكُمْ وَسَخَّرَ لَكُمُ الْفُلْكَ لِتَجْرِيَ فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَسَخَّرَ لَكُمُ الْأَنْهَارَ - وَسَخَّرَ لَكُمُ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ دَائِبَيْنِ وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ}(إبراهيم: 32-33) خوا ئەو زاتەیە کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە، لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە بەهۆیەوە بەروبوومی لە ناخی زەوی بۆ ئێوە دەرهێناوە، هەروەها کەشتی لە دەریادا بۆ ئێوە بارهێناوە تا فەرمانی ئەو زاتە بڕوات بەسەریەوە، هەروەها ڕووبارەکانیشی بۆ ڕامکردوون (کە جۆرەها سوودیان هەیە بۆتان)، خۆر و مانگیشی بۆ ڕامهێناون کە بەردەوام لە چەرخ و خولدان، شەو و ڕۆژیشی بۆ خزمەتگوزاری ئێوە ڕامهێنا..



مرۆڤ هەر خولقاوێک نیە لەو ملیۆنەها خولقاوەی تر و هیچ تایبەتمەندیەکی نەبێت بەسەریاندا، نا، بەڵکو خولقاوێکە بەڕێز و پیرۆز، سروشتی بۆ ملکەچ کراوە تا سوودی لێ ببینێت،{هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ} (البقرة: ٢٩)، هەر ئەو زاتە هەموو شتێکی لە زەویدا بۆ ئێوە دروست کردووە، پاشان ویستی ئاسمان دروست بکات، بۆیە بە حەوت چین بەدیهێناو ڕێکیخستن، هەر خۆیشی بە هەموو شتێک زاناو ئاگادارە.

بەڵام لە بەرانبەردا قورئان پێ لەسەر ئەوە دائەگرێت کە مرۆڤ سەرداری رەهای ئەم گەردوونە نیە، چی پێخۆشە ئەوە بکات! ئەم رێز و پلە زیادەی بەسەر خولقاوەکانی تردا مافی ئەوەی ناداتێ کە گەردوون گەندەڵ بکات، سەرچاوە سروشتیەکان بەفیڕۆ بدات، خاوەنی راستەقینەی گەردوون خوای پەروەردگارە، رۆڵی مرۆڤ و پلەو پۆستەکەشی لەوەدایە کە خوای گەورە کردوویەتی بە (جێنشین) لەم گەردوونەدا، بەو مانایەی کە کردوویەتی بە راسپێردراو، مافی ئەوەی هەیە سوود لەم گەردوونە ببینێت و سوودیش بگەیەنێت، فەرمانیشی پێ کردووە تا تێبکۆشێت و پێشکەوتن و گەشە بدات بەم گەردوونە بێ ئەوەی گەندەڵی یان زەرەر بدات لە خەڵکی، یان لە هەر خولقاوێکی تر، قورئان ئەفەرموێت: {وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُجِيب} (هود: ٦١) بۆ هۆزی سەمودیش، ڀالح ی برایانمان ڕەوانە کرد، وتی: ئەی خزمەکانم گوێڕایەڵی خوای گەورە بکەن جگە لەو زاتە هیچ خوایەکی ترتان نیە، ئەو بەرپای کردوون لە زەویداو داوای لێکردوون کە ئاوەدانی بکەنەوە، جا کەوابوو داوای لێ خۆشبوونی لێ بکەن پاشان بگەرێنەوە بۆ لای و فەرمانەکانی بەجێ بهێنن، چونکە بەڕاستی پەروەردگاری من زۆر نزیکە و نزا وەرگرە (لەو کەسانەی لێی دەپاڕێنەوە و داوای لێخۆشبوونی لێدەکەن).

هەر قورئان ئەفەرموێت:{وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً} (البقرة: ٣٠) ئەی محمد! باسی ئەوە بکە لە دێرین زەماندا) پەروەردگارت بە فریشتەکانی وت: بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێک دابنێم (بۆ ئاوەدانی و دینداری)، فریشتەکان وتیان: ئایا کەسێکی تیادا دەکەیتە جێنشین کە خراپەو تاوانی تیادا بچێنێت و خوێنڕێژی تێدا ئەنجام بدات؟! لەکاتێکدا ئێمە تەسبیحات و سوپاس و ستایشت دەکەین و قەدرو ڕێزی تۆ چاک دەزانین و بەدوورت دەگرین لەو شتانەی شایستەی تۆ نین، (لەوەڵامیاندا) خوا فەرمووی: بێگومان ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم.

شەریعەتی ئیسلامیش بۆ سەلماندنی ئەمە سەدان یاسا و رێنمایی دوور و درێژی بڕیارداوە، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەو پەیوەندیە بەهێزەی نێوان مرۆڤ و گەردوونی چواردەوری بکات، بۆنمونە:

## ١. گرنگیدان بە ئاژەڵ:

فەرمایشتێکی زۆر لە پێغەمبەر موحەممەدەوە هاتووە-سەلامی خوای لێبێت- خەڵکی بانگ ئەکات تا مافەکانی ئاژەڵ بپارێزن، پاداشتێکی زۆری قیامەتیش باس ئەکات بۆ چاکەکردن لەگەڵ ئاژەڵاندا، رێگری لەوەش ئەکات کە ئازاریان پێ بگەیەنرێت، توندترین سزای خوایش دائەنێ بۆ ئەوانەی ئازار بە ئاژەڵ ئەگەیەنن.

لەکاتێکدا کە یەکەمین کۆمەڵەیەک کە دروستکرا بۆ ئەوەی گرنگی بە ئاژەڵان بدات لە بەریتانیا بوو لە ساڵی ١٨٢٤، بەناوی کۆمەڵەی پادشایی بۆ مافەکانی ئاژەڵان، یەکەمین یاسایەکیش کە لەم سەردەمە تازانەدا زانرابێت و سزای لەسەر ئەوانە دابنێت کە ئازار بە ئاژەڵان ئەگەیەنن لە بەریتانیا و لە ساڵی ١٩٤٩ ی زاییندا دەرچووە، دەی ئیسلام پێش زیاتر لە چواردە سەدە حەرامیکردووە ئازار بە ئاژەڵ بگەیەنیت و سزایشی لەسەر داناوە، نمونەیەکی زۆر و جۆراوجۆریش لەو دەقانە هەیە کە لە موحەممەدی پێغەمبەرەوە -سەلامی خوای لێبێت- وەرگیراوە، وەک قەدەغەکردنی برسیکردنی ئاژەڵ، یان شکەنجەدانی، یان لە توانای خۆی زیاتر باری لێ بنێیت، یان بەشێوەیەک یاری لەگەڵ بکەی ئەو ئازاری پێ بگات، یان تەنانەت بدەی لە دەم و رووی، و ئەو جۆرە شتانە، کە ئەو یاسایانە بە روونی لە فیقهی ئیسلامیدا بە درێژی باس کراون.

لەوانەیە خوێنەر دەرک بەو مەوداوە گەورەیە بکات کە ئیسلام چەندە گرنگی بە نەرم و نیانی داوە بە ئاژەڵان کاتێک ئەو فەرمایشتەی موحەممەد پێغەمبەر- سەلامی خوای لێبێت- ئەبینێ کە هەواڵ بە خەڵکی ئەدات و ئەفەرموێ: ئافرەتێک کە پیشەی لەشفرۆشی بوو-کە لەشفرۆشی لە ئیسلامدا یەکێکە لە حەرامە گەورەکان- سەگێکی بینی خەریک بوو لە برساندا ئەتۆپی، بەزەیی بە حاڵیدا هاتەوە، پێڵاوەکانی پێی داکەند و لە بیرێک پڕی کردن لە ئاو، پاشان سەگەکەی ئاو دا، خواش بە هۆی ئەو کارەوە ئافرەتەکەی بەخشی! وەک پێشەوا بوخاری ئەڵێ: «بينما كلب يُطِيفُ بِرَكِيَّةٍ، كاد يقتله العطش، إذ رأته بغي من بغايا بني إسرائيل، فنزعت موقها فسقته فغفر لها به» (البخاري ٣٢٨٠).

سەگێک بە دەوری بیرێکدا ئەسوڕایەوە تینوێتی خەریک بوو ئەیکوشت، ئافرەتێکی لەشفرۆشی بەنی ئیسرائیلی بینی پێڵاوەکانی داکەندو ئاوی سەگەکەی دا و خواش لەبەر ئەوە بەخشی..

> گرنگیدان بە ژینگە و بەشداریکردن لە پاککردنەوەیدا لە پیسی بەشێکە لە ئیمانی راستەقینە وەک پێغەمبەری ئیسلام ئەیلێت.





یەکەمین یاسا سزای لەسەر ئەوانە دابنێت کە ئازار بە ئاژەڵان ئەگەیەنن لە بەریتانیا و لە ساڵی١٩٤٩ ی زایینی دەرچووە

یەکەمین کۆمەڵەیەک کە دروستکرا بۆ ئەوەی گرنگی بە ئاژەڵان بدات لە بەریتانیا بوو لە ساڵی(١٨٢٤) زایین.

دەی ئیسلام لە ساڵی٦٣٢ی زاییندا حەرامیکردووە ئازار بە ئاژەڵ بگەیەنیت، یان زیاد لە توانای خۆی باری لێ بنێیت، یان بە شێوەیەک یاری لەگەڵدا بکەی کە ئازاری پێ بگات

## ٢. گرنگیدان بە رووەکەکان:

ئیسلام هانی خەڵکی داوە تا گرنگی بدەن بە رووەک و کشتوکاڵ، جا ئیتر لەبەر بەرژەوەندی خۆی بێت، یان لەبەر خەڵکی تر و خولقاوی تر بێت لەم گەردوونە گەورەیەدا بێت

نمونەیەک لەوانە: موحەممەد-سەلامی خوای لێبێت- هەواڵی ئەوەمان پێ ئەدات کە هەر کەسێک شتێ بروێنێت، یان بەشداری رواندنی رووەکێک بکات کە سوود بە زیندەوەران بگەیەنێت، جا ئیتر باڵندەیەک لێی بخوات، یان مرۆڤێک، یان ئاژەڵێک، ئەوەی بۆ ئەبێتە خێر، وەک پێشەوا بوخاری ئەڵێت: «ما من مسلم يغرس غرسا، أو يزرع زرعا، فيأكل منه طير أو إنسان أو بهيمة، إلا كان له به صدقة» (البخاري ٢١٩٥).

نەک ئەمە، بەڵکو پێغەمبەری بەرێز موسڵمان بانگ ئەکات بۆ ئەوەی کە تەنانەت لە تاریکترین و سەختترین هەلومەرجیشدا نابێ کەمتەرخەمی بکات لە پاراستنی ژینگەدا، ئەبێ زەوی پێش بخات و گەشەی پێ بدات بە سەوزکردنی، تەنانەت ئەگەر دڵنیاش بوو لەوەی کەس سوودی لێ نابینێت! ئەوەتا ئەفەرموێ: ئەگەر قیامەت هات-کە گەورەترین رووداوی گەردوونە- و یەکێک لە ئێوە نەمامێکی بەدەستەوە بوو، ئەوە ئەرکی سەرشانیەتی تا ئەتوانێ بچێت بینێژێت تا بۆی ببێتە چاکەیەک..وەک پێشەوا ئەحمەد ئەڵێ: «إن قامت الساعة وبيد أحدكم فسيلة، فإن استطاع أن لا يقوم حتى يغرسها فليفعل» (أحمد ١٢٩٨١).

ئیسلام ئاوەدانکردنەوەی زەوی و پێشخستنی بە یەکێک لە عیبادەتەکان و مەبەستە گەورەکانی شەریعەت ئەزانێ، تەنانەت لە تاریکترین هەلومەرجیشدا، نابێ هیچ شتێک لەو مەبەستە لایبدات چەندە ئەو شتە گەورە بێت.

**٣. گرنگیدان بە سەرچاوەکانی سروشت:**

ئیسلام پێ لەسەر پاراستنی سروشت و بە فیڕۆنەدانی سەرچاوەکانی دادەگرێت، نایەڵێت سروشت پیس بکرێت یان وێران بکرێت، بۆ ئەمەش بەرنامەیەکی تێر و تەواوی داناوە بۆ خەڵکی، بە پێڕەو لەو بنەمایەی کە ئەڵێ (پاراستن پێش چارەسەرکردن)، نمونە بۆ ئەمە: پێداگرتن لەسەر پاکوخاوێنی کەسەکان خۆیان و گرنگیدان بە درێژەی ئەو بەرنامەیە، پاراستنی سەرچاوە سروشتیەکان، میانەیی لە بەکارهێنانیدا، سزادانان لەسەر ئەوانەی سروشت پیس ئەکەن، یان وێرانی ئەکەن، بۆ نمونە:

- ئیسلام ئەوەی حەرام کردووە کە زیادەڕۆیی بکرێت لە بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکاندا، لەسەروو هەموویانەوە بەکارهێنانی ئاو، لە دەستنوێژهەڵگرتندا با مەبەستیشت عیبادەتکردن بێت بۆ خوای پەروەردگار، (دەستنوێژ بریتیە لە شۆردنی هەندێک لە ئەندامانی لەش پێش ئەوەی بچیتە ناو نوێژ)
- ڕێگرتن لەوانەی کە خاوەن هێز و دەسەڵاتن تا سەرچاوە سروشتیەکان قۆرخ نەکەن کە ئەبێتە زیان بۆ خەڵکی تر، قۆرخکردنی ئاوی حەرام کردووە(وەک نمونەیەک بۆ سەرچاوە سروشتیەکان) هەروەها ئاگر(وەک نمونەیەک بۆ ووزە)، هەروەها لەوەڕ(وەک نمونەیەک بۆ خۆراک) (أبو داود ٣٤٧٧).
- ڕێگری کردووە لە هەموو ئەو شتانەی کە ژینگە وێران ئەکەن لە چوار دەورمان، بۆنمونە ڕێگری لەوە کراوە کە میز بکرێتە ئاوی وەستاو، چونکە پیسی ئەکات، یان سەرئاوکردن لە سێبەردا، یان لە سەرە ڕێگادا، چونکە ئەوانەی بە ڕێگای گشتی خەڵکی داناوە، یان بە شوێنی گشتی داناوە بۆ حەوانەوەی ڕێبواران لە ماندوویەتی سەفەر و هیلاکی ڕۆیشتن بە ڕێگادا.

ئەمانە تەنیا چەند نمونەیەکی کەمن کە سەیر نیە لە ئاییندا باسیان کرابێت کە پێغەمبەرە بەڕێزەکەی پاککردنەوەی ژینگە لە شتی پیس و بەشداریکردن لە چاککردن و پاککردنەوەی ڕێگا لە شەخەڵ، نەک هەر بەکارێکی چاکە دائەنێت، بەڵکو بە بەشێکیش لە ئیمانی راستەقینە ئەزانێت(مسلم:٣٥).

## ئایینی زانست:

ئەوە بە ڕێکەوت و هەڕەمە نەبووە کە یەکەم وشەیەک لە ئاسمانەوە دابەزیوە بۆ پێغەمبەر-سەلامی خوای لێبێت- بریتی بووە لە وشەی(اقرأ)-بخوێنە!-، بە دڵنیاییەوە دووپاتکردنەوەیەکی زۆر لە قورئانی پیرۆز و لە قسەکانی موحەممەد پێغەمبەردا -سەلامی خوای لێبێت- کراوە، سەبارەت بە پشتیوانیکردنی ئیسلام لە هەموو جۆرە زانستێک کە سوود بگەیەنێت بە مرۆڤایەتی، تا ئەوەندەی کە ئەو ڕێگەیەی موسڵمانی پێدا ئەڕوات بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری هەر ئەو ڕێگەیە ئەیبات بۆ ناو بەهەشت!وەک پێغەمبەر-سەلامی خوای لێبێت-



ئەفەرموێ: «من سلك طريقا يلتمس فيه علمًا، سهل الله له به طريقًا إلى الجنة» (مسلم ٢٦٩٩). هەرکەسێک ڕێگەیەک بگرێتەبەر بۆ ئەوەی زانستی لێوە وەربگرێت ئەوە خوا ئەو ڕێگەیەی بۆ ئاسان ئەکات تا لێوەی بچێتە بەهەشت.

پێغەمبەری بەڕێز بەراوردێکی سەیر ئەکات لە نێوان زانا و نەزاندا، ڕێزی ئەوەی زانایە ئەدات بەسەر ئەوەدا کە دائەبڕێ لە خەڵک و خۆی بۆ عیبادەت یەکلا ئەکاتەوە، وەک ئەفەرموێ: «فضل العالم على العابد كفضلي على أدناكم» (الترمذي ٢٦٨٥)، ڕێزی ئەوەی زانایە بەسەر ئەوەدا کە دائەبڕێ لە خەڵک و خۆی بۆ عیبادەت یەکلا ئەکاتەوە وەک ڕێزی من وایە بەسەر نزمترینی ناوتانا.. یانی ڕێزی زانا وەک ڕێزی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزەیە بەسەر ئەو کەسدا کە کەمترین چاکەی هەیە بەسەر خەڵکیەوە.

لەبەر ئەمەیە کە ئیسلام وا نابینێت کە زانست و ئایین شەڕ بە یەک بفرۆشن، وەک لە ئایینەکانی تردا ئەوە ئەبینرێت، ئیسلام دادگایی زانایان ناکات لەسەر بیروبۆچوون و داهێنانە زانستیەکانیان، وەک چۆن لە سەدە تاریکەکاندا کراوە، بەڵکو بەتەواوەتی بە پێچەوانەوەیە، دین لە کاتی خۆیدا چرا هەڵگری زانست بووە، پشتیوانی لێکردووە و خەڵکی بانگ کردووە بۆ زانست و زانیاری، هانیداون: فێربن، خەڵک فێر بکەن، مزگەوتەکان مەشخەڵی هەموو جۆرەکانی زانست و زانیاری بوون، تا خێریان بۆ مرۆڤایەتی تێدا بووبێت.

بۆیە ئەوە سەیر نیە کە زۆرینەی زاناکانی سروشت لەناو موسڵماناندا سەرەتای ژیانیان بە خوێندنی قورئان و لەبەرکردنی دەست پێکردووە و شارەزا بوون لە شەریعەت و ئاییندا و پاشان دەستیان بە داهێنان کردووە لە بوارەکان و پسپۆڕیەکانی خۆیاندا.

خوای گەورە بە دڵنیاییەوە ڕێزی زۆری ناوە لە ئەو زانایەی خەڵکی فێری خێر ئەکات، جوانترین تاجی ڕێز ئەکاتە سەری، تەنانەت پێغەمبەر-سەلامی خوای لێبێت-ئەفەرموێ: «إن الله وملائكته وأهل السموات والأرضين حتى النملة في جحرها وحتى الحوت ليصلون على معلم الناس الخير» (الترمذي ٢٦٨٥) ، خوای پەروەردگار و فریشتەکان و خەڵکی ئاسمانەکان و زەمینەکان و تەنانەت مێروولەکانیش لەناو کونەکانیاندا و ماسیەکان لەناو دەریاکاندا هەموو نزای خێر بۆ ئەوانە ئەکەن خەڵکی فێری خێر ئەکەن!

> زۆرینەی زاناکانی سروشت و پزیشکی لەناو موسڵماناندا سەرەتای ژیانیان بە خوێندنی قورئان و لەبەرکردنی دەست پێکردووە، ئەوەش هانیداون تا لە دەریای زانستەکانی تردا زیاتر قووڵ ببنەوە.

## هەندێ لە زانا موسڵمانەکان:



١. خەوارەزمی (٧٩٠-٨٥٠ بەغداد) زانایەکی بیرکار و ئەندازە و گەردوونناسە، دامەزرێنەری زانستی جەبرە، ئەو زانایە کە هەر زوو دەست بە وەرگێڕانی کتێبەکانی کرا بۆ زمانەکانی تر، بەڵکو هەندێ وشەی عەرەبیشی خستە ناو ئەو زمانانە وەک جەبر Algebra، هەروەها سفر Zero یشی داهێنا و خستیە ناو زمانە لاتینیەکانی دنیا.





٢. ئیبنولهەیسەم (٩٦٥- ١٠٤٠القاهرە) زانای فیزیک و ئەندازە، کە پەیوەست بووە بە زانکۆی ئەزهەرەوە، لە زانستەکانی (بەصرییات)دا گەورەترین بەشداری هەیە، بنەماکانی داهێنانی کامێرا ئەدرێتە پاڵ ئەم، زۆربەی توێژەران ئەوە ئەسەلمێنن کە وشەی(کامێرا) کە بڵاوبووەتەوە لەناو زۆربەی زمانەکاندا لە وشەی (قُمرە) ی عەرەبیەوە هاتووە، کە ناوە بۆ ئەو ژوورەی رووناکی تێدا کۆئەبێتەوە کە ئیبنولهەیسەم دایهێنا.



٣. ئەلبێروونی (٩٧٣-١٠٤٨ خوارەزم) زانای گەورەی فەلەکناسی، بێرونی یەکەم کەس بوو کە وتی: خۆر بەدەوری خۆیدا ئەسووڕێتەوە، هەر ئەمیش ئاماژەی بەوە داوە کە زەوی هێزی کێشکردنی هەیە.







٤. زەهراوی (٩٣٦- ١٠١٣ ئەندەلوس) پزیشک و نەشتەرگەری موسڵمان، ئەو کەسەی کە نەشتەرگەری لەسەر دەستی ئەودا پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینی، تەنانەت سەدان ئامێری نەشتەرگەری داهێنا و لە کتێبەکانیدا پێناسەیان ئەکات و ئەیانناسێنێت، کتێبەکانی سەرچاوەی سەرەکی بوون لە پزیشکی و نەشتەرگەریدا بۆ ماوەی چەند سەدە، و بە چەندین زمانیش ئەخوێنران.



٥. ئیبن سینا (٩٨٠-١٠٣٧بوخارا) کە لە ناوەندە زانستیەکاندا بە (Avicenna) ناسراوە، ئیبن سینا پزیشکێک و فەیلەسوفێکی بەناوبانگە، زۆر پێش سەردەمی خۆی کەوتووە لە ناساندن و پێناسەکردنی دیاردە پزیشکیەکان و لە چارەسەرکردنەکانیدا، هەروەها پایەی زانستی ئەزموونی زۆر بەرزکردووەتەوە بەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە پزیشکیانەی کە گەیاندوویەتی بە هەندێک ئەنجامی زۆر ورد کە پێشی سەردەمی خۆی داوەتەوە بەو بەرهەمانە و تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، ئەمە لە کتێبی (القانون)دا بە روونی رەنگی داوەتەوە، ئەو کتێبەی کە لە ئەوروپا بۆ زیاتر لە حەوت سەدە سەرچاوەی سەرەکی بوو بۆ پزیشکایەتی، و تا ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەی زایین لە زانکۆکانی ئەوروپادا ئەخوێندرا!

پاش ئەوەی کە ناوبانگی دەرکرد، ئیبن سینا - وەک هەستێکی مرۆڤدۆستانە و وەک سوپاسگوزاریەک بۆ خوای گەورە کە ئەو نیعمەتی زانست و زانیاریەی پێداوە- چارەسەری نەخۆشی بە خۆڕایی ئەکرد.



٦. ئیبن نەفیس (١٢١٣-١٢٨٨ دیمەشق) یەکێک بوو لە زانایانی فیقە و شەریعەت، لە هەمان کاتدا یەکێکە لە پزیشکە گەورەکان، لە مێژوودا پسپۆڕ بووە لە ئەرکی ئەندامەکانی جەستە (فسیۆلۆجی). بووە، ئیبن نەفیس بوو یەکەم جار بە وردی سووڕی بچوکی خوێن و ئەرکەکانی دۆزیەوە، ژمارەیەکی زۆر تیۆری پزیشکی داهێنا کە تا ئێستاش کار بە زۆرێک لەو تیۆرانە ئەکرێت.



## ئیسلام هەموو بوارەکانی ژیان ئەگرێتە خۆی:

خەڵکێ زۆر هەیە سەرسام ئەبن کاتێک کە ئەزانن ئیسلام تەنیا چەند سروت و کارو کردەوە و چەند ئاراستەیەکی ئەخلاقی گشتی نیە، وەک چۆن لە زۆرێک لە ئایینە ناسراوەکانی تردا ئەمە وایە .

لە راستیدا ئیسلام تەنیا پێویستیەکی رۆحی نیە کە موسڵمانەکان لە مزگەوتەکاندا ئەنجامی بدەن وەک نزا و نوێژکردن بۆ نمونە.

بەهەمان شێوە ئیسلام تەنیا چەند بیرۆکەیەک نیە، یان چەند بیروڕاو فەلسەفەیەک بێت تەنیا شوێنکەوتەکانی بڕوایان پێی هەبێت..

هەروەها ئیسلام تەنیا سیستەمێکی ئابووری یان ژینگەیی تێر و تەواو نیە..

دیسان ئیسلام بریتی نیە لە چەند بنەماو تیۆرێک کە کاری بونیادنانی سیستەم و کۆمەڵگە بێت..

بەهەمان شێوە ئیسلام تەنیا چەپکێک رەوشت و رەفتار نیە دانرابێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکانی تردا.

بەڵکو، ئیسلام بەرنامەیەکی تێر و تەواوە بۆ هەموو بوارەکانی ژیان، بە هەموو رەهەند و ئاسۆکانیدا، ئیسلام هەموو ئەوانەیە و جگە لەوانەشە، لەگەڵ ئەمەشدا ئیسلام کەس پێوەند ناکات و بە ئەندازەی ئەوەی کە کارئاسانی بۆ ئەکات لە ژیاندا، تا هەرچی هەوڵی هەیە چڕی بکاتەوە بۆ داهێنان و بونیادنان و شارستانی دروست کردن، ئیسلام یەکێکە لە نیعمەتە گەورەکانی خوا کە داویەتی بە بەندەکانی وەک خوای گەورە لە قورئاندا ئەفەرموێ:{الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا} (المائدة: ٣). واتە: من ئەمڕۆ ئایینەکەتانم بۆ تێرو تەواوکردن و نیعمەتی خۆشم بەسەرتاندا ڕشت و رازیم بەوەی کە ئیسلام بکەنە رێبازی ژیانتان.

> ئیسلام بەرنامەیەکی تێر و تەواوە بۆ هەموو سێکتەرەکانی ژیان، بە هەموو دووری و ئاسۆکانیەوە.





کاتێک یەکێک لە ناموسڵمانەکان -بە گاڵتەپێکردنەوە- بە یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەری ووت-کە ناوی سەلمانی فارسی بوو- پێی ووت: هاوەڵەکەتان (مەبەستی پێغەمبەر بوو) فێری هەموو شتێکی کردوون تەنانەت چۆنێتی میزکردن و پیساییکردنیش؟ ئەو هاوەڵە بەرێزە ووتی: بەڵێ، هەموو شتێکی فێر کردووین، پاشان باسی یاساکانی ئیسلامی بۆ کردن سەبارەت بەو کارە (مسلم ٢٦٢).

## دونیا و دوارۆژ:

میسریە کۆنەکان مردوویان مۆمیا ئەکرد، پاشان هەموو سامانە بەنرخەکانیان لەگەڵیدا ئەخستە گۆڕ، گومانیان وابوو بۆ ئەو دونیا پێویستی تێی ئەکەوێت.

لە بەرانبەر ئەماندا هەندێ خێڵ هەبوون لە تیبت مردووەکانیان لەتوپەت ئەکرد و لە چەند شوێنێکی بەرزدا دایان ئەنا تا باڵندە و گۆشتخۆرەکان بیخۆن، تا ئێستاش هیندیەکان جەستەی مردووەکانیان ئەسووتێنن، چونکە بڕوایان وایە کە ئەوە باشترین رێگەیە بۆ رزگارکردنی رۆحی ئەو مردووانە.

ئەمانە تەنیا چەند نمونەیەکی کەمن بۆ چەند سرووتێکی ئایینی بۆ عەزاداری و بەرێکردنی مردوو، کە ئەم سرووتانە لە شوێن و کاتی جیاوازدا و بە پێی ئایین و بیرو باوەڕی خەڵکی سەبارەت بە ژیانی دوای مردن پێڕەو کراوە، ئەمانە چەند دیاردەیەک بوون وەک وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە قوڵەی کە ئەڵێ: ئایا دوای مردن ژیان هەیە؟ سروشتی ئەو ژیانە چۆنە؟ ئێمە لەوێدا پێویستمان بە چی هەیە؟

مردن ئەو راستیە گەورەیە کە هەموو یەکران لەسەرئەوەی هەموو خەڵکی چاوەڕوانی ئەکات، بەبێ هەڵاوێرانی کەس لێی، ئیتر ئیمانمان بە ژیانی دواى مردن هەبێت، یان هەژمارەکانمان تەنیا لە سنووری ئەو شتانەدا بێت کە ئەیانبینین و بەردەستمان ئەکەوێت.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مردن راستیەکی گەورەیە کە هەموومان چاوەڕوانی هاتنی ئەکەین، بێ هەڵاوێرکردنی کەس لە مردن، ئیتر بڕوامان بە ژیانێکی تر ببێت یان هەرچی هەژمارمان هەیە سنووردار بکەین لە ئەو شتانەدا کە ئەیانبینین، یان بە هەستەکانمان هەستیان پێئەکەن.. ئیتر ئەوە یەکسانە، ئامادە بین بۆ ئەو ساتە چارەنووسیە، یان لە هەوڵی ئەوەدا بین کە لەبیری خۆمانی ببەینەوە و خۆمانی لێ گێل بکەین بە سەرگەرمی و یاریکردن..

ئەو پرسیارە هەر ئەمێنێتەوەو بەرەنگار ئەبێتەوە لەگەڵ بێئاگایی و لەبیرخۆبردنەوەدا و خۆی فەرز ئەکات جار لە دواى جار لە ئەو کاتانەدا کە مرۆڤ هەڵوێستە ئەکات لەگەڵ خۆیدا.. ئایا مردن کۆتاییە و ئیتر هیچی تر نیە؟ ئایا بوونی ئێمە شتێکی بێ مانایە؟

ئەم پرسیارە فشار ئەخاتە سەر ژیرمان جار دواى جار، قورئانیش چەند بارەی ئەکاتەوە بە شێوازی جیاواز جیاواز، لە هەمان کاتدا هەر قورئان هەواڵی ئەوەشمان ئەداتێ کە زۆرێک لە رۆژی دواییدا پەشیمان ئەبنەوەو پەنجەیان ئەگەزن لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ زاتی خۆیاندا هەڵوێستەیان نەکردووە تا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە و خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەو سەفەرە، ئا لەو کاتەدا هەندێک ئەڵێن: {يَا لَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي} (الفجر: ٢٤) خۆزگە منیش بۆ ژیانم شتێکم پێش خۆم بخستایە..یەکێکی تر ئەڵێ: {يَا لَيْتَنِي كُنتُ تُرَابًا} (النبأ:٤٠) خۆزگە منیش ببومایەتەوە بە خۆڵ.

ئەوەی زانراوە کە هەموو خاوەن ئایینە ئاسمانیەکان بڕوایان بە ژیانی دواڕۆژ هەیە، بڕوایان بە سزا و پاداشت هەیە لەو رۆژەدا، چونکە ئەو کرۆکی پەیامی هەموو پێغەمبەرانە-سەلامی خوایان لێبێت- هەروەها عەقڵیش ئەم چەمکە گەواهیە ئەدات کە نە ژیان و نە ئایین و نە مرۆڤ مانایەکی نیە ئەگەر دواڕۆژێک نەبێت و لێپرسینەوەیەکی تێدا نەبێت، کە هەموو مرۆڤێک مافی خۆی وەربگرێتەوە بە چاکە، یان بە خراپە.

لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ کەس وا گومان ئەبات کە ئایین و عیبادەت ناتوانرێت کۆبکرێتەوە لەگەڵ ماڵ پەیداکردن و چێژبردن لە ژیان و گەشەدان بە ژیان! کارکردن ئەبێ یان بۆ دونیا بێت، یان بۆ دواڕۆژ بێت، ناتوانرێت لە یەک کاتدا هەردوکیان پێکەوە

هەموو خاوەن ئایینە ئاسمانیەکان ئیمانیان بە ژیانی دواى مردن هەیە، بەوشێوەیەش بڕوایان بە سزا و پاداشتی دواى مردن هەیە.



کۆبکرێتەوە، وەک چۆن شەو و رۆژ پێکەوە کۆنابێتەوە، ساتەکان یان لێرەن، یان لەوێن.

سەرسڕمانیان کۆتایی پێنایەت، نەک ئەوە بەڵکو زۆر قورسە لایان بڕوا بەوە بکەن کە ئەو پەردەیە لە نێوان عیبادەت و چێژبردندا هەیە بۆ نمونە، یان ئەو پەردەیەی لە نێوان عیبادەت و سامان پێکەوەناندا هەیە بە هیچ شێوەیەک لە ئیسلامدا بوونی نیە.. پێغەمبەری بەڕێزیش موحەممەد –سەلامی خوای لێبێت- هەواڵی ئەوەمان پێ ئەدات ئەگەر مرۆڤ کاری دروست بکات لە هەر بوارێکدا بێت و مەبەستی چاکە بێت، ئەوە پاداشت ئەدرێتەوە لەسەر ئەو چاکەیەی لە رۆژی دواییدا، تەنانەت ئەگەر لابردنی درکێکیش بێت لەسەر رێگەی خەڵکیدا، یان لوقمەیەکیش بێت بیکات بە دەمی ژنەکەیەوە! (البخاری: ٥٦).

کاتێک کە موحەممەد پێغەمبەر -سەلامی خوای لێبێت-هەواڵی ئەوەی دا بە هاوەڵەکانی کە دەرگاکانی چاکەکردن هەمە جۆرن و نایەنە هەژمار، نمونەی بە شتێک هێنایەوە کە هاوەڵەکانی تووشی شۆک کرد، ئەوە بوو فەرمووی: ( ئەگەر یەکێک لە ئێوە حەزەکانی خۆی لەگەڵ ژنەکەیدا جێبەجێ کرد ئەوە خوا چاکەی بۆ ئەنووسێت، هاوەڵەکانی عەرزیان کرد: دەی پاداشت پەیوەندی چییە بە ئارەزووتێرکردنەوە؟ پێغەمبەری بەڕێز فەرمووی: ئەی ئەگەر ئارەزووی خۆی بە حەرام تێر بکات گوناهی لەسەر نانووسرێت، وتیان: با.. فەرمووی: دەی بۆ هەڵبژاردنی رێگەی حەڵاڵ و دروستیش هەر وایە و خێری بۆ ئەنووسرێت. (مسلم ١٠٠٦).

هەر لەبەر ئەمەیە ئەو کەسەی کە لە سەرەتاوە ئاشنا ئەبێت بە ئیسلام ئەو هاوسەنگیەی ئیسلام سەرنجی رائەکێشێت کە لە نێوان ژیانی دونیا و دواڕۆژدا دروستی ئەکات وەک چۆن قورئان وێنای ئەکات، لەو ساتەی کە هانی خەڵکی ئەدات کە عیبادەت بکەن بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا پاداشت وەربگرن لەسەری، هانیشیان ئەدات تا تێبکۆشن بۆ دونیا بۆ ئەوەی سامان پێکەوە بنێن، خوا ئەفەرموێ: }يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ • فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ{ (الجمعة ٩–١٠) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! کاتێ کە بانگ درا بۆ نوێژ لە رۆژی هەینیدا، ئێوە بە پەلە بچن بەدەم یادی خواوە و واز لە کڕین و فرۆشتن بهێنن، چونکە ئەو کارەتان چاکترە بۆتان ئەگەر بزانن و تێبگەن. جا کاتێک نوێژ تەواو بوو، ئەوە بڵاو ببنەوە بەزەویدا و بەتەمای بەخششی خوا هەوڵ و کۆشش بدەن، یادی خوا زۆر بکەن لە هەموو چالاکیەکانی ژیاندا با ناوی ئەو زاتە لەسەر زارو لەناو دڵتاندا بێت، بۆ ئەوەی سەرفرازیی هەمیشەیی بەدەست بهێنن. دەی بەو کارەی بۆ دونیا شایستە ئەبێت بەوەی کرێ و پاداشتی

بدریتەوە لە دواڕۆژدا، مادامێک مەبەستی خوا بووە لەو کارەدا، موسڵمانیش فەرمانپێکراوە کە عیبادەتکردن بۆ خوا بەوە ئەبێت زۆر هەوڵبدەیت لە ئەرکە فەرمی و کارەکانی خۆیدا بۆ پەیداکردنی بژێوی و پەروەردەکردنی منداڵەکانی و گرنگیدان بە لەشساغی خۆی و ژینگەکەی و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکەی دڵسۆز بێت، بە هەمان شێوەی گرنگیدانی بە عیبادەتەکانی و نوێژ و زەکات و ڕۆژووگرتنەکانی..

ئا ئەمە یەکێکە لەو نهێنی ئارامیە دەروونی و ناخ ساغیەی کە موسڵمان لە خۆیدا ئەیبینێتەوە، لەو کاتەدا هەست بەو هاوئاهەنگیە ئەکات لە نێوان ژیان و ئاخیرەتیدا، لە نێوان چێژە دونیایی و عیبادەتەکانیدا، هەست بە زۆرانبازی و ئیزدیواجیەت ناکات، بەڵکو وەک خانوویەکی وایە کە ئەمیان ئەویتریان تەواو ئەکات و قاییمتری ئەکات.

ئا لێرەوەیە قورئان ئەو دروشمەی موسڵمان دووپات ئەکاتەوە کە ئەم فەلسەفەیەی ئیسلام کۆئەکاتەوە فەرمانی پێئەکات بە هەموو دونیادا ئەوە رابگەیەنێت کە: من نەک هەر ژیان و عیبادەتەکانم بەتەنیا بۆ خوای پەروەردگارن، بەڵکو هەموو حاڵەتەکانی ژیانم بە عیبادەت سەیر ئەکەم بۆ لای خوای پەروەردگار هەر ئەوە بڕیار ئەدات لەسەر کردەوەکانم و پاداشتم ئەداتەوە لەسەری پاش مردنم، بەو شێوە من خۆم بە پێڕەوکەری فەرمانەکانی ئەو و ئایینەکەی ئەو دائەنێم کە ئیسلامە، وەک قورئان ئەفەرموێ: {قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ • لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ} (الأنعام: ١٦٢-١٦٣). واتە: بڵێ: بەدڵنیاییەوە من نوێژەکانم و سرووتەکانم و ژیانم و مردنم هەر بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە.

> قورئان هاوسەنگی دووپات ئەکاتەوە، لەو کاتەی کە هانی خەڵکی ئەدات بۆ عیبادەت بە ئومێدی وەرگرتنی پاداشت لەسەری لە دواڕۆژدا، ئەوەش دووپات ئەکاتەوە کە مرۆڤ ئەبێ هەوڵیش بۆ دونیا بدات و بە ئومێدی ئەوەش بێت خوا پاداشتی بداتەوە لەسەر ئەمەش.






## ئیسلام ئایینی پەیوەندی و بەشداریکردنە:

پێناسەکانی گەڕیدەی موسڵمان ئەحمەدی کوڕی فەزلان بۆ بەشێکی گەورەی ڕوسیا و دانیمارک و دەوڵەتانی ئیسکەندەنافیا یەکەمین پێناسەیەکی ورد و لێکۆڵینەوەیەکی تەواوە بۆ واقیعی ژیانی ئەو خەڵک و کۆمەڵگەیانەی کە جیهان زانیویەتی دەربارەی ئەو وڵاتانە.

ئەحمەدی کوڕی فەزلان لە ساڵی٩٢١ی زایینی هەستاوە بە گەشتێکی سەیر، کە لە گرنگترین ئەو گەشتانەیە کە کراوە بۆ ئەوەی پەیوەندی شارستانی دروست بکات لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئیبن فەزلان لە بەغداوە دەرئەچێت-کە لەو ڕۆژگارەدا پایتەختی زانست و شارستانی بووە- تێئەپەڕێت بەسەر زۆرێک لە وڵاتان و میللەتانی ئەو ڕۆژگارەدا و بینین و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی دۆکۆمێنتاری ئەکات لە کتێبێکدا کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی١٩٢٣ی زایینی بڵاوکراوەتەوە لە ڕووی ڕوونووسی دەستنووسێکەوە کە لە ڕووسیادا دۆززرابوویەوە.

هۆکاری بەرگنگ بینینی ئەو کتێبەی ئیبن فەزلان وەک زانایەکی ئەمریکی بەناوی میخائیل کریکتۆن (Michael Crichton) ئەڵێ موسڵمانەکان لە بەغدادا لەگەڵ ئەوەدا زۆر پابەندبوون بە ئایینەکەیانەوە زۆر کراوەش بوون بەسەر میللەتانی دنیادا کە لەوان جیاواز بوون لە ڕووکەش و لە ئەخلاق و لە عەقیدەشدا، موسڵمانەکان لەو ڕۆژگارەدا لە هەموو کەس کەمتر هەرێمی و لۆکاڵی بوون، ئەمەش وای لێکردبوون کە شایەتێکی گەورە بن لەسەر کەلتووری میللەتانی بێگانە.

Michael Crichton (Eaters of the Dead)

ئیسلام خەڵک بۆ ئەوە بانگ ئەکات تا پێکەوە و بەبەشداری یەکتری شارستانێتی دروست بکەن و چاکسازی لە کۆمەڵگەدا بکەن و تێکەڵاوی یەکتری بکەن و پەیوەندی بن بە یەکتریەوە لە بەرزترین ئاستە ئەخلاقی و هەڵسوکوتە کۆمەڵایەتیەکاندا با کەلتوور و ئایینیشیان جیاواز بێت،

ئاگاداری ئەوەش ئەداتە خەڵکی کە دابڕان و دوورکەوتنەوە لە خەڵکی ڕێگەیەکی دروست نیە لە ئیسلامدا، بۆیە موحەممەد پێغەمبەر -سەلامی خوای لێبێت- ئەوەی ڕاگەیاندووە کە هەر موسڵمانێک تێکەڵاوی خەڵکی بکات و ئازار بگرێت لەسەر ئازار و هەڵەکانیان لەوەی تر باشترە کە دائەبڕێت لە خەڵکی و لێیان دوور ئەکەوێتەوە، وەک ( فەرموودەکەی ئیبن ماجە: ٤٠٣٢) ئەفەرموێ: ( المؤمن الذي يخالط الناس، ويصبر على أذاهم، أعظم أجرا من المؤمن الذي لا يخالط الناس، ولا يصبر على أذاهم).

ئیسلام

ئیسلام ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە بڕواهێنانی تیۆری بەس نیە بۆ ئەوەی بچیتە ناو بازنەی ئیمانەوە، کە بڕوات وایە خوای خولقێنەر یەک خوایە، کەواتە ئەبێ ئەو خوایەش کە ئەیپەرستی هەر یەک خوا بێت.



## یەک خولقێنەر.. یەک پەرستراو

وشەی(الله) لە زمانی عەرەبیدا سێ مانای کۆکراوە لە خۆی ئەگرێت:

- ئەم وشە یانی خوا ئەو کەسەیە کە خەڵکی ئەیپەرستن و دڵسۆزانە نوێژ و ڕۆژووی بۆ ئەکەن و ڕووی دڵیانی تێئەکەن و هەموو عیبادەتەکانی بۆ ئەنجام ئەدەن.
- مانای ئەوەی تێدایە کە ئەو پەرستراوە: مەزن و گەورەیە، لە زات و لە سیفات و لە شکۆیدا، بە شێوەیەک کە عەقڵەکان تووشی شۆک ئەکات و ناتوانن بەتەواوی لێی تێبگەن.
- خوا ئەو زاتەیە کە دڵەکان پەیوەست ئەبن پێوەی و دەروونەکان تینوو ئەبن بۆی و بەیادی ئەو گەشئەبنەوە و چێژ لە نزیکایەتی ئەو و عیبادەتکردن بۆ ئەو ئەبەن.

قورئان ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە ئەبێ بۆچوون دەربارەی (الله) ڕاست بکرێتەوە، ئەو بۆچوونە ڕزگار بکرێت لە هەموو لادان و درۆ و دەلەسەیەک کە لە شکۆ و گەورەیی خوا -جل جلاله-کەم ئەکاتەوە..

(الله) وەک قورئان ڕوونی ئەکاتەوە بریتیە لە: خولقێنەر و داهێنەری ئەم بوونەوەرە و ئەو سیستەمە وردەیە کە بوونەوەری لەسەر ئەڕوات، هەرچی هەیە لەم بوونەوەرەدا لە گەورەو بچوک هەر ئەو خولقاندوونی و بە ویست و نەخشە و زانیاری ئەو هاتوونەتە بوون، هیچ مێینەیەک نیە لەناو هەموو خولقاوە جۆربەجۆرەکاندا خوا ئاگای لەوە نەبێت چی هەڵگرتووە چی ئەبێت، دڵۆپە ئاوێک ناباریٚ بە زانیاری ئەو و ویستی ئەو نەبێت، هیچ گۆڕانێک لە شەو و ڕۆژدا، یان لە ئاشکرا و پەنهاندا لە هیچ شوێنێکی ئەم



قورئان ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە هەرچی شت هەیە بە زانیاری و بە دەسەڵاتی ئەو ڕوودەدەن، تەنانەت هاتنەخوارەوەی دڵۆپە ئاوەکان و وەرینی گەڵای دارەکانیش.



ڕوونترین بابەت لە ئیسلامدا ئەوەیە کە پێویستە بە دڵسۆزیەوە عیبادەتی خوا بکرێت و تەنیا بۆ ئەو ئەنجام بدرێت نەک بۆجگە لە ئەو، ئەم بابەتەش گەوهەری پەیامی هەموو پێغەمبەران بووە وەک قورئان دووپاتی کردووەتەوە.

بوونەوەرەدا ڕوونادات و خوا بە سۆز و زانیاری و دەسەڵاتی خۆی دەوری نەدات.. وەک ئەفەرموێ: {إِلَيْهِ يُرَدُّ عِلْمُ السَّاعَةِ وَمَا تَخْرُجُ مِنْ ثَمَرَاتٍ مِنْ أَكْمَامِهَا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنْثَى وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِه وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ شُرَكَائِي قَالُوا آذَنَّاكَ مَا مِنَّا مِنْ شَهِيد (٤٧) وَضَلَّ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَدْعُونَ مِنْ قَبْلُ وَظَنُّوا مَا لَهُمْ مِنْ مَحِيصٍ (٤٨)}(فصلت٤٧–٤٨)، زانینی بەرپابوونی ڕۆژی قیامەت تەنها لای خوایە و بۆ لای ئەو دەبرێتەوە، هەرچی بەر و بووم تۆوێک لە خونچە و چرۆکەیەوە چەکەرە دەکات خوا ئاگادارە لێی، هیچ مێینەیەک سکی نابێت و بەچکە و بەرهەمەکەی دانانێت تەنها بە ئاگاداری خوا نەبێت، (ئا بەو شێوەیە خوا دەسەڵاتەکانی خۆی دەخاتە بەرچاو)، کەچی زۆربەی خەڵکی قەدری نازانن، ئەو ڕۆژەش کە بانگیان دەکات و لێیان دەپرسێت: کوان هاوەڵ و هاوتاکانم؟! ئەوانەیش لە وەڵامدا دەڵێن: پەروەردگارا، ئێمە هەواڵت دەدەینێ و جاڕ دەدەین کە کەسمان هەڵەی وانایەت بە دەمماندا و شایەتی لەسەر شتی وانادەین. هەروەها ئەفەرموێ: {وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ} (الأنعام ٥٩). کلیلی هەموو شاراوەکان و زانینی هەموو نهێنیەکان بەدەست خوایە و هەر لای ئەوە، کەس نایانزانێت جگە لەو زاتە، هەرچی لەسەر وشکانیە (لە گیاندارو بێ گیان و گیاو دارو زیندەوەرانی وردو درشت لەسەر زەوی و لە توێی خاکدا) خوا پێی دەزانێت، هەروەها هەرچی لە دەریاکانیشدا هەیە (لە زیندەوەری هەمەجۆرو ماسی سەیرو سەمەرە) ئاگای لێیەتی و هیچ گەڵایەک ناکەوێتە خوارەوە خوا پێی نەزانێت، هەروەها دەنکێک یان تۆوێک لە تاریکایەکانی زەویدا نیە، ئەو دەنکە چ شێدار بێت یان وشک بێت، هیچ شتێک نیە لە خوا پەنهان بێت و لە (لوح المحفوظ) دا، یاخود لە دۆسیە و دەزگای تایبەتیدا تۆمار نەکرابێت.

خوای گەورە-سبحانە و تعالی- خاوەنی هەموو سیفەتێکی جوان و تێروتەواوە، خوا ئەو زاتە بەهێزەیە کە کەس ناتوانێ زاڵ ببێت بەسەریدا، ئەو زاتە بەسۆزەیە کە سۆزی ڕشتووە بەسەر هەموو شتێکدا، ئەو زاتە گەورەیە کە بە هیچ شێوەیەک کەم و کورتی ڕووی تێناکات.

ئەوەتا کاتێک هەندێ کەس بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە خوا ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروست کردووە و لە ڕۆژی حەوتەمدا حەساوەتەوە، قورئان ئەم بوختانە ڕەت ئەکاتەوەو و بەڕوونی ئەفەرموێ: {وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِنْ لُغُوبٍ} (أي تعب) (ق: ٣٨)

بەڕاستی ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لەنێوانیاندا هەیە بەشەش ڕۆژ دروستمان کردوون، هیچ ماندویەتیەکیش ڕوی تێ نەکردین .

هەر ئەو خوایە دادوەری دادپەروەرە، کە بە ئەندازەی مسقاڵە زەڕەیەکیش ستەم ناکات، ئەوەشی لەم ژیانەدا ئەیبینین ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە خوا چەندە دانا و بەسۆزە، وەک چۆن منالێکی بچوک لە هەندێ لە هەڵسوکەوتی باوک و دایکی تێناگات و ناتوانێ تەفسیرێکی دروستی بکات لەبەر ئەوەی جیاوازی بیرکردنەوە زۆرە لە نێوانیاندا، بەهەمان شێوە هەندێ جار عەقڵی مرۆڤ دەرک بە هەندێ لەو حیکمەتانە ناکات لە هەندێ کار و لە هەندێ خولقاوی خوادا هەن.

ئیسلام بەوە واز ناهێنێت کە دووپاتی ئەوە ئەکاتەوە کە بڕواهێنانی تیۆری بەس نیە بۆ ئەوەی بچیتە ناو بازنەی ئیمانەوە، کە بڕوات وایە خوای خولقێنەر یەک خوایە کەواتە ئەبێ ئەو خوایەش کە ئەیپەرستی هەر یەک خوا بێت، هەروەها ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە دروست نیە عیبادەتی کەسی تر بکەی، یان جگە لە خوا کەسی تر بانگ بکەی و هانای بۆ بەری، بەڵکو ئەبێ بێ غەل و غەشانە و بەبێ نێوەند و تکاکار عیبادەتەکان بۆ ئەو خوایە بکەی، خوای خولقێنەر لەوە بەرزتر و گەورەترە.

ئەگەر پادشایەک یان سەرۆکێک لە دونیادا توانای ئەوەی نەبێت لە پێداویستی خەڵکی هەژار و لاواز بگات و لە ڕێگەی یاریدەدەر و نزیکەکانیەوە نەبێت نەتوانێت بگاتە ئەو کەسانە و ئاگادار ببێت لە حاڵ و گوزەرانیان و هاوکاریان پێ بگەیەنێت و دەستیان بگرێت، بەڵام خوای گەورە ئاگای لە ئاشکرا و لە نهێنی هەیە، خوا خاوەندار و بەهێز و بە توانایە، هەموو بوونەوەر بەدەستی ئەوەو ئەو هەڵیئەسووڕێنێت، کاروباری خواش بە شێوەیەکە ئەگەر ویستی شتێکی کرد هەر ئەوەندەیە پێی ئەفەرموێ: ببە، ئەویش ئیتر ئەبێت.. کەواتە بۆچی رووبکرێتە جگە لە ئەو؟

قورئان ئەوەش ئەسەلمێنێ کە ئارامبوونەوەی دڵ و گوشادبوونی سنگ روونادات و تێروتەواو نابێت تا موسڵمان پەنا نەبات بۆ خوا و هەرچی پێویستی خۆی هەیە نەیخاتە بەردەستی خوا، هەر ئەو خوایە کە گەورەیە و بەندەکانی خۆی خۆشئەوێت و بە لوتفە بەرانبەریان و لێیانەوە نزیکە و خۆشی دەرئەبڕێ کاتێک بەندەیەکی هاواری لێ ئەکات و رێزیان لێئەگرێت و پاداشتیان ئەداتەوە بە ئەندازەی ئەو هانابردنەیان بۆ خواو ملکەچبوونیان بۆی، قورئان ئەفەرموێ: {كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَكُنْتُمْ أَمْوَاتًا فَأَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ} (البقرة ٢٨) (خەڵکینە!)، چۆن بێ بڕوا دەبن بە خوا لەکاتێکدا ئێوە بێ گیان بوون (لە توێی خاکدا) خوا (دروستی کردوون) و گیانی بەبەردا کردن، پاشان دەتانمرێنێت و دوایی زیندووتان دەکاتەوە، ئەوسا هەر بۆ لای ئەویش دەبرێنەوە.



هەروەها ئەفەرموێ: {أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَإِلَٰهٌ مَعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ • أَمَّنْ يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَنْ يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ أَإِلَٰهٌ مَعَ اللَّهِ تَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ} (النمل ٦٢-٦٣) ئایا کێیە جگە لە زاتی پەروەردگار کە بێت بە هانا و هاواری لێقەوماو و بێ دەرەتان و بێ داڵدەوە، کاتێک نزا دەکات و لێی دەپارێتەوە، ئەوسا بەڵاو ناخۆشیەکان لادەبات و دەتانکاتە نیشتەجێ و جێنشین لە زەویدا، ئایا ڕەوایە لەگەڵ ئەو زاتەدا خوای تر هەبێت؟! کەمێک یاداوەری وەربگرن و تێفکرن و بیربکەنەوە.

هەر لەبەر ئەمەیە کە رۆشنترین بابەت لە ئیسلامدا ئەوەیە کە ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە تەنیا عیبادەت بۆ خوا بکات نەک کەسی تر، وەک ئەفەرموێ:{وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُمْ مَنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُمْ مَنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ} (النحل: ٣٦) بەدڵنیاییەوە ئێمە لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانەکردووە و پێمان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێت: تەنها خوا بپەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر، جا هەبوو لەو خەڵکە (کە بیرو هۆش و ژیری خۆی خستەکارو بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕا) خوایش هیدایەتی دەدا، هەشیان بوو خۆی شایستەی گومڕایی دەکردو بەسەریدا دەچەسپا، کەوابوو بگەڕێن بەسەر زەویداو سەرنج بدەن، بزانن چۆن بوو سەرەنجامی ئەو کەسانەی بڕوایان بە بەرنامەی ئێمە نەبوو.

باشە کەسێک دڵسۆزانە رووبکاتە خوا، چۆن چێژ لە کامەرانی و هۆگربوون بە خواوە نابات؟! ئەو کەسە نە پەرت ئەبێت و نە هەڵبەزو دابەز ئەکات، خاوەندار هەر یەکە و خولقێنەر هەر یەکە و پەرستراو هەر یەکە، بۆیە پەنابردن و رووکردنیشمان هەر ئەبێ تەنیا لەوبێ-سبحانە و تعالی- نەک جگە لەو.

ئائەمە مانای سوورەتێکی کورتی قورئانە کە یەکێکە لە سوورەتە گەورەکانی قورئان، کە ناوی سوورەتی ئیخلاصە.

## سورەتی ئەلئیخلاص

خوا فەرمان ئەکات بە پێغەمبەرەکەی کە موحەممەدە ئەوە رابگەیەنێت زۆر بەروونی، وەک ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئەپرسێ: ئەڵڵا کێیە؟

- خوا تاک و تەنیایە و هاوبەشی نیە لە عیبادەتکردندا.
- خوا ئەو کەسەیە کە پشتی پێ ئەبەسترێت و هەموو خولقاوەکان هانای بۆ ئەبەن و داوای پێویستیەکانی خۆیانی لێ ئەکەن.
- ئەو خوایە دوورە لەوەی منداڵی هەبێت، یان لە یەکێک بوو بێت، ئەو خوایە ئەو یەکەمەیە کە پێش ئەو هیچ شتێک نەبووە.
- خوا هیچ هاوشێوەیەکی نیە، هیچ شتێکیش لەو ناچێت نە لە زاتیدا و نە لە سیفەتەکانیدا، چوون ئەو خودایە خولقێنەرە و هەرچی جگە لە ئەو هەیە خولقێنراوە.






**لە نێوان یاسای سروشت و یاسای شەرعدا**

خوای گەورە ئەم بوونەوەرەی تێیدا ئەژین لە گەردیلەیەکی بچوکی ناو لەشمانەوە بیگرە تا ئەگاتە دوورترین گالاکسی-کە ئامێرەکانی چاودێری توانیویەتی دەریبخات-بە شێوەیەکی زۆر وردەکارانە دروستی کردووە، و هەموو یەکتری تەواو ئەکەن و یەک سیستەمی سەرسوورهێنەر پێکەوە ئەنێن، کە ژیان و سروشت بێ ئەو سیستەمە بوونیان نامێنێت، زانایانی سروشت ئەوە دووپات ئەکەنەوە کە کەمترین لەیەکترازان لە سیستەمی ئەم بوونەوەرەدا بێ هیچ گومانێک سەر ئەکێشێت بۆ کاولبوون و وێرانکاری..

موسڵمانیش بڕوای بەوە هەیە کە ئەو خولقێنەرەی ئەم بوونەوەرەی بەو وردەکاریە سەیر و قاییمکاریەوە داهێناوە، هەر ئەویش ئەزانێت چاکترین بەرنامە بۆ ئەم خولقاوانە دابنێت، ئیتر یاسا و تەشریعات بێت یان بڕیار و سیستەمەکانی ژیان بێت، ئایینیش کە شەریعەتی ئەوە بریتیە لەو تاکە سیستەمەی کە ژیانی مرۆڤایەتی پێ جوان ئەکرێت، مرۆڤایەتی پێ رزگار ئەکرێت لە زاڵکردنی لایەک بەسەر لایەکی تردا..خوا لە قورئاندا ئەمەی بە روونی باس کردووەو سەلماندوویەتی کە ئەوەی ئەم بوونەوەر و مرۆڤەی خولقاندووە لە هەموو کەس باشتر ئەزانێ چ شتێک بەرژەوەندیەکانی ئەم مرۆڤ و بوونەوەرە ئەپارێزێت، وەک ئەفەرموێ: {أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ} (الملك: ١٤). ئەرێ ئەوەی کە خولقاندوونی باشتر نازانێ(چی باشە و چی خراپە)، کە ئەو زاناو ئاگاداریشە..



## کەهەنووت لە ئیسلامدا نیە

ئەبینین هەندێ لە ئایینەکان چەند تایبەتمەندیەک ئەدەن بە هەندێ کەس و باویان ئەدەن بەسەر ئەوانی تردا، عیبادەتی خەڵک و بڕوای خەڵک ئەبەستنەوە بە ڕەزامەندی و ڕێگەپێدانی ئەو کەسانەوە، ئەو کەسانە-بە حسێبی ئەو ئایینانە- ناوەندن لە نێوان ئەوان و خوادا، ئەوان ئەتوانن لێبووردن دەربکەن بۆ خەڵکی، وادەرئەخەن کە نادیار ئەزانن-وەک لەبیروڕایاندا هەیە- واش لە خەڵکی ئەگەیەنن کە سەرپێچیان بکەی خەسارۆمەند ئەبی. قورئان ئەفەرموێ: {وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ}، (یونس:١٨) (بێ باوەڕان و خوانەناسان) شتێک دەپەرستن لەجیاتی خوا نە زیانیان پێدەگەیەنێت و نە قازانج، دەشڵێن: ئا ئەو بت و شتانە تکا کارمانن لای خوا، پێیان بڵێ ئەی محمد: باشە ئایا ئێوە خوا ئاگادار دەکەنەوە بەشتێک کە لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەبێت و خوا نەیزانێت؟! پاک و بێگەردە بەرزو بڵندە دوورە لەو شتانەی کە نەفامان دەیکەن بەهاوەڵی.

لە ئیسلامدا هەر لە بناغەوە ئەرک و پۆستێک نیە کە پێی بوترێت پیاوانی دین، ئیسلام ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە و پلەی بەرزکردووەتەوە، ڕزگاری کردووە لە هەر دەسەڵاتێکی ڕۆحی کە ببێتە نێوەند لە نێوان خوا و خەڵکدا، ئەوەی پووچکردووەتەوە کە کامەرانی مرۆڤ یان تۆبە و عیبادەتی پەیوەند بێت بە چەند کەسێکی تایبەتەوە، با ئەو کەسانە زۆر بەڕێز و زۆر چاکیش بن.

بە هەمان شێوە خوا خەڵکی لەوەش ڕزگار کردووە کە کەسانێک بانگەشەی ئەوە بکەن ئەوان دەسەڵاتێکی زانستیان هەیە زانستی ئایینی تایبەتە بە ئەوانەوە و کەسی تر بۆی نیە قسە لەسەر ئایین بکات ئەوان نەبێت، کەچی قورئان ئەبینین کە ئەکە هەر وەرگرتنی زانستی ئایینی کردووە بە ماف بۆ هەموو مرۆڤەکان، بەڵکو کردوویەتی بە ئەرکیش بەسەر شانیانەوە، ئەوەتا قورئان فەرمان بە هەموو موسڵمانان ئەکات کە قورئان بخوێننەوەو لێی تێبگەن و لە ماناکای ڕامێنن و پێڕەوی لێبکەن، قورئان ئەفەرموێ:{كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ} (سورة ص: ٢٩)، ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامانبەزاندووە بۆ لای تۆ، بۆ ئەوەی ئایەتەکانی لێک بدەنەوە و بیری لێ بکەنەوە و بۆ ئەوەی خاوەن بیرو هۆشەکان پەند و ئامۆژگاری وەربگرن و تێفکرن.

عیبادەت و ئیمان لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاریدایە، کەس پلەی ئەوەی پێنەدراوە کە ببێتە نێوەند لەو ناوەدا، نەخێر، خوا نزیکە لە بەندەکانیەوە، نزای هەموو عەبدێک ئەبیسێت و وەڵامی ئەداتەوە و عیبادەتەکانی و نوێژەکانی ئەبینێت و پاداشتی ئەداتەوە، هیچ مرۆڤێک دەسەڵاتی ئەوەی نیە کە لێبووردن بۆ خەڵکی دەربکات و ئیمزا لەسەر تۆبەی خەڵکی بکات! عەبد کەی تۆبەی کرد و بێ غەل و غەش ڕووی کردە خوا، خوا تۆبەشی وەرئەگرێت و لێشی



ئەبوورێت، خوا لە هەمووانەوە نزیکە، کە نزا ئەکەن و ڕوو ئەکەنە خوای خۆیان، وەک قورئان ئەفەرموێ: {وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ} (البقرة: ١٨٦)، ئەی محمد! ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە، بە هاناو هاواری دۆعا گۆیانەوە دەچم هەر کاتێک لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێن و باوەڕی دامەزراو بە من بهێنن، بۆ ئەوەی ڕێگای هۆشیاری و ئاگایی بگرنەبەر (بۆ بەدەستهێنانی سەربەرزی و سەرفرازی هەردوو جیهان).

> قورئان ئەوە ئەسەلمێنێت کە خوا لە هەمووانەوە نزیکە هەر کاتێک ویستیان ڕووی تێبکەن و داوای شتی لێ بکەن.



### ئایا ڕێوڕەسمی تایبەت هەیە بۆ چوونە ناو ئیسلام؟

ڕێوڕەسمی ئاڵۆز بۆ هاتنە ناو ئیسلام دانەنراوە بۆ کەسێک کە قەناعەت بە ئیسلام ئەهێنێت و ئەیەوێت موسڵمان ببێت، ئەوە بە مەرج دانەنراوە لە شوێنێکی تایبەتدا بێت یان بە ئامادەبوونی هەندێ کەسی تایبەت بێت، بەڵکو تەنیا ئەوەندە بەسە هەرکاتێک ویستی موسڵمان ببێت شایەتمانێک بهێنێت و لە ماناکانی تێبگات و مل بۆ ئەرکەکانی ئەو شایەتمانە کەچ بکات، شایەتمانیش بریتیە لە:

- أشهد أن لا إله إلا الله (یانی شایەتی ئەدەم و بڕوا ئەکەم کە هیچ پەرستراوێکی بەڕاست نیە جگە لە-الله- و تەنیا ئەو ئەپەرستم کە هیچ هاوبەشێکی نیە)
- وأشهد أن محمداً رسول الله (یانی شایەتی ئەدەم کە موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە بۆ سەر هەموو مرۆڤەکان نێردراوە، بە گوێی هەموو فەرمانەکانی ئەکەم، لە هەموو ئەو شتانەش دوور ئەکەومەوە کە ئەو ڕێگری لێکردووە، بڕیار ئەدەم خوا بەو شێوەیە بپەرستم کە شەرعەکەی ئەو و سوونەتەکانی پێغەمبەر دیاریان کردووە).



# پێغەمبەران لە راستیدا کێن؟

خوا خەڵکی دروستکردووە بۆ ئەوەی عیبادەتی ئەو بکەن، پێغەمبەرانیشی ناردووە بۆ لایان تا شەرعی خوایان فێر بکات، و ئایینی خوایان بیربخاتەوە، ئەم پێغەمبەرانە کار بۆ چاککردنی خەڵکی و دونیای خەڵکی ئەکەن، ئەبنە پێشەنگێکی باش بۆ میللەتەکانیان، بەگژ لاداندا ئەچنەوەو خەڵکی بانگ ئەکەن بۆ رێگەی دروست و چاکە، تا خەڵکی هیچ بیانوویەکی نەمێنێت بۆ ئامێزکردنەوە بۆ ئایینی خوا..
کەواتە راستەقینەیی پێغەمبەران چییە؟

## مرۆڤبوونی پێغەمبەران:

قورئان لە زۆرێک لە ئایەتەکانیدا ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە پێغەمبەران هەموو مرۆڤ بوون، خوا تایبەتی کردوون بە نیگا و پەیامی خۆیەوە، لەگەڵ بوونی لێکچوونی مرۆڤانەمان لەگەڵ پێغەمبەراندا بەڵام ئەوان پلەیەکی بەرزتریان بەسەر ئێمەدا هەیە لە رووی ناخپاکی و لە رووی خۆڕاگرییەوە، بە شێوەیەک کە خوا هەڵیانئەبژێرێت بۆ ئەوەی پەیامی خوا و ئایینی خوا هەڵگرن و بیخوێننەوە بۆ مرۆڤەکان، وەک خوای گەورە ئەفەرموێ :{قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ{ (الكهف: ١١٠)، بڵێ من تەنیا مرۆڤێکم وەک ئێوە، نیگای خوام بۆ هاتووە..

کەواتە پێغەمبەران هەموو مرۆڤن، لەدایک ئەبن وەک چۆن هەموو مرۆڤەکان لە دایک ئەبن، ئەمرن وەک چۆن مرۆڤەکانی تر ئەمرن، وەک ئەوانیش نەخۆش ئەکەون، هیچ جیاوازیەکیان لە رووی بونیاد و لە رووی پێداویستیە جەستەییەکانەوە نیە..

هیچ بەشێکی خوایەتیان تێدا نیە، چونکە خوایەتی تەنیا هی خوای تاک و تەنیایە، پێغەمبەران مرۆڤن و نیگای خوایان بۆ دێت، یانی فەرمانی خوایان بۆ دێت لە رێگەی فریشتەوە، یان لە رێگەی تایبەتی ترەوە.

میللەتە پێشوەکان سەریان لە بابەتی نیگای خوایی سڕئەما، خوا ئەم سەرسڕمانەیان پووچ ئەکاتەوە و بۆیان روون ئەکاتەوە کە ئەوە هیچ پاساوێکی نیە، چونکە ئەوە رێگەی گونجاوە بۆ گەیاندنی هیدایەتی خوایی و رێنماییەکانی بە خولقاوەکانی، وەک ئەفەرموێ: {أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَا إِلَى رَجُلٍ مِنْهُمْ أَنْ أَنْذِرِ النَّاسَ وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِنْدَ رَبِّهِمْ قَالَ الْكَافِرُونَ إِنَّ هَذَا لَسَاحِرٌ مُبِينٌ} (يونس: ٢)، ئایا چ سەرسڕمانێکی بۆ خەڵکی تێدایە کە وەحی و نیگامان نارد بۆ پیاوێک لە خۆیان کە: خەڵکی بێدار بکەرەوە و دایان بچڵەکێنە (تا خواناس و خواپەرست بن) و مژدە بدە بە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە کە بێگومان پلەو پایەی بەرزو بڵندیان بۆ هەیە لای پەروەردگاریان وتیان: بە ڕاستی ئەم (محمد ناوە) جادووگەرێکی ئاشکرایە.

## میانڕەوی لە پلەوپایەی پێغەمبەراندا:

خوای گەورە لە باشترین دروستکراوەکانی خۆی پێغەمبەران هەڵدەبژێرێت تا شان بدەنە ژێر پەیامی ئەو، ئەوان مرۆڤن و لە پلەیەکی بەرزی مرۆڤایەتیدان وەک خۆڕاگری و وەک ناخ باشی، قورئان وەصفی پێغەمبەران ئەکات بەوەی کەسانێکی بەرچاورۆشنن، چاکەکارن، خۆیان چاکن، هەڵبژاردەن، فەزڵیان بەسەر هەموو جیهاندا هەیە، خوای گەورە ئەفەرموێ: { وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ كُلًّا هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِنْ قَبْلُ وَمِنْ ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَى وَهَارُونَ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ • وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَى وَعِيسَى وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِنَ الصَّالِحِينَ • وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ • وَمِنْ آبَائِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَإِخْوَانِهِمْ وَاجْتَبَيْنَاهُمْ وَهَدَيْنَاهُمْ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ{(الأنعام: ٨٤- ٨٧) (لەوەودوا) (ئیسحاق) و (یەعقوب) مان پێبەخشی(بە ئیبراهیم)، هەریەک لەوانمان رێنموویی کرد، پێشتریش (نوح)مان رێنموویی کردبوو، لە نەوەکانی (ترى ئیبراهیم) (داود) و (سلیمان) و (ئەیوب) و (یوسف) و (موسا) و (هاروون) (هاتنە دنیاوە) و بوونە ڕابەرو چاوساغ بۆ خەڵکی) ئا بەو شێوەیە پاداشتی چاکەخوازان دەدەینەوە (نەوەی چاکو پاک و خواناسیان پێدەبەخشین). (هەروەها) (زەکەریا) و (یەحیا) و (عیسا) و (ئیلیاس) هەر هەموویان لە پاک و چاکان بوون. (ئیسماعیل) و (یەسەع) و (یونس) و (لوت)یش ( لە هیدایەتدراو و پێغەمبەران بوون) هەریەکە لەوانیشمان رێزدارکرد بەسەر هەموو خەڵکی جیهانی (سەردەمی خۆیاندا).

هەروەها هەندێک لە باوانیان و نەوەکانیان و براکانیانمان هەڵبژاردو هیدایەت و رێنموویمان کردن بۆ رێگەو رێبازی ڕاست و دروست.

> قورئان ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە پێغەمبەران هەموویان مرۆڤن و خوا تایبەتی کردوون بە نیگای خۆی و ئایینی خۆیەوە.

ئەگەر یەکێک لەو پێغەمبەرانە بکەونە ناو هەڵەیەکەوە ئەوە خوا پشتیوانی لێ ناکات، بەڵکو ئاگاداری ئەکاتەوە تا بگەڕێتەوە لەو هەڵەیە و تۆبەی لێ بکات، ئەو هەڵانەش بە هۆی ئیجتیهادکردنەوە رووئەدەن، نەک سنووربەزاندن و دەستئەنقەست بێت بۆ ئەو شتانەی خوا ئەیەوێن.

بەم شێوەیە ئەبینین قورئان وەسفێکی وردی پێغەمبەران ئەکات، کە نە زیادەڕۆیی تێدایە و نە لە پلەشیان کەم ئەکاتەوە، پێغەمبەران دوورن لە گوناهی گەورە، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤن و خواوەند نین، منداڵی خواوەندیش نین، هیچ تایبەتمەندیەکی خواوەند و خولقێنەریشیان تێدا نیە.

یەکێ لە ئەو شتانەی ئەمە روونئەکاتەوە ئەو گفتوگۆیەیە کە لە رۆژی دواییدا رووئەدات و قورئان ئەیگێڕێتەوە بۆ ئەوەی بەریبوونی عیسا بسەلمێنی-سەلامی خوای لێبێت-لە ئەو عیبادەتانەی بۆ ئەویان ئەکرد، قورئان ئەفەرموێ: {وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِنْ كُنْتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنْتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ - مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ وَكُنْتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنْتَ أَنْتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنْتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ} (المائدة: ١١٦- ١١٧).

کاتێکیش خوا (هەر لە قیامەتدا) فەرمووی: ئەی عیسای کوڕی مەریەم، ئایا ئەوە تۆ بە خەڵکیت وتوە: منیش و دایکیشم بە دوو خوا دابنێن لە خوار خوای پەروەردگارەوە؟ عیسا لە وەڵامدا وتی: پاکی و بێگەردی و بێ هاوەڵی شایستەی تۆیە، بۆم نیە من شتێک بڵێم بۆ خۆم کە مافی من نەبێت؟! (چۆن) حەق بەخۆم دەدەم شتی وا بێت بە زارمدا؟!)



خۆ ئەگەر شتی وام وتبێت ئەوە بەڕاستی تۆ دەیزانیت و لێت شاراوە نیە، چونکە تۆ دەزانیت هەرچی لە دڵ و دەروونمدا هەیە، بەڵام من نازانم بەوەی کە لە دەریای عیلم و زانستی بێ پایانی تۆدا هەیە، چونکە بەڕاستی هەر تۆ زانا و شارەزای نهێنی و پەنهانی. (بێگومان تۆ چاک دەزانیت): من هیچ شتێکم پێ نەوتوون جگە لەوەی کە تۆ فەرمانت پێداوم، ئەویش ئەوەیە: تەنها خوا بپەرستن کە پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەشە و من شایەت بووم بەسەریانەوە تا لەناویاندا بووم، ئینجا کاتێک منت مران و گیانت کێشام، ئیتر ئەوە هەر خۆت چاودێر و ئاگادار بوویت لێیان و هەر تۆش شایەتیت بەسەر هەموو شتێکەوە.

> هەموو ئەوانەی شارەزا ئەبن لە قورئان بۆیان روون ئەبێتەوە کە ژمارەیەک لە سوورەتەکانی (واتە بەشەکانی قورئان) بە ناوی پێغەمبەرانەوە ناونراوون، وەک ئیبراهیم، یوسف، نەک ئەوە بەڵکو خوا سورەتێکی قورئانیشی بەناوی مەریەمی پاک و پاکیزەوە کە دایکی عیسایە ناوبردووە-سەلامی خوای لێبێت-



### هەڵوێستی ئیسلام لە پێغەمبەران:

هەندێ کەس وا گومان ئەبەن کە قورئان هەمووی چیرۆک و سەرگوزەشتەی موحەممەد پێغەمبەرە-سەلامی خوای لێبێت-، تووشی شۆک ئەبن کە ئەبینن قورئان باسی عیسای-سەلامی خوای لێبێت- زۆر بەرێزەوە کردووە و بە گەورە بۆی روانیوە، لە هەموو ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی لە (٢٥) شوێندا بەدووری گرتووە، ناوی موساشی(١٣٦) جار بردووە، لەگەڵ ئەوەدا تەنیا(٥) جار ناوی موحەممەدی بردووە!

لەکاتێکدا زۆربەی ئایینەکانی تر دان بە جگە لە پێغەمبەرەکانی خۆیاندا نانێن، هەیە دوژمنایەتی پێغەمبەرانی تریش ئەکات، ئەوەی قورئان بخوێنێتەوە ئەوە ئەبینێت کە لە زۆر ئایەتدا ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە کەس موسڵمان نابێت تا دان بە پێغەمبەرایەتی هەموو پێغەمبەراندا نەنێت، هەرکەس بڕوا بە بە یەکێک لە پێغەمبەران نەکات، یان گومان لە راستی پەیامەکەی بکات، یان بە ناهەقی تۆمەتباری بکات، ئەوە کافر ئەبێت و لە ئیسلام ئەچێتە دەرەوە، بۆیە قورئان ئەوە ساغ ئەکاتەوە کە هەم پێغەمبەر و هەم بڕوادارانیش هەموو بڕوایان بەو پەیامانە هەیە کە لە خواوە دابەزیوون بۆ پێغەمبەران، ئەوان بڕوایان بە خوا و فریشتەکان و پەیامە ئاسمانیەکان هەیە و جیاوازی ناکەن لە نێوانیاندا، قورئان ئەفەرموێ: {آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ} (البقرة: ٢٨٥).پێغەمبەرو ئیمانداران باوەڕیان هەیە بەوەی لە لایەن پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوارەوە، هەموویان باوەڕیان هەیە بە خواو فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی (دەڵێن) هیچ جۆرە جیاوازیەک ناکەین لە نێوان هیچ پێغەمبەرێ لە پێغەمبەرەکانی، خواdا (لە باوەڕدا)، هەروەها وتیان: گوێڕایەڵ و ملکەچین (بۆ بەدیهێنەرمان).. پەروەردگارا! لێخۆشبوونی تۆمان دەوێت و سەرئەنجام هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە.



# هەڵوێستی ئیسلام لە عیسا -سەلامی خوای لێبێت-

عیسا -سەلامی خوای لێبێت-یەکێکە لە کەسایەتیە گرنگەکانی مێژوو، یەکێکە لە گەورەترین ئەو کەسانەی خێری زۆری پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە، خەڵکی لە بەرانبەریدا هەڵوێستی جیاوازیان وەرگرتووە، هەیە بردوویانەتە پلەی خوایەتی، یان پلەی منداڵی خوا، کەسانی تر هەن دژایەتیان کردووەو بە ناهەق تۆمەتباریان کردووە و بە کەم وکووڕ سەیریان کردووە، کەواتە هەڵوێستی ئیسلام لە عیسا-سەلامی خوای لێبێت- چییە؟

١ عیسا یەکێکە لە پێغەمبەرە مەزنەکان- سەلامی خوای لێبێت:-

قورئان ئەوە زۆر دووپات ئەکاتەوە کە عیسا –سەلامی خوای لێبێت- یەکێکە لە پێغەمبەرە مەزنەکانی خوای گەورە، و پلەی بەرزی لای خوا هەیە، مەریەمی دایکیشی صیدیقەیە و خواناس و خواپەرستێکی گەورەی پەروەردگاریەتی، ئافرەتێکی داوێن پاکە و کچێکی پارێزراوە، بە قودرەتی خوای گەورە دووگیان بووە بە عیساوە-سەلامی خوای لێبێت- بە بێ باوک، خوا بە موعجیزەیەکی هەتاهەتایی دروستی کردووە، وەک چۆن ئادەمی دروست کردووە بەبێ دایک و باوک، وەک خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی عیسا موعجیزەیەکی هەتاهەتاییە وەک چۆن ئادەمی دروست کردووە بەبێ دایک و باوک، بە قودرەتی و هێزی خۆی، چونکە خوا بەهەر شتێکی فەرموو ببە، یەکسەر ئەبێت، قورئان ئەفەرموێ: {إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِنْدَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ} (آل عمران: ٥٩). واتە: لە راستیدا نموونەی عیسا لای خوا وەک نموونەی دروستکردنی ئادەم وایە کە لە خۆڵ دروستی کرد، پاشان پێی فەرموو: ببە بە ئادەم! ئەویش بوو.

٢ موسڵمان بڕوای بە موعجیزەکانی عیسا هەیە:

بەهەمان شێوە موسڵمان بڕوای بە موعجیزەکانی عیسا-علیه السلام- هەیە کە خوا لەسەر دەستی ئەودا ئەنجامی داون، وەک چاککردنەوەی بەڵەکی و کوێری و زیندووکردنەوەی مردوو، هەواڵی ئەدا بەخەڵکی لە ماڵەکانیاندا چی ئەخۆن و چیان پاشەکەوت کردووە، هەموو ئەوانە بە ئیزنی خوا ئەیکردن، خوای گەورە ئەوانەی بۆ کردبووبە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر کە ئەو راست ئەکات و پێغەمبەری خودایە و پەیامی ئەوی بۆ هێناون.

٣ خوا کتێبێکی پیرۆزی ناردوە بۆی کە ئینجیلە:

قورئان ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە خوای گەورە یەکێک لە کتێبە گەورەکانی خۆی –کە ئینجیلە- ناردووە بۆ عیسا کە رێنمایی تێدایە بۆ خەڵکی، رووناکی و میهری لە خۆگرتووە، هەروەها ئینجیل بەتێپەڕبوونی مێژوو دەستی لادان و تەفسیری نارەوای پێگەیشتووە.

٤ عیسا مرۆڤێکە و خوا نیە:

ئیسلام ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە عیسا-سەلامی خوای لێبێت- مرۆڤێکە و نەوەی ئادەمە، خوا رێزی رشتووە بەسەریدا و ناردوویەتی بۆ لای نەوەکانی ئیسرائیل، چەندین موعجیزەشی لەسەر دەستی ئەودا ئەنجام داوە، هیچ تایبەتمەندیەکی خوای تێدا نیە، وەک خوای گەورە لە قورئاندا ئەیفەرموێ: عیسا هیچ نیە ئەوە نەبێت کە بەندەیەکی چاکی خوایە و نیعمەتی خۆمان رشتووە بەسەریدا و موعجیزەمان پێداوە تا ببێتە بەڵگە بۆ قەومەکەی دەستیان بگرێت بۆ خێر، قورئان ئەفەرموێ: {إِنْ هُوَ إِلَّا عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ وَجَعَلْنَاهُ مَثَلًا لِبَنِي إِسْرَائِيلَ} (الزخرف: ٥٩)، ئەو عیسایە



تەنها بەندەیەکی ئێمە بوو کە نازو نیعمەتی پێغەمبەرایەتیمان پێبەخشی و کردمانە نموونەیەکی چاک بۆ نەوەی ئیسرائیل تا شوێنی بکەون.

٥ عیسا لە خاچ نەدراوە، بەڵکو بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان:

عیسا لە دیدی ئیسلامدا نەکوژراوە و لە خاچیش نەدراوە، بەڵکو بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان، بابەتەکەش ئەوەیە کە دوژمنەکانی ویستیان بیکوژن خوای گەورە شێوەی ئەوی خستەسەر یەکێکی تر، ئەوەبوو بوو بە لێکچوویەکی عیسا-سەلامی خوای لێبێت- هاتن ئەویان کوشت و لە خاچیان داو واگومانیان برد کە ئەوە عیسایە-علیه السلام-، بەڵام لە راستیدا عیسا خوا بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان بە زیندوویی، وەک قورئان ئەمە ئەسەلمێنێت و ئەفەرموێ: {وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا • بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا}(النساء: ١٥٧–١٥٨)، بە هۆی ئەو قسەیەشیان کە دەیانوت بە ڕاستی ئێمە مەسیح پێغەمبەری خوا عیسای کوڕی مەریەممان کوشتووە، کەچی لەڕاستیدا نە کوشتوویانەو نە لە قەنارەو خاچیان داوە، بەڵکو لێیان تێکچووە و (کەسێکی تریان کوشتووە لە بری ئەو)، بەڕاستی ئەوانەی کە بیرو بۆچوونی جیاوازیان لەو کێشەیەدا هەیە، خۆشیان لە گوماندان تیایدا و ئەوانە هیچ زانستێکی ڕاستیان نیە لەو بارەیەوە، جگە لە شوێنکەوتنی گومان نەبێت و بەدڵنیاییەوە (دەڵێین) کە نەیانکوشتووە بۆیان نەکوژراوە. نەخێر، بەڵکو خوا بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی، خوا هەمیشەو بەردەوام باڵادەست و دانایە.





## درەختی پێغەمبەران:

پێغەمبەرەکانی خوا زۆرن، ئەمانە بەناوبانگترینیانن-سەلامی خوایان لێبێت-:

ئادەم:

باوکی هەموو مرۆڤەکانە، خوا لە گڵ دروستی کردووە، داوای کردووە کە فریشتەکان کڕنۆشی بۆ ببەن، لە بەهەشتەوە دایبەزاندووە بۆ سەرزەوی.

نوح:

قەومەکەی بانگکرد بۆ لای خوا، کەچی ئەوان کافر بوون، خواش بە تۆفان لەناوی بردن، خوا  بە بۆنەی کەشتیەوە نوح و ئەوانەی رزگار کرد کە بڕوایان هێنا بوو.

ئیبراهیم:

باوکی پێغەمبەرانە، یەکێکە لە پێغەمبەرە هەرە گەورەکان، خەڵکی بۆ یەکخواپەرستی بانگ ئەکرد، ئیبراهیم یەکەم کەس بوو کەعبەی دروست کردووە کە قیبلەی موسڵمانانە.

ئیسماعیل:

کوڕی ئیبراهیمە-علیەالسلام-، هاوکاری باوکی بووە لە دروستکردنی کەعبەدا.

ئیسحاق:

ئەمیش هەر کوڕی ئیبراهیمە-علیەالسلام- پاش ئەوەی کە فریشتەکان مژدەی لەدایکبوونیان دا بە ئیبراهیمی باوکی هاتە دنیایەوە.

یەعقوب:

کوڕی ئیسحاقە-سەلامی خوای لێبێت- پێشی ئەوترێت ئیسرائیل، نەوەکانی بەنی ئیسرائیل بۆ ئەم ئەگەڕێنەوە.

یوسف:

کوڕی یەعقوبە-علیەالسلام-، تووشی بەڵا و تاقیکردنەوەی زۆر بوو، بەڵام لە پاشاندا بوو بە دەسەڵاتداری میصر.



موسا:

یەکێکە لە پێغەمبەرە هەر گەورەکان کە خوا ناردی بۆ ناو نەوەکانی ئیسرائیل، تەوراتیشی بۆ ناردە خوارەوە، پاڵپشتیشی کرد بە چەندین موعجیزە، فیرعەونی میصر بەراستی نەزانی، خوا لە دەریادا خنکاندی، موساو ئەو باوەڕدارانەی لەگەڵی بوون رزگاری کردن.

داوود:

پێغەمبەرێکی خوایە کە خوا موڵک و دەسەڵاتی دایە و زاڵی کرد لەناو قەومەکەیدا.

سولەیمان:

کوڕی داوودە-علیەالسلام-، خوا موڵک و دەسەڵاتێکی گەورەی پێدا، زۆر خولقاوی خۆیی بۆ دەستەمۆ کرد.

زەکەریا:

یەکێکە لە پێغەمبەرانی نەوەکانی ئیسرائیل، سەرپەرشتیاری مەریەمی دایکی عیسا بوو-سەلامی خوایان لێبێت-، ئەو بەرپرس بوو لە پەروەردەکردن و فێرکردنی،  لەو تەمەنە زۆرەیدا خوا کوڕێکی پێدا بەناوی یەحیا، هەرچەندە ژنەکەی نەزۆکیش بوو.

عیسا:

یەکێکە لە هەرە گەورەترین پێغەمبەرەکانی خوا، خوا بە بێ باوک  لە دایکی دروستی کرد، ئینجیلی بۆ ناردە خوارەوە، چەندین موعجیزەی پێ بەخشی.

موحەممەد:

کۆتا پێغەمبەرە، خوا بۆ هەموو مرۆڤەکانی ناردووە، ناردوویەتی تا پەیامی پێغەمبەرانی پێش خۆی بسەلمێنێت، قورئانیشی بۆ دابەزاندووە، ئەو کتێبەی کە لە پێشیەوە لە پشتیەوە ناهەقی رووی تێناکات.



# پێغەمبەری ئیسلام کێیە؟

پێغەمبەری ئیسلام ناوی موحەممەدە.. یەکێکە لە ناوە زۆر بەناوبانگ و بڵاوەکانی دنیای ئەمڕۆ، ماناکەشی یانی ئەو کەسەی کە خەڵکی سوپاسی ئەکەن و مەدحی زۆری ئەکەن لەبەر بەرزی رەوشتی و کارە باشەکانی.. کەواتە موحەممەد کێیە؟

**ناوی پێغەمبەری ئیسلام:**

موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەبدولموتەللیبی کوڕی هاشمی قورەیشی

٥٧٠-٦٣٢زایین، هەموو موسڵمانان بڕوایان وایە کە موحەممەد:

- پێغەمبەری خوایە بۆ هەموو مرۆڤ رەوانە کراوە:

خوا موحەممەدی ناردووە-سەلامی خوای لێبێت- بۆ لای هەموو مرۆڤەکان، بە هەموو رەگەز و نەژادەکانیانەوە، فەرزیشی کردووە لەسەر هەموو کەسێک کە بە گوێی بکەن، قورئان ئەفەرموێ: {قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا} (الأعراف: ١٥٨). ئەی محمد! بڵێ: ئەی خەڵکینە بەڕاستی من پێغەمبەرو فرستادەی خوام بۆ ئێوە بەگشتی.

- قورئانیشی بۆ ناردووەتە خوارەوە:

خوای گەورە قورئانی ناردووەتە خوارەوە بۆ سەر موحەممەد-علیه‌السلام-کە گەورەترین کتێبی خۆیەتی کە ناهەقی رووی تێناکات نە لە پێشیەوە و نە لە پاشیەوە.

- کۆتا پێغەمبەر و پەیامبەرانی خوایە:

خوا موحەممەدی ناردووە تا کۆتایی بە پێغەمبەرانی خۆی بهێنێت، ئیتر دوای ئەو پێغەمبەری تر نایەت، وەک لە قورئاندا ئەفەرموێ: {وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ} (الأحزاب: ٤٠). موحەممەد پێغەمبەری خوایەو دوایەمینی پێغەمبەرانە.





**گەشتێکی خێرا بەناو ژیانی پێغەمبەری ئیسلامدا-سەلامی خوای لێبێت-**

**١. لەدایکبوونی:**

لە مەککەدا کە ئەکەوێتە رۆژئاوای دوورگەی عەرەبی لە ساڵی(٥٧٠)ی زاییندا لە دایک بووە بە هەتیوی-بێ باوکی-، لە تەمەنێکی کەمیشدا دایکی لەدەست دا، عەبدولموتەللیبی باپیری بردیە لای خۆی و سەرپەرشتی ئەکرد، پاشان لە ژێر سێبەری ئەبوتالیبی مامیدا بوو تا گەورە بوو.

**٢. ژیانی و پێگەیشتنی:**

لەناو خێڵەکەیدا -کە قورەیشیان ناوبوو- چل ساڵ ژیا پێش ئەوەی ببێتە پێغەمبەر (٥٧٠-٦٠٩زایین)، لەو ماوەیەدا نمونەی رەوشتبەرزی بوو، رێک راوەستانی و تایبەتمەندی ئەو بە نمونە ئەهێنرایەوە، (راستگۆی دەستپاک) ئەو لەقەبە بوو کە پێیەوە بەناوبانگ بوو، شوانیی ئەکرد و پاشان کاری لە کایەی بازرگانیدا ئەکرد.

پێغەمبەر پێش ئیسلامیش کەسێکی بتپەرست نەبوو، بەڵکو لەسەر ئایینی ئیبراهیم خواپەرستی ئەکرد، عیبادەتی بت و کاری بتپەرستانەی پێ قەبوڵ نەبوو، لەگەڵ ئەمانەشدا نەخوێندەوار بوو، نە ئەیتوانی بنووسێت و نە ئەیتوانی بخوێنێتەوە.

**٣. بوون بە پێغەمبەر:**

پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا-علیه‌السلام- چل ساڵی تەمەنی تەواو کرد و لەو ماوەیەشدا زۆر ووردئەبوویەوە و لە ئەشکەوتی حەڕڕادا لە شاخی نووردا- کە شاخێکی نزیکە لە مەککەوە- خوای ئەپەرست و لەوێدا نیگای خوایی بۆ هات و قورئان دەستی بە دابەزین کرد، یەکەمین کۆمەڵە ئایەتێک کە دابەزی لە قورئان فەرمانی پێکرد بەناوی خواوە و پشت بەو خوایەی کە خولقاندوویەتی بخوێنێتەوە {اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ} (العلق: ١)

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە.



**٤. سەرەتای بانگەوازەکەی:**

پێغەمبەری خوا-علیه‌السلام- سەرەتا بە نهێنی بۆ ماوەی سێ ساڵ دەستی کرد بە بانگکردنی خەڵکی بۆ لای خوا، پاشان بانگەوازەکەی ئاشکرا کرد و رایگەیاند لە مەککەدا بۆ ماوەی(١٠)ساڵی تر، زۆرترین شوێنکەوتەکانی بریتی بوون لە هەژاران و خەڵکە لاوازەکە وەک شوێنکەوتەی هەموو پێغەمبەرانی تر، پێغەمبەر و شوێنکەوتەکانی لە لایەن خێڵی قورەیشەوە رووبەڕووی زۆرترین ستەم و ئەشکەنجە بوونەوە، بۆیە ئیسلامی ئەناساند بە خێڵەکانی تری دەرەوەی مەککە کە روویان لە شارەکە ئەکرد بۆ حەجکردن، ئەوەبوو خەڵکی مەدینە ئیسلامەکەیان لێوەرگرت و کۆچکردنی موسڵمانەکان بۆ مەدینە کەمەکەمە دەستی پێکرد.

**٥. کۆچکردنی پێغەمبەر:**

پێغەمبەر-علیه‌السلام-کۆچی کرد بۆ مەدینەی مونەوەرە لە ساڵی(٦٢٢زایین) کە پێش ئەو ناوی یەسریب بوو، ئەو کات تەمەنی ٥٣ ساڵ بوو، پاش ئەوەی کە سەردارانی قورەیش کەوتنە پیلانگێڕان و نەخشەی کوشتنیان بۆ دانا، لە مەدینەش (١٠)ساڵ ژیا و خەڵکی بانگ ئەکرد بۆ لای ئیسلام، فەرمانی بە خەڵکی ئەکرد نوێژ بکەن و زەکات بدەن و رەوشتیان بەرز بێت و پێڕەوی لە یاساکانی تری ئیسلام بکەن.





**٦. کاری لە بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا:**

پێغەمبەر-علیه‌السلام- ناوکی شارستانییەتێکی ئیسلامی لە مەدینەدا دامەزراند پاش ئەوەی کۆچی کرد بۆ مەدینە(٦٢٢-٦٣٢زایین)، پایەکانی کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی داکوتا، رەگەزپەرستی بۆ خێڵ هەڵوەشاندنەوە، زانستی بڵاوکردەوە لەناویاندا، بنەماکانی دادپەروەری و دامەزراوی و برایەتی و هاریکاری و سیستەمی چەسپاند، هەندێ لە خێڵەکان هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە ئیسلام لەناوبەرن، بۆیە هەندێ جەنگ و رووداو دروست بوون،، خوای گەورە ئایین و پێغەمبەری خۆی سەرکەوتوو کرد، خەڵکی روویان کردە ئیسلام و پێغەمبەر مەککەی رزگارکرد و زۆربەی شار و خێڵەکانی تری دوورگەی عەرەب هاتنە ناو ئیسلام بە ویست و قەناعەتی خۆیان بەم ئایینە مەزنە.

**٧. مردنی پێغەمبەر:**



لە مانگی صەفەری ساڵی(١١)ی کۆچیدا و پاش ئەوەی پێغەمبەر -علیه‌السلام- پەیامی خوای گەیاند بە خەڵکی و خوا نیعمەتی خۆی بە تەواوی رشت بەسەر مرۆڤایەتیدا بەوەی ئایینی گەیاندە پلەی کەماڵ، پێغەمبەر-سەلامی خوای لێبێت- تووشی تایەک بوو، نەخۆشی خست و کەوتە ناو جێگە، لە رۆژی دووشەممەی مانگی رەبیعولئەوەلی ساڵی (١١)ی کۆچی کە بەرانبەر ئەوەستێتەوە لەگەڵ (٦٣٢/٨/٦زایین)دا کۆچی دوایی کرد، ئەوکاتە تەمەنی (٦٣) ساڵ بوو، لە خانووی عائیشەی خێزانیدا ئەسپەردەی خاکیان کرد کە لە تەنیشت مزگەوتی پێغەمبەرەوە بوو.



# موحەممەدی پێغەمبەری خوا لە دیدی کەسە بەویژدانەکانەوە

هیچ کەسێکی بەویژدان نیە-ئەو کەسە هەر کەلتوورێکی هەبێت- کە چیرۆکی ژیانی موحەممەد پێغەمبەر بخوێنێتەوەو سەرنجی رانەکێشێت و سەرسام نەبێت بە درێژە و کۆی ئەم ژیانە نەمرەی، ئەوەتا فەیلەسوف و زانا و ئەدیبان لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا ئەم شایەتیە ئەدەن و لە کتێب و وتارەکانیاندا ئەمە ئەنووسن، هەندێ لەو شایەتیانە:



گاندی لە رۆژنامەی (‹1924› ،Young India)دا ئەڵێ:

ویستم سیفەتەکانی ئەو پیاوە بزانم کە دڵی ملیۆنان کەسی بێ رکابەر بۆ خۆی راکێشاوە.. قەناعەتی تەواوم بۆ دروست بوو کە بە هیچ شێوەیەک شمشێر رۆڵی نەبینیوە لە دروستکردنی ئەو پێگەی ئیسلام لەناو خەڵکدا بۆی دروست بووە، بەڵکو ئەوە بەهۆی ئەو سادەیی و وردەکاری و راستگۆییەی پێغەمبەرەوە بووە لە بەڵێنەکانیدا، هەروەها بەهۆی ئەو دڵسۆزی و خۆرەنجاندنەی بووە بۆ هاوەڵ و شوێنکەوتەکانی، بەهۆی ئەو ئازایەتی و متمانە بێ سنوورەیەوە بووە بە خوای خۆی و بەو پەیامەی هەڵیگرتبوو، ئەم سیفەتانە بوونە هۆی زەمینەسازی بۆی و کۆسپەکانی بۆ تەختکرد، نەک شمشێر! پاش تێبوورنەوەم لە بەرگی دووەمی ژیانی پێغەمبەر زۆر بە داخ بووم کە زۆرتر لەسەر ژیانی نەنووسراوە تا زیاتر و زیاتر بە ژیانی گەورەی ئەو پیاوە ئاشنا ببین.

"ویستم سیفەتەکانی ئەو پیاوە بزانم کە دڵی ملیۆنان کەسی بێ رکابەر بۆ خۆی راکێشاوە.. قەناعەتی تەواوم بۆ دروست بوو کە بە هیچ شێوەیەک شمشێر رۆڵی نەبینیوە لە دروستکردنی ئەو پێگەی ئیسلام لەناو خەڵکدا بۆی دروست بووە"

گاندی

It was the rigid simplicity, the utter self-effacement of the Prophet, the scrupulous regard for pledges, his intense devotion to his friends and followers, his intrepidity, his fearlessness, his absolute trust in God and his own mission. These and not the sword carried everything before them and surmounted every obstacle. As I do not regard any human being absolutely perfect, be he a prophet or an avatar, it is unnecessary for me to be able to explain to the censor's satisfaction every detail of the Prophet's life. It is enough for me to know that he was a man among millions who tried to walk in the fear of God died a poor man, wanted no grand mausoleum for his mortal remains and who did not forget even on his death-bed the least of his creditors.

Mahatma Gandhi, statement published i ‹Young India,› 11/ 9 1924



لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا سەبارەت بە صەد پیاوە مەزنەکەی دنیا (The 100: A Ranking of the Most Influential Persons in History), مایکڵ هارت (Michael H. Hart)

سەرەتا

بە موحەممەد دەست پێئەکات-سەلامی خوای لێبێت- و هۆی ئەمەش روون ئەکاتەوە ئەڵێ: (من کە موحەممەدم هەڵبژارد بە



یەکەمین صەد پیاوی مەزن لە مێژوودا، ئەمە هەندێک خوێنەر تووشی شۆک ئەکات بە دڵنیاییەوە، بەڵام موحەممەد تاکە کەسە لە مێژوودا کە گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە دوو ئاستی ئایینی و دونیاییدا..

My choice of Muhammad to lead the list of the world's most influential persons may surprise some readers and may be questioned by others, but he was the only man in history who was supremely successful on both the religious and secular levels.

Michael Hart in 'The 100, A Ranking of the Most Influential Persons In History,' p.33



ئەلفوس دوو لامارتاین (Alphonse de Lamartine) شاعیری بەناوبانگی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا بەناوی (تاريخ تركيا)، ئەڵێ: (مەبەستی باڵا و لاوازی کەرەسە و زۆری بەرهەم ئەم سێ شتە بلیمەتی مرۆڤ دەرئەخەن، دەی کەوا بێت کێ زاتی ئەوە ئەکات کە موحەممەد بەراورد بکات بە کام کەسە گەورەیە لە مێژوودا؟)

If the grandeur of the aim, the smallness of the means, the immensity of the results are the three measures of a man's genius, who would dare humanly compare a great man of modern history with Muhammad?

لە کتێبەکەیدا بەناوی:( Histoire de la Turquie، ج1، ێ 111 ).



فەیلە سوفی هیندی (راما کریشنا Koneru Ramakrishna Roa) ئەڵێت: (هەلومەرجەکان هەموو گۆڕانیان بەسەردا هات و موحەممەد نەگۆڕا، ئیتر لە ترۆپکی سەرکەوتندا بوایە، یان لە کاتی شکستدا بوایە، لە دەسەڵاتدا بوایە، یان لە سەختیدا بوایە، لە کاتی دەوڵەمەندیدا بوایە، یان لە کاتی هەژاریدا بوایە، ئەو پیاوە هەر هەمان پیاو بوو! هەر هەمان سیفەتەکانی خۆی هەبوو، ئەمە ویستی خواوەند بووە بۆ هەموو پێغەمبەرەکانی، کە هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت).

Circumstances changed, but the prophet of God did not. In victory or in defeat, in power or in adversity, in affluence or in indigence, he is the same man‹ disclosed the same character. Like all the ways and laws of God, Prophets of God are unchangeable.

لە کتێبەکەیدا بەناوی: Mhuhammad The Prophet of Islam، ص 24

Ramakrishna Roa, Koneru (1989). Mhuhammad The Prophet of Islam. 1st ed. Riyadh: World Assembly of Muslim Youth, p.24.



گۆتە کە گەورەترین شاعیرانی ئەڵمانیایە باسی خۆی ئەکات لەو نامەیدا کە بۆ خۆشەویستەکەی ئەینێرێت و تێیدا سەرسامی خۆی بە ئیسلام و بە موحەممەد دەرئەبڕێت و ئەڵێ: (هەرچەندە ئەوە تەمەنم هەڵکشاوە بۆ حەفتا ساڵی، بەڵام سەرسامیم بە ئیسلام هەر خاو نەبووەتەوە، نەک ئەوە بەڵکو تا دێت سەرسامیم گەورەتر و توندتر ڕەگ دائەکوتێ)!

ئەم زانیاریە کاترینا مومزنی ژنە نووسەر باسی ئەکات لە کتێبەکەیدا کە لەسەر گۆتە نووسیویەتی بەناوی (Goethe und die arabische Welt، ص 177)

ستۆبارتی فەیلەسوف (James William Hampson Stobart) ئەڵێ:

(لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا یەک نمونەت دەست ناکەوێت شان بدات لە شانی موحەممەد.. چەند کەرەسەی ماددی کەمی لە بندەستدا بوو، کەچی چەندین سەروەری گەورە و دەگمەنی تۆمار کرد، ئەگەر لەم گۆشەنیگاوە بۆ مێژوو بڕوانین ئەوە هیچ ناوێک وەک ناوی موحەممەدی پێغەمبەری ناو عەرەبەکان بەو درەوشاوەیی و ڕوونە نابینین)!

In the man, no one can fail to see elements of power and human greatness... Judged by the smallness of the means at his disposal, and the extent and permanence of the work he accomplished, no name in the world's story shines with a more specious lustre than that of the prophet of Mecca.

لە کتێبەکەیدا بەناوی (Islam and Its Founder، ص 227-228)

Stobart, James William Hampson (1884). Islam and Its Founder. London: Society for Promoting Christian Knowledge, pp.227-228.





سایمۆن ئۆکلی (Simon Ockley) لە کتێبەکەیدا بەناوی (مێژووی ئیمبراتۆرییەتە موسڵمانەکە)، ئەڵێ:

(بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ئیسلام و مان و بەردەوامبوونی لە گەشە و پەرەسەندن لە تەواوی مێژوودا ئەو بابەتەیە کە شایان بەوەیە سەرسامی بۆ دەرببڕی، تا ئێستاش ئەو حاڵەتە دەروونیە جوانەی کە موحەممەد لە مەککە و مەدینەدا نەخشاندوویەتی، هەمان جوانی و هێزی هەر ماوە لە دەروونی هیندیەکان و ئەفریکیەکان و تورکەکاندا کە زۆر نیە ئاشنا بوون بە قورئان).

It is not the propagation but the permanency of his religion that deserves our wonder, the same pure and perfect impression which he engraved at Mecca and Medina is preserved, after the revolutions of twelve centuries by the Indian, the African and the Turkish proselytes of the Koran.

لە کتێبەکەیدا بەناوی: History of the Saracen Empire، ل 45. Ockley، Simon. (1870). History of the Saracen Empire. 1st ed. London: A. Murray، p.54.

> تا ئێستاش ئەو حاڵەتە دەروونیە جوانەی کە موحەممەد لە مەککە و مەدینەدا نەخشاندوویەتی، هەمان جوانی و هێزی هەر ماوە لە دەروونی هیندیەکان و ئەفریکیەکان و تورکەکاندا کە زۆر نیە ئاشنا بوون بە قورئان.
>
> سایمۆن ئۆکلی



ووڵ دیورانت (Will Durant) لە مەوسوعە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (قصة الحضارة) لە بەرگی(13)و لاپەڕەکانی(45تا47)دا ئەڵێ:

ئەگەر لەبەر ئاساواری گەورەی لەسەر خەڵکی بڕیار لە مەزنی خەڵکی بدرێت، ئەوە ئەبێ بڵێین: موحەممەد یەکێکە لە هەرە کەسە گەورەکانی مێژوو، موحەممەد بەڵێنی ئەوەی دابوو بەخۆی کە ئاستی رۆحی و رەوشتی گەلێک بەرز بکاتەوە کە گەرمای ژینگە و وشکی بیابان خزاندبوونیە ناو تاریکستانی وەحشیگەریەوە، دەی بەراستی لەم بەڵێنەیدا سەرکەوتنێکی وای بەدەستهێنا هیچ ریفۆرمخوازێک لە کۆی مێژوودا سەرکەوتنی وای بەدەست نەهێناوە،کەم کەس ئەبینی وەک ئەو هەموو خەونەکانی هێنابێتە دی... کە ئەو دەستی بە بانگەوازەکەی کرد دوورگەی عەرەبی بیابانێکی وشک و بێ ئاو بوو، چەند خێڵێکی بتپەرست تێیدا نیشتەجێ بوون، ژمارەیان کەم بوو، قسەیان یەک نەبوو، کەچی کە مرد یەک ئوممەتی یەکگرتوو و یەکڕیزی لێ دروست کردن، هەستی نەژادپەرستی و ئەفسانەپەرستی نەهێشتن، لە سەروو ئایینی جوولەکە و مەسیحییەت و ئایینی کۆنی ولاتەکەی خۆی، هەم ئایینێکی تازەی ئاسان و روون و بەهێزی بۆ بەرقەرارکردن، هەم قەڵایەکی قاییمی لە رەوشت بۆ بەرزکردنەوە کە پایەکانی بریتی بوو لە قارەمانێتی و نەفس بەرزی نەتەوەیی. توانی لە تەمەنی یەک نەوەدا لە صەد جەنگدا بیباتەوە، لە یەک سەدەدا دەوڵەتێکی گەورە بونیاد بنێت، تا ئەمڕۆ هەر مێنێتەوە، وەک هێزێکی زۆر گەورە و ترسناک لە نیوەی گۆی زەویدا..).

If we judge greatness by influence, he was one of the giants of history. He undertook to raise the spiritual and moral level of a people harassed into barbarism by heat and foodless wastes, and he succeeded more completely than any other reformer; seldom has any man so fully realized his dream… When he began, Arabia was a desert flotsam of idolatrous tribes; when he died it was a nation. He restrained fanaticism and superstition, but he used them. Upon Judaism, Zoroastrianism, and his native creed he built a religion simple and clear and strong, and a morality of ruthless courage and racial pride, which in a generation marched to a hundred victories, in a century to empire, and remains to this day a virile force through half the world.

Will Durant, In The Story of Civilization 13 / 47



یەکێک لە سەرسەختترین دوژمنەکانی موحەممەد -پاش موسڵمانبوونی- چیرۆکێکی سەیرمان بۆ ئەگێڕێتەوە، چیرۆکەکە ئەوەیە کە پاش ئەوەی موحەممەد-علیەالسلام- نامەیەکی نارد بۆ هەرقلی گەورەی رۆمەکان لە ساڵی(٦٢٨زایین)، لە نامەکەدا بانگی ئەکات بۆ لای ئیسلام، هەرقلیش لەمە سەری سڕما، داوای کرد کەسێکی بۆ بهێنن کە ناسراوی و خزمایەتی هەبێت لەگەڵ ئەم کەسەدا کە نامەکەی بۆ ناردووە، ئەبوسوفیان لەو کاتەدا بۆ بازرگانی چووبوویە شام(ئەبو سوفیان یەکێک بوو لە سەردارانی قورەیش و لەو کاتەشدا سەرسەختترین دوژمنی پێغەمبەر بوو)، ئەبو سوفیان و هەموو ئەوانەی لەگەڵی بوون بانگێشت کران بۆ کۆشک، هەرقل لە رێگەی وەرگێڕەکەیەوە کۆمەڵێک پرسیاری زۆر زیرەکانە و داناینەی لە ئەبوسوفیان کرد، تا راستی و ناراستی پێغەمبەر – علیەالسلام- بزانێت، کە گوێی لە وەڵامەکانی ئەبو سوفیان بوو، رووی تێکرد و پێی ووت:

پرسیاری رەچەڵەکیم لێ کردی، باست کرد کە کەسێکی خاوەن رەچەڵەکە، بە هەمان شێوە پێغەمبەران خاوەن رەچەڵەکن لەناو قەومی خۆیاندا، پرسیم کەس لەناوتانا ئەم بانگەشەیەی کردووە؟ باست کرد و وتت: نەخێر، وتم: ئەگەر پێش ئەو کەسێک ئەم بانگەشەیەی کردبێت ئەوە ئەمووت: پیاوێکە چاو لە کەسانی پێش خۆی ئەکات.

پرسیارم لێکردی ئایا ئێوە بە درۆکردن تۆمەتبارتان کردووە؟ وتت: نەخێر، وتم: دەی کەسێک کە درۆ بە دەمی خەڵکەوە نەکات، نایەت درۆ بەدەم خواوە بکات!

پرسیارم لێکردی خانەدانەکان شوێنی ئەکەون یان خەڵکە لاوازەکەیان؟ باست کرد کە خەڵکە لاوازەکە شوێنی کەوتوون، وتم دەی شوێنکەوتەی پێغەمبەران هەر ئەوانەن، پرسیارم لێ کردی ئایا زیاد ئەکەن یان کەم ئەکەن؟ باست کرد کە بەردەوام زیاد ئەکەن، دەی بابەتی ئیمان هەر بەو شێوەیە تا ئەگاتە تێروتەواوی.

پرسیارم لێ کردی کە کەس هەڵئەگەڕێتەوە لێی و رق لە ئایینەکەی هەڵبگرێت پاش ئەوەی ئەچێتەناو ئایینەکە، وتت: نەخێر، دەی ئیمان وایە کە تێکەڵ بە دڵ بوو لێی هەڵناگەڕێتەوە.

پرسیارم لێ کردی ئایا غەدر و ناپاکی ئەکات؟ باست کرد: نەخێر، بەهەمان شێوە پێغەمبەران ناپاکی ناکەن.

پرسیارم لێ کردی فەرمانتان بە چی پێ ئەکات؟ باست کرد کە ئەو فەرمانتان پێ ئەکات کە عەبدایەتی خوا بکەن و هیچ شەریکی بۆ بڕیار نەدەن، رێگری بتپەرستیتان لێ ئەکات، فەرمانیشتان پێ ئەکات کە نوێژ بکەن و راستگۆ بن و دەست و دەم پاک بن..

ئەگەر ئەوەی تۆ وتت راست بێت ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەم جێ قاچانەی منیش ئەگرێت! من زانیاریم هەبوو کە ئەو پێغەمبەرە دێتە دنیا، بەڵام گومان وا نەبوو کە لەناو ئێوەدا دەربکەوێت، ئەگەر بزانیایە بە ئاسانی پێی ئەگەم ئەوە هەموو هەوڵێکم ئەدات چاوم پێی بکەوێت.(البخاری:٧).



# هەندێ لە بەسەرهات و ڕەوشتەکانی موحەممەد

هەندێ

پێغەمبەری خوا-سەلامی خوای لەسەر بێت- نمونە بوو بۆ بەرزترین ڕەوشتی مرۆڤایەتی، هەموو کەسێکی بەویژدان لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژئاوادا ئەم شایەتیە ئەدەن بۆی، تەنانەت دوژمنەکانیشی، ئەوەندە بەرەوشت بووە شایانی ئەوە بووە کە قورئان بە ڕەوشت بەرز وەسفی بکات.

کاتێک پرسیار لە عائیشەی خێزانی کرا-ڕەزای خوای لێبێت- ڕەوشتی پێغەمبەر چۆن بووە، لەو وەسفە وردتری شک نەبرد کە ڕەوشتی ئەوی پێ وەسف بکات ئەوە نەبێت وتی: (كان خلقه القرآن)، ڕەوشتی ئەو قورئانی بوو، یانی نموونەیەکی کرداری بوو بۆ ڕێنماییەکان و ڕەوشتەکانی قورئان.

ئەمانە کورتەیەکن لە بەسەرهات و ڕەوشتەکانی پێغەمبەر:

## ملکەچی:

پێغەمبەر-علیه‌السلام- ڕازی نەئەبوو کەس لەبەری هەستێتەوە و بە شتێکی گەورەی بزانێت، تەنانەت ڕێگەی نەئەدا بە هاوەڵەکانیشی کاری وا بکەن، لەگەڵ ئەوەدا کە هاوەڵەکانی ئەپەڕی خۆشەویستیان بۆی هەبوو لەبەری هەڵنەئەسان کاتێک ئەیانبینی دێت بۆ لایان، ئەوەش هەر لەبەر ئەوە بوو کە ئەیانزانی ئەو کارەی پێناخۆشە، (احمد ١٢٣٤٥).

عەدی کوڕی حاتیم کە- یەکێک بوو لە سەردار و خانەدانەکانی ئەو ڕۆژگارەی عەرەب- پێش ئەوەی موسڵمان ببێت، چوو بۆ لای تا ئاشنا ببێت بە ڕاستی بانگەوازەکەی، عەدی ئەڵێ: «کە چوومە لای ژنێک و منالێک یان چەند منالێکی لابوو، جا باسی زۆر نزیکبوونەوەیان ئەکات لە پێغەمبەر-علیه‌السلام- ئەڵێ: زانیم ئەمە نە وەک پاشا کیسرایە و نە وەک پاشا قەیسەریشە، « (احمد ١٩٣٨١)، پێغەمبەران هەموو کەسانێکی ملکەچ و بێ نەفس بوون.

لەگەڵ هاوەڵانیدا کە دائەنیشت وەک یەکێک لەوان ئەینواند، لە شوێنێکی تایبەتدا دانەئەنیشت کە جیای بکاتەوە لەوان، تەنانەت ئەو کەسە غەوارەی کە ئەهات بۆ لای کە ئەچووە کۆڕی ئەوەوە نەیئەناسی و جیاوازی نەئەکرد لە نێوان ئەو و هاوەڵەکانیدا، بۆیە ئەیپرسی: کامتان موحەممەدن؟ (البخاری ٦٣).

هەندێ لە هاوەڵانی بەسەرهاتێکی لێوە ئەگێڕنەوە-لەگەڵ ئەوەی زۆر سەرقاڵیش بووە بەڵام ئەوە وای لێنەکردووە نەچێت هاوکاری خەڵکی بکات و پێویستیەکانیان بۆ جێبەجێ بکات با ئەو کارە زۆر بچوکیش بووبێت، ڕێئەکەوت یەکێک لە ئافرەتە خزمەتکارەکانی ناو مەدینە ئەهات دەستی پێغەمبەری ئەگرت-علیه‌السلام- و ئەیبرد بۆ هەر کوێیەک بیویستایە، تا کارێکی بۆ ئەنجام بدات. (البخاری ٥٧٢٤).

> پێغەمبەری ئیسلام شتە کەسیەکانی، خۆی چاکی ئەکردنەوە، خزمەتی خێزانەکانیشی ئەکرد، هاوکاری ئەکردن لە کاری ماڵەوەدا.





هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر عومەری کوڕی خەتتاب ئەگێڕێتەوە جارێکیان چووە خزمەتی موحەممەد پێغەمبەر-علیه‌السلام-بینی شوێنەواری حەسیرێک( بەرماڵێکە لە پەلی دارخوورما ئەچنرێت) بە تەنیشتیەوە دیارە، عومەر گریا، پێغەمبەر فەرمووی: بۆچی ئەگریت؟ عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! کیسرا و قەیسەر لە چیدا ئەژین (مەبەستی نازو نیعمەت بوو) و تۆش پێغەمبەری خوایت و لە چیدا ئەژیت؟ پێغەمبەر فەرمووی: «أما ترضى أن تكون لهم الدنيا ولنا الآخرة؟» ئەی ڕازی نابی بەوە دونیا بۆ ئەوان و دوارۆژیش بۆ ئێمە بێت (البخاری ٣٥٠٣).

شتە کەسیەکانی، خۆی چاکی ئەکردنەوە، خزمەتی خێزانەکانیشی ئەکرد، هاوکاری ئەکردن لە کاری ماڵەوەدا، کە پرسیار لە عائیشەی خێزانی کرا پێغەمبەر لە ماڵەوە چی ئەکات؟ وتی: خزمەتی ماڵ و منالی ئەکات! (البخاری ٦٤٤)، هەروەها ئەڵێ:» هەروەک یەکێک لە ئێوە هەڵسوکەوت ئەکات: نەعلەکانی خۆی ئەدوورێتەوە، پینەش ئەدات لە جلەکانی»(احمد ٢٤٧٤٩).

پێغەمبەر-علیه‌السلام- ئەفەرموێ:» «لا يدخل الجنة من كان في قلبه مثقال ذرة من كبر» (مسلم ٩١). ناچێتە بەهەشت هەر کەسێک ئەگەر مسقاڵی گەردیلەیەکیش خۆبەزلزانین لە دڵیدا هەبێت..

## میهر و سۆز:

پێغەمبەر-علیه‌السلام-ئەفەرموێ: «الراحمون يرحمهم الرحمن، ارحموا من في الأرض يرحمكم من في السماء» (أبو داود ٤٩٤١). کەسە بەسۆزەکان خوای بەسۆزیش سۆزیان بۆ ئەنوێنێت، بەسۆزبن بەرانبەر ئەوانەی لە زەویدان، ئەوەشی لە ئاسمانە بەسۆز ئەبێت بەرانبەرتان.

سۆزی پێغەمبەر-علیه‌السلام- لە زۆر بواردا دەرئەکەوێت، لەوانە:

### سۆزی بەرانبەر بە منالان:

- لەگەڵ ئەوەدا کە نوێژ پایەی ئیسلامە و دروست نیە قسەی تێدا بکەی، یان جوڵەی زۆری تێدا بکەی، بەڵام پێغەمبەر-علیه الصلاة والسلام-جارێکیان نوێژی ئەکرد ئومامە کە کیژۆڵەیەک بوو کچی زەینەب بوو کردبووی بە کۆڵەوە، کە سوژدەی ئەبرد دایئەنا و کە هەڵئەسایەوە ئەیگرتەوە بە کۆڵیەوە! (البخاری ٤٩٤).



که ئەچوویە ناو نوێژ و گوێی لە دەنگی مناڵ ئەبوو ئەگریا، بەپەلە نوێژەکەی تەواو ئەکرد و درێژی نەئەکردەوە، وەک ئەفەرموێ: «إني لأقوم في الصلاة أريد أن أطول فيها، فأسمع بكاء الصبي، فأتجوز في صلاتي، كراهية أن أشقّ على أمّه» (البخاري ٦٧٥). لەراستیدا کە ئەمەوێ نوێژ بکەم و درێژی بکەمەوە و لە پڕ گوێم لە دەنگی گریانی منالێک ئەبێت، نوێژەکەم کورت ئەکەمەوە، پێمناخۆشە دایکی ئێشی پێ بگات..

## سۆزی بۆ ئافرەتان:

- پێغەمبەر-علیەوالسلام- هانی خەڵکی ئەدات بە سۆز بن بەرانبەر کچان و چاک بن لەگەڵیان، ئەیفەرموو: «من رزق ببنت أو أكثر، فتولى تربيتها، وأحسن إليها، كن له سترا من النار» (البخاري ٥٦٤٩). ئەگەر خوا کچێک یان زیاتری بەخشی بەهەر کەسێک، ئەو کەسە پەروەردەی کرد بە جوانی، و چاک بوو لەگەڵیدا، بۆی ئەبێت بە پەردەیەک و لە ئاگر ئەیپارێزێت..
- نەک هەر ئەمە بەڵکو پێغەمبەر-علیەوالسلام- راسپاردەی زۆری کردووە بۆ پاراستنی ئافرەتان و گرنگی پێدانیان و رەچاوکردنی هەلومەرجەکانیان، فەرمانیش بە موسڵمانان ئەکات کە یەکتری رابسپێرن کە باش بن بۆ ئافرەتان، ئەوەتا ئەفەرموێ: «استوصوا بالنساء خيرا» (البخارى ٤٨٩٠). یەکتری رابسپێرن تا باشبن لەگەڵ ئافرەتاندا.
- پێغەمبەر -علیەالسلام- جوانترین نمونەی تۆمارکردووە لە بواری سۆزنواندن بەرانبەر ژنان، تا ئەو رادەیەی کە لە تەنیشت هوشترەکەیدا دائەنیشت و ئەژنۆی دائەنا و صەفییەی خێزانی قاچی ئەخستەسەری و سواری هووشترەکەی ئەبوو. (البخارى ٢١٢٠).
- کە فاتیمەی کچی ئەهات بۆ لای-رەزای خوای لێبێت- دەستی ئەگرت و ماچی ئەکرد، جا لەو شوێنەدا دایئەنا کە خۆی تێیدا دانیشتبوو. (أبو داود ٥٢١٧).



## سۆزی بۆ لاوازەکان:

- پێغەمبەر-علیەالسلام-هانی خەڵکی زۆر ئەدا بۆ ئەوەی بەسۆز بن بەرانبەر هەتیو و بێ باوک، ئەیفەرموو: «أنا وكافل اليتيم في الجنة هكذا» وأشار بالسبابة والوسطى وفرج بينهما شيئًا (البخاري ٤٩٩٨). من و ئەوەی هەتیو بەخێو ئەکات لە بەهەشتدا وەک ئەم دوو پەنجەیە واین، پاشان بە هەردوو پەنجەی شایەتمان و ناوەڕاست ئاماژەی ئەکرد و لە یەکتری جیائەکردنەوە.
- پێغەمبەر ئەوەی کردووە بە رێنمایی کە هاوکاری کردنی بێوەژن و هەژار لە خێردا وەک ئەو تێکۆشەرە وایە کە لە پێناوی خوادا تێئەکۆشێت، وەک ئەو کەسەش وایە کە بە رۆژ بەرۆژووە و بە شەو شەونوێژ ئەکات! (البخارى ٥٦٦١).
- پێغەمبەر-علیەالسلام- وای داناوە کە سۆزنواندن بەرانبەر بە خەڵکی لاواز و دابینکردنی مافەکانیان هۆکارێکە بۆ فراوانبوونی رۆزیی و سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا، ئەوەتا ئەفەرموێ: «أبغوني الضعفاء؛ فإنما تنصرون وتُرزقون بضعفائكم» (أبو داود ٢٥٩٤). لاوازەکانی ناوتانم بۆ بهێنن، دڵنیابن خوا بەهۆی ئەوانەوە رزقتان ئەدات و سەرتان ئەخات..



موحەممەد پێغەمبەر -صلى الله علیەوسلم- وایداناوە خۆنزیککردنەوە لە خەڵکی لاواز و چاکە کردن بەرانبەریان هۆیەکە بۆ سەرکەوتن و فراوانبوونی رزق.

## دادپەروەری:

• پێغەمبەر-علیه‌السلام- زۆر دادپەروەر بوو، شەرعی خوای جێبەجێ ئەکرد، ئەگەر بەرانبەر نزیکترین کەسی خۆشی بوایە، چونکە قورئان فەرمانی پێکردبوو، وەک ئەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ}(النساء: ١٣٥). ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەمیشە ڕاگری دادوەری بن و شایەتیی بۆ خوا بدەن، با شایەتیەکەشتان زیانی بۆ خۆتان و دایک و باوکتان یان خزمانیش هەبێت، ئەگەر کەسانێک لەوانە دەوڵەمەندبێت یان هەژار، خوا بەرژەوەندی ئەوان چاکتر دەزانێت لە ئێوە (واتە بەتەماعی دەوڵەمەندی لە دادپەروەری لامەدەن و بەهۆی نەداریی و بەزەیی بێ جێ لە حەق لامەدەن)، نەکەن شوێن ئارەزووی نەفس بکەون لە دادپەروەری لابدەن، جا ئەگەر ئێوە پێچ لێ بدەن (زمان بگۆڕن) و شایەتی ناحەق بدەن، یان پشت هەڵکەن، ئەوە چاک بزانن خوا ئاگادارە بە کارو کردەوەتان.

• کاتێک یەکێک لە هاوەڵەکانی هاتە لای و ویستی تکایەک بکات تا سزای ئافرەتێکی خانەدانی ناو خێڵەکەی نەدات لەسەر ئەوەی دزییەکی کردووە، پێغەمبەر -علیه السلام- فەرمووی: «والذي نفس محمد بيده، لو أن فاطمة بنت محمد سرقت لأقمت عليها العقوبة» (البخاري ٤٠٥٣). بەو کەسەی نەفسی موحەممەدی بەدەستە ئەگەر فاتیمەی کچی موحەممەدیش دزی بکات سزای بەسەردا جێبەجێ ئەکەم..

• کە خوای گەورە سووخواردنی حەرام کرد لەسەر خەڵکی، پێغەمبەر-علیه‌السلام- لە نزیکترین کەسەکانی خۆیەوە دەستی پێکرد کە عەبباسی مامەی بوو، فەرمووی: «وأول ربا أضع ربانا، ربا عباس بن عبد المطلب، فإنه موضوع كله» (مسلم ١٢١٨)، یەکەمین سوویەک دەستی لێهەڵئەگرین لە سووەکانمان سووی عەبباسی کوڕی عەبدولموتتەلیبە.

• پێغەمبەر-علیه‌السلام- وای داناوە پێوەر بۆ شارستانی و پێشکەوتنی میللەتان ئەوەیە کە کەسی لاواز بتوانێ مافەکانی وەربگرێتەوە بێ ئەوەی بترسێت و دوودڵی بکات، بۆ ئەمە ئەفەرموێ: «لا قُدست أمة لا يأخذ الضعيف فيها حقه غير متعتع» (ابن ماجه ٢٤٢٦). پیرۆز نابێت ئەو میللەتەی کە خەڵکی لاواز بە بێ ترس ودوودڵی مافی خۆی وەرنەگرێتەوە.





## چاککردن و بەخشندەیی:

• کەسێک هاتە لای و داوای ماڵێکی لێ کرد، فەرمووی: بڕۆ ئەوەی ئەتەوێ بیکڕە و قەرزەکەی بخەرە ئەستۆی من، عومەری هاوەڵی وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! پەروەردگار ئەوەی لەسەر فەرز نەکردووی لە توانانا نەبێت، پێغەمبەر-علیه‌السلام- ئەوەی پێناخۆش بوو، کابرا وتی: «ببەخشە و ترست نەبێ لە خوای خاوەنی تەخت کەمی بکاتەوە بۆت»، پێغەمبەر -علیه‌السلام- زەردەخەنەیەکی کرد و ڕووی گەشبوویەوە و خۆشی تێکەوت. (الأحاديث المختاره ٨٨).

• هەشتا هەزار دیرهەمی زیوویینان بۆ هێنا، ئەویش خستیە سەر حەسیرێک، پاشان لای بەلایەوە کردەوەو دەستی بەدابەشکردنی کرد، ئەوەی داوای لێئەکرد بەشی ئەدا و کەسی لێ بێ بەش نەکرد تا تەواو بوو. (الحاكم ٥٤٢٣).

## ئارامگرتن و لەخۆبووردەییەکەی:

• پێغەمبەری خوا -علیه‌السلام- بە خەفەتێکی زۆرەوە لە تائیف گەڕایەوە (تائیف شارێکی شاخاویە و ٩٠ میل لە مەککەوە دوورە) پاش ئەوەی کە ڕۆیشت بۆ ئەوەی بانگیان بکات بۆ لای ئیسلام، کەچی ئەوان ئازاریان دا و بەخراپترین شێوە وەڵامیان دایەوە، لەکاتی گەڕانەوەی بۆ مەککە کە قەومەکەی خۆی تێیدا ئەژیان و ئازاریان ئەدا و دەریان کردبوو، خوای گەورە فریشتەیەکی نارد بۆ لای، پرسیاری لێ بکات: ئەگەر ئەیەوێت ئەوە خەڵکی تائیف هەموو لەناوبەرێت لەبەر خاتری ئەو، کەچی ئەو فەرمووی: «بل أرجو أن يخرج الله من أصلابهم من يعبد الله وحده لا يشرك به شيئًا» (البخارى ٣٠٥٩). نا... بەڵکو ئومێدم وایە کە خوای گەورە لە پشتی باوکیانەوە کەسانێک دەربهێنێت کە تەنیا خوا بپەرستن و هیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن.

• لەمە گەورەتریش ئەو هەڵوێستەی بوو لە خەڵکی مەککە، ئەوانەی کە لە زێدی خۆی دەریانکرد، چەندین ئازاریان دا بە زمانیش و بە شمشێریش، ساڵانێکی زۆر دەست کۆتاییان نەئەکرد لە هەر هەوڵێکدا کە شکست بە خۆی و بەوانە بهێنێت کە لەگەڵیدا بوون، کەچی کە خوای گەورەی سەرکەوتنی بۆ نارد و دەسەڵاتی پەیداکردەوە بەسەر مەککەدا و ئەوانی کەوتنەوە ژێر دەست، پێیانی وت: چی ئەڵێن؟ من چۆن ڕەفتارتان لەگەڵدا ئەکەم؟ وتیان: چاوەڕوانی خێر ئەکەین، چونکە تۆ برایەکی بەخشندە و برازایەکی بەخشندەی! ئەویش فەرمووی: دەی منیش وەک یوسفی برام( مەبەستی پێغەمبەر یوسفی کوڕی یەعقوبە کە براکانی ئازاری زۆریان دا و خستیانە ناو بیر بۆ ئەوەی لەناوی بەرن، کەچی ئەو لێیان خۆش بوو) ئەڵێم پێتان: {لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ} (یوسف: ٩٢) اذهبوا فأنتم الطلقاء» (البيهقي ١٨٢٧٥) ئەمڕۆ تۆڵەسەندنەوە نیە، خوا لێتان خۆش ببێت، هەر ئەو بەسۆزترین بەسۆزەکانە، بڕۆن ئێوە هەموو ئازادن!

## دونیانەویستی پێغەمبەر:

• پێغەمبەر-علیه‌السلام- هەمیشە پێڕەوی لەو ئایەتەی قورئان ئەکرد کە پێی ئەفەرموێ: { وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَى مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِنْهُمْ زَهْرَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَى} (طه: ١٣١). (ئەی ئیماندار تۆ چاوەکانت مەبڕە ئەو نازو نیعمەتەی کە هەندێک خەڵکمان لێ بەهرەوەر کردووە، کە زینەت و ڕازاوەی ژیانی دنیایە، بۆ ئەوەی لەو نازو نیعمەتە تاقیانبکەینەوە، بێگومان ڕزق و ڕۆزی پەروەردگارت (لە بەهەشتدا) چاکترو بەردەوامترە.

• عومەری هاوەڵی-ڕەزای خوای لێبێت- ڕۆژێکیان چوو بۆ لای، بینی لەسەر حەسیرێک خەوتووە کە هیچی بەسەر حەسیرەکەدا ڕانەخستووە، حەسیرەکە لە ڕوویدا شوێنەوارەکەی جێهێڵا بوو، عومەر ئەڵێ: چاوم بەرزکردەوە و بە ژوورەکەدا ئەمگێڕا، سوێند بەخوا چاوم نەکەوتە سەر شتێک کە شایان بەوە بێت سەرنجت ڕابکێشێت و باسی بکەیت، وتم: قوربان! نزایەک بکە خوا دەروویەک لە ئوممەتەکەت بکاتەوە، ئەوە فارس و ڕۆم دەروویان لێکراوەتەوە و دنیا بۆیان پێئەکەنێ، ئەوان جگە لە خواش ئەپەرستن!فەرمووی: «أَوَفِي شك أنت يا ابن الخطاب ؟ أولئك قوم عُجِّلَت لهم طيباتهم في الحياة الدنيا» (البخاري ٢٣٣٦)، باشە گومانت لە من هەیە کوڕەکەی خەتتاب؟ ئەوانە قەومێکن خوا پاداشتی خێوانی هەر لە دونیادا بەپەلە بۆ ناردوون..

• ئەیفەرموو: «ما لي وللدنيا، ما أنا في الدنيا إلا كراكب استظل تحت شجرة، ثم راح وتركها» (الترمذي ٢٣٧٧). من و دونیا کوجا مەرحەبا! من لەم دونیایەدا هیچی تر نیم ئەوە نەبێت وەک سوارێک لە سێبەری درەختێکدا پشوویەک ئەدەم و ئەڕۆم و جێی ئەهێڵم.

• ڕێئەکەوت مانگ و دوو مانگ و سێ مانگ تێئەپەڕی بەسەریدا و لە ماڵەکانی پێغەمبەری خوادا -علیه‌السلام- چێشت نەئەخرایە سەر ئاگر، بەڵکو تەنیا ئاو و خورمای ئەخوارد(البخاری ٢٤٢٨)، ڕێئەکەوت ئەو ڕۆژە تا ئێوارە بە برسێتی ئەمایەوە، تەنانەت خواردنی ناباشیشی دەست نەئەکەوت کە سکی پێ تێر بکات (مسلم ٢٩٧٧)، پێغەمبەر-علیه‌السلام- تا مرد سێ ڕۆژ لەسەر یەک سکی تێر نەبوو لە نانی گەنم، زۆربەی نانەکانی نانی جۆ بوو (مسلم ٢٩٧٦).





## وەفاداری:

• وەفاکردن بە بەڵێن یەکێکە لە ڕەوشتە بەرزەکان و باڵاترینیانە، وەفاداری مانای جوانتری تێدایە ئەگەر بۆ پاداشتدانەوەی کارێکی باش بێت و دەرەنجامی بەڵێنێکی نێوان دوو کەس نەبێت، ئەم وەفاداریە سیمای پێغەمبەری خوا بووە، پاداشتی چاکە بە چاکەیەکی گەورەتر ئەدایەوە، با بەڵێن و دۆکۆمێنتیش لەناودا نەبوایە، ئەی ڕات چۆنە ئەگەر بەڵگە و دۆکۆمێنت هەبوایە.

• کاتێک کە هەرقل پاشای مەسیحیەکان پرسیاری سیفەتەکانی پێغەمبەری لە کافرەکانی قورەیش کرد و وتی: ئایا غەدر و ناپاکی ئەکات؟ وتیان: نەخێر، جا پێی وتن: بەو شێوەیەیە، پێغەمبەران هەرگیز ناپاکی ناکەن. (البخاری ٧).

• لە لوتکەی وەفاداریدا بوو بۆ خەدیجەی یەکەم خێزانی، پلەی ئەوی ئەپاراست، دانی بە ڕۆڵی گرنگیدا ئەنا، ڕێزی لە هاوەڵان و خزمانی ئەو ئەگرت..

• عائیشە خێزانی موحەممەد پێغەمبەر -علیه السلام- دەربارەی وەفای پێغەمبەر- بۆ خەدیجەی خێزانی یەکەمی-ئەگێڕێتەوە لە ڕۆژە سەرەتاکانیدا کە عائیشە ئەو کات هێشتا نەیناسیبوو، ئەڵێ: پێغەمبەر زۆر زۆر باسی خەدیجەی ئەکرد، هەرکات مەڕێکمان سەرببڕیایە و پشک پشکمان بکردایە، پشکی بۆ هاوەڵانی ئەو ئەنارد، ڕێئەکەوت منیش پێم ئەوت: باشە ئەڵێی لەم دونیادا ژنێکی تری وەک خەدیجەی تێدا نیە؟ ئەویش ئەیفەرموو: ئەو ئاوا و ئاوا بوو.. دەستی ئەکرد بە باسکردنی چاکەکانی خەدیجە..(البخاری٣٦٠٧).

• جارێکیان شاندێکی نەجاشی (کە پاشای حەبەشە بوو، لەسەرەتای ئیسلامدا موسڵمانانی پاراست لە وڵاتەکەیدا) هاتە لای پێغەمبەر -علیه‌السلام- ئەویش هەستا و خۆی خزمەتی ئەکردن، هاوەڵەکانی پێیان ووت: قوربان ئێمە لەبری جەنابت خزمەتیان ئەکەین، فەرمووی: «إنهم كانوا لأصحابي مكرمين، وإني أحب أن أكافئهم» (شعب الإيمان ٨٧٠٤). ئەمانە زۆر بەڕێز بوون بەرانبەر بە هاوەڵەکانم، منیش ئەمەوێ پاداشتیان بدەمەوە..

لەڕاستیدا موحەممەد پێغەمبەر -علیه السلام- جوانترین نمونەی لە ڕەوشتبەرزیدا پیشانداوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لەبەر ئەوەی خوا فەرمانی پێکردووەو لەبەر ئەوەش چاوی لە پێغەمبەرانی پێش خۆی کردووە



ئەو مزگەوتەی پێغەمبەر لە مەدینەدا یان لە مەدینەی مونەووەرەدا دروستی کرد وەک چۆن موسڵمانان ناویان لێنابوو، کە ئەوە دووەم پیرۆزترین شارە لە گرنگییەکاندا پاش مەککە، موحەممەد پێغەمبەر کۆچی بۆ ئەوێ کرد و لەوێدا ئەو مزگەوتەی دروست کرد و هەر لەوێش ئەسپەردەی خاک کرا، ئێستاش ملیونان موسڵمان ساڵانە سەردانی ئەو مزگەوتە ئەکەن.

# موسڵمانان

موسڵمانان گرنگی زۆریان بە گواستنەوەی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر-علیە السلام -داوە ئیتر بەدەمی بووبێت، یان بە نووسین بوو بێت، زانایان و فەرموودەناسەکانیش پێشبڕکێیان بووە چۆن دەربڕینەکانی لەبەر بکەن و بیاننووسنەوە، سیستەمێکی سەرنجڕاکێشیان بۆ نووسینەوەی هەواڵ پێشکەش بە دونیا کردووە کە چۆن لە هەواڵ دڵنیاببنەوەو کامیان راستە و کامیان ناڕاستە، تەنانەت پێوەری وردیان بۆ درێژترین هەواڵ داناوە تا بزانرێت کام وشە بۆ ئەو هەواڵە زیاد کراوە و سەر بە ئەو هەواڵە نیە!




# هەندێ لە فەرمایشتەکانی موحەممەد-علیە السلام-

## ئەمانە

**ئەمانە چەند نموونەیەکن لە ئەو فەرمایشتانەی کە پێغەمبەری خوا موحەممەد فەرموویەتی:**

- "إنما الأعمال بالنيات، وإنما لكل امرئ ما نوى" (البخاري ١)، کردەوەکان بەدڵنیاییەوە تەنیا بەپێی نیەت ئەبێت، هەموو کەسێکیش ئەوەی پێئەدرێت کە نیەتی بۆ هێناوە.
- "البر حسن الخلق، والإثم ما حاك في نفسك وكرهت أن يطلع عليه الناس" (مسلم ٢٥٥٣). چاکەخوازی بریتییە لەرەوشتی جوان، گوناهیش ئەوەیە کە لە ناختا ختووکەت ئەدا و پێت ناخۆشە خەڵکی پێی بزانێت.
- "ازهد في الدنيا يحبك الله، وازهد فيما في أيدي الناس يحبك الناس" (ابن ماجه ٤١٠٢). دونیات نەوێ خوای پەروەردگار خۆشی ئەوێت، ئەوەشت نەوێ لە دەستی خەڵکدایە خەڵکی خوشیان ئەوێت.
- "مَثَلي ومَثَل الأنبياء من قبلي، كمثل رجل بنى بيتًا، فأحسنه وأجمله إلا موضع لبنة من زاوية، فجعل النَّاس يطوفون به ويعجبون له ويقولون: هلاّ وضعت هذه اللبنة؟! قال: فأنا اللبنةُ وأنا خاتمُ النَّبيّين" (البخاري ٣٣٤٢). نموونەی من و پێغەمبەرانی پێش من وەک ئەوە وایە کابرایەک خانوویەکی دروست کردووە و جوانی کردووە، تەنیا شوێنی خشتێکی ماوە لە گۆشەیەکیەوە، خەڵک بە چواردەوریدا ئەسووڕێنەوەو سەرسام ئەبن پێی و ئەڵێن: باشە ئەوە بۆ ئەو خشتەشی بۆ دانەنراوە؟، فەرمووی: من ئەو خشتەم و من کۆتا پێغەمبەرم..



"ليس منا من لم يرحم صغيرنا، ويعرف حق كبيرنا" (الترمذي ١٩٢٠).. لە ئێمە نیە ئەو کەسەی بەسۆز نەبێت بەرانبەر بە بچوکەکانمان و مافی گەورەکانمان نەزانێت.





"لا تدخلون الجنة حتى تؤمنوا، ولا تؤمنوا حتى تحابوا، أولا أدلكم على شيء إذا فعلتموه تحاببتم؟ أفشوا السلام بينكم" (مسلم ٥٤). ناچنە بەهەشت تا بڕوا نەهێنن، بڕواش ناهێنن تا یەکتریتان خۆش نەوێت، ئەتانەوێ شتێکتان پێ بڵێم ئەگەر بیکەن یەکتریتان خۆش بوێت؟ سڵاوکردن لە یەکتری لەناو خۆتاندا بڵاوبکەنەوە.

- "المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده، والمهاجر من هجر ما نهى الله عنه" (البخاري ١٠). موسڵمان ئەو کەسەیە کە موسڵمانەکان لە دەست و زمانی بێ زیان بن، کۆچکەریش ئەوەیە کە لەو شتانە کۆچ بکات کە خوا ڕێگری لێ کردوون.
- "اتق الله حيثما كنت، وأتبع السيئة الحسنة تمحها، وخالق الناس بخلق حسن" (الترمذي ١٩٨٧). لە هەر شوێنێکدا بووی لە خوا بترسە، هەر خراپەیەکت کرد بە دوایدا چاکەیەک بکە با بیسڕێتەوە، بەرەوشتی جوان هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا بکە.
- "ألا من ظلم غير مسلم، أو كلفه فوق طاقته، أو أخذ منه شيئًا بغير طيب نفس، فأنا حجيجه يوم القيامة" (أبو داود ٣٠٥٢). ئاگاداربن! هەرکەس ستەمێک لە ناموسڵمانێک بکات، یان کارێکی بدات بەسەردا کە لەتوانایدا نەبێت، یان شتێکی لێ بسەنێت بە بێ ڕازیبوونی خۆی، ئەوە لە قیامەتدا من یەخەی ئەگرم.

- "الراحمون يرحمهم الرحمن، ارحموا من في الأرض يرحمكم من في السماء" (أبو داود ٤٩٤١). کەسە بەسۆزەکان خوای بەسۆزیش سۆزیان بۆ ئەنوێنێت، بەسۆزبن بەرانبەر ئەوانەی لە زەویدان، ئەوەشی لە ئاسمانە بەسۆز ئەبێت بەرانبەرتان.

- "من نفَّس عن مؤمن كربة من كرب الدنيا، نفَّس الله عنه كربة من كرب يوم القيامة، ومن يسَّر على معسر، يسَّر الله عليه في الدنيا والآخرة، ومن ستر مسلمًا ستره الله في الدنيا والآخرة، والله في عون العبد ما كان العبد في عون أخيه، ومن سلك طريقًا يلتمس فيه علمًا، سهّل الله له به طريقًا إلى الجنة، ومن بطَّأ به عمله، لم يسرع به نسبه" (مسلم ٢٦٩٩). هەرکەسێک نارەحەتییەکی دونیا لاببات لەسەر بروادارێک، خواش نارەحەتیەک لە نارەحەتیەکانی قیامەت لەسەر ئەو لائەبات، هەرکەس کارئاسانی بۆ یەکێک بکات خواش کارئاسانی بۆ ئەو ئەکات لە دونیاو لە دوارۆژیشدا، هەرکەس موسڵمانێک بپۆشێت، ئەوە خواش ئەو ئەپۆشێت لە دونیا و لە دوارۆژیشدا، خوا هاوکاری بەندە ئەبێت تا ئەو بەندە هاوکاری خەڵک بێت، هەرکەس رێگەیەک بۆ زانست بگرێتەبەر ئەوە خواش رێگەی بەهەشتی بۆ ئاسان ئەکات.. هەرکەس دوابکەوێت لە کاری چاکەدا، خانەدانیەکەی نایباتە پێشەوە..

- "من غشَّ فليس منا" (الترمذي ١٣١٥). هەر کەس گزی بکات لە ئێمە نیە.

- "مثل المؤمنين في توادهم، وتراحمهم، وتعاطفهم مثل الجسد؛ إذا اشتكى منه عضو، تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى" (مسلم ٢٥٨٦). نمونەی باوەڕدارەکان لە خۆشەویستی و بەسۆزبوون و لەگەڵ یەکتریبووندا وەک یەک لاشە وایە، کە ئەندامێکی نەخۆش ئەکەوێت هەموو ئەندامەکانی تری ئەو جەستەیە تایان لێ دێت و شەو ناخەون.

- "كلكم راع وكلكم مسؤول، فالإمام راع وهو مسؤول، والرجل راع على أهله وهو مسؤول، والمرأة راعية على بيت زوجها وهي مسؤولة، ألا فكلكم راع وكلكم مسؤول" (البخاري ٤٨٩٢). هەموو یەکێک لەێوە شوانەو بەرپرسیارە لە ژێردەستەکانی، پێشەوا (ی گەورە) شوانەو بەرپرسیارە لە ژێردەستەکانی، پیاو شوانە لەناو خێزانی خۆیداو بەرپرسیارە لەژێردەستەکانی، ژنیش شوانە لە ماڵی مێردەکەیدا و بەرپرسیارە لە ژێردەستەکانی، خزمەتکاریش شوانە لە ماڵی گەورەکەیدا و بەرپرسیارە لە ژێردەستەکانی.



- "خيركم خيركم لأهله، وأنا خيركم لأهلي" (الترمذي ٣٨٩٥). باشترینتان ئەو کەسەی بۆ خاوخێزانەکەی باش بێت، منیش باشترین کەسم بۆ خاوخێزانی خۆم.

- "بينا رجل بطريق، اشتدَّ عليه العطشُ، فوجد بئرًا فنزل فيها، فشرب ثم خرج، فإذا كلبٌ يلهثُ، يأكلُ الثرى من العطش، فقال الرجلُ: لقد بلغ هذا الكلبُ مِن العطش مثل الذي كان بلغ مني، فنزل البئرَ فملأَ خفَه ماءً، فسقى الكلبَ، فشكر اللهُ له فغفر له. قالوا: يا رسولَ اللهِ، وإن لنا في البهائم لأجرًا؟ فقال: في كلِّ ذاتِ كبدٍ رطبة أجرٌ" (البخاري ٢٤٦٦). کابرایەک بە ڕێگایەکدا ئەڕۆیشت و تینویەتی زۆری بۆ هێنا، "بیر"ێکی دۆزییەوەو دابەزیە ناوی، تێر ئاوی خواردەوە، پاشان هاتە دەرەوە بینی سەگێک هەناسەبڕکێی پێکەوتووە و لە تینوێتیدا خۆڵ ئەخوات، کابرا وتی: دیارە ئەم سەگەش وەک من تینووێتی زۆری بۆ هێناوە، بۆیە دابەزیە ناو بیرەکە و خوففەکانی پڕکرد لە ئاو و بەدەم گرتی تا هاتەسەرەوە و سەگەکەی ئاو دا، دەمودەست سوپاسی خوای کردو خواش لێی خۆش بوو، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! بۆ لە ئاودانی ئەم بێزمانانەدا خێرمان ئەگات؟ فەرمووی: لە بەزەیی هاتنەوە بە هەر بێزمانێکدا مرۆڤ پاداشتی دەست ئەکەوێت.

- "آية المنافق ثلاث: إذا حدث كذب، وإذا وعد أخلف، وإذا اؤتمن خان" (البخاري ٣٣). نیشانەی دووڕوو سێ شتە: کە قسەی کرد درۆ ئەکات، کە پەیمانی دا نایباتەسەر، کە سپاردەی پێدرا ناپاکی لێئەکات.

- "من حسن إسلام المرء تركه ما لا يعنيه" (الترمذي ٢٣١٧). یەکێک لە جوانیەکانی موسڵمانێتی خەڵک ئەوەیە کە هەقی نەبێت بەسەر شتێکەوە کە پەیوەندی بە ئەوەوە نەبێت.

- "إن الله يحب الرفق في الأمر كله" (البخاري ٥٦٧٨). خوا پێی خۆشە کە لە هەموو کاروبارێکدا نەرم و نیان بیت.

- هەروەها ئەفەرموێ: "من يحرم الرفق يحرم الخير" (مسلم ٢٥٩٢). هەرکەس لە نەرم و نیانی بێ بەش بێت، ئەوە لە هەموو خێرێک بێ بەشە.

## قورئان چۆن موحەممەدی پێغەمبەری خوای وەسف کردووە- سەلامی خوای لێبێت-؟

قورئان وەک ئاوێنەیەک هەندێ لایەنی سەیری ژیانی پێغەمبەرمان - سەلامی خوای لێبێت- پیشان ئەدات کە چۆن ئاوێتەبووە بە کەسانی چوار دەوری، بەرزی ڕەوشتی و سیفەتە جوانەکانی  و مرۆڤبوونی پێغەمبەر لەو ئایەتانەوە ئەدرەوشێنەوە لە یەک کاتدا:

- ئەو سۆز و میهرە بۆ هەموو جیهانەکان، نەک تەنیا بۆ موسڵمانەکان، وەک ئەفەرموێ: { ومَا أَرْسَلْنَاك إِلا رَحْمَةَ لِلْعَالمِينَ} ( الأنبياء: ١٠٧) ئێمە تۆمان نەناردووە بۆ ئەوە نەبێت ببیتە سۆز و میهر بۆ هەموو جیهانەکان.
- ئەو بەسەر لووتکەی ڕەوشت بەرزیەوەیە، وەک ئەفەرموێ: }وإِنَك لعَلى خُلُقٍ عَظيمٍ{ (القلم: ٤) بە دڵنیاییەوە تۆ بەسەر لووتکەی ڕەوشت بەرزیەوە وەستاوی.
- زۆر پێدائەگرێت لەسەر ئەوەی خەڵکی هەموو هیدایەت وەربگرن و کە ئەبینێ خەڵکی لە سەرگەردانیدان ئەو زۆر ئازار ئەچێژێت، زۆر ئەوەی یادئەخرێتەوە کە تۆ تەنیا ڕاگەیاندنی ئایینت لەسەرە و خواش بیەوێت هەرکەس سەرکەوتوو ئەکات لە هیدایەتوەرگرتندا، قورئان ئەفەرموێ: {فَلَعَلَّكَ تَارِكٌ بَعْضَ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ وَضَائِقٌ بِهِ صَدْرُكَ أَن يَقُولُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ كَنزٌ أَوْ جَاءَ مَعَهُ مَلَكٌ ۚ إِنَّمَا أَنتَ نَذِيرٌ ۚ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيل} (هود: ١٢)، {وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكُوا ۗ وَمَا جَعَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ۖ وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ} (الأنعام: ١٠٧)، {قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا} (الكهف:١١٠)، جا لەوانەیە تۆ (ئەی پێغەمبەر) واز بهێنیت لە هەندێ لەو باسانەی کە بە (وحی) بۆت ڕەوانەکراوە و دڵتەنگ و سەغڵەت بیت ئەگەر  بڵێن: ئەوە بۆ گەنجینەیەک (لە زێڕو زیو) دانەبەزیوەتە سەری، یان فریشتەیەک بۆ گەیاندنی پەیامەکە نەهاتووە لەگەڵیدا، (تۆ خەفەت مەخۆ) چونکە بەڕاستی تۆ تەنها ترسێنەری، خوا خۆیشی ئاگادارو چاودێرە بەسەر هەموو شتێکدا (حیسابیان بۆ دەکات) (هود: ١٢)... خۆ ئەگەر پەروەردگارت (بیویستایە و شایستە بوونایە هیدایەتی دەدان) موشریک نەدەبوون، خۆ ئێمە تۆمان نەکردووەتە چاودێر بەسەر ئەوانەوە و تۆ دەسەڵاتت بەسەریاندا نیە (تا بەزۆر هیدایەتیان بەسەردا بسەپێنیت) (الانعام: ١٠٧).... (ئەی پێغەمبەر!) پێیان بڵێ: بەڕاستی من تەنها ئادەمیزادێکم وەک ئێوە، بەڵام ئەوەندە هەیە وەحی و نیگام بۆ دێت (ئەم ڕاستیەتان تێبگەیەنم) کە: بێگومان خوای ئێوە خوایەکی تاک و تەنهایە، جا ئەوەی دەیەوێت بە دیداری پەروەردگاری شاد ببێت، بە دڵ با کارو کردەوەی چاک و دروست ئەنجام بدات و بەهیچ شێوەیەک لە پەرستندا هیچ کەسێک نەکاتە هاوەڵ و شەریک بۆی. (الكهف: ١١٠)
- زۆر پاساوی بۆ خەڵکی ئەهێنایەوە و چاوی لە هەڵەکانیان دائەخست، قورئان ئەفەرموێ: {عَفَا اللَّهُ عَنْكَ لِمَ أَذِنْتَ لَهُمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَتَعْلَمَ الْكَاذِبِينَ}( التوبة: ٤٣) خوا لێت خۆش بێت (ئەی پێغەمبەر! بۆ مۆڵەتت دانێ (نەدەبوایە مۆڵەتیان بدەیتێ) تا بەچاکی بۆت دەربکەوێت، کێ ڕاستە و باوەڕ دامەزراوە، کێش درۆزن و دووڕووە.
- دوعای ئەکرد لای خوا کە لە دوژمنەکانیش خۆش ببێت، ئەوە بوو خوا ڕێگری ئەوەی لێکرد، قورئان ئەفەرموێ: {اسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ}(التوبة: ٨٠) ئەی پێغەمبەر! داوای لێخۆش بوون بۆ ئەو دووڕووانە بکەیت یان داوای لێخۆش بوونیان بۆ نەکەیت چوون یەکە، تەنانەت ئەگەر حەفتا جاریش داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەیت، ئەوە خوا هەرگیز لێیان خۆش نابێت، چونکە بە ڕاستی ئەوان باوەڕیان بە خوا و پێغەمبەرەکەی نەبوو، خوایش هیدایەت و ڕێنموویی کەسانی خەتاکار و لە سنوور دەرچوو ناکات.
- ئەوەی تووشی بڕواداران ئەبوو ئازاری بە پێغەمبەر ئەگەیاند، ئەو هەم میهرەبانە و هەم بەسۆزیشە بۆیان، وەک قورئان ئەفەرموێ: {لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ} (التوبة:١٢٨)  (ئەی خەڵکینە!) دڵنیا و بێگومان پێغەمبەرێکتان بۆ ڕەوانە کراوە کە هەر یەکێکە لە خۆتان، زۆر سەختە بەلایەوە تووش بوونتان بە بەڵاو ناخۆشی، زۆر بەتەنگیشتانەوەیە و پەرۆشە لەسەرتان، زۆر دڵسۆزی ئیماندارانە و میهرەبان و دلۆڤانە بۆیان..
- هەندێ خەڵکی کە ئەبوون بە میوانی و زۆر ئەمانەوە لە ماڵەکەیدا ئازاری ئەچەشت، کەچی ئەو شەرمی ئەکرد باسی ئەوە بکات، وەک قورئان ئەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ  إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنْكُمْ  وَاللَّهُ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ  وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ  ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ  وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا  إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا} ( الأحزاب: ٥٣) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! مەچن بۆ سەردانی ماڵەکانی پێغەمبەر مەگەر مۆڵەتتان بدرێت و مۆڵەت بخوازن، (ئەگەر مۆڵەت دران بۆ نانخواردنێک) چاوەڕێی پێگەیشتنی مەکەن، ئەگەر پێنەگەیشتبوو (مەبەست ئەوەیە کە زوو مەچن کە هێشتا خواردنەکە پێنەگەیشتووە)، بەڵام بانگ کران ئەوە بچنە ژوورەوە، خۆتان بە گفتوگۆوە سەرگەرم مەکەن، چونکە ئەو کارەتان پێغەمبەر ئازار دەدات (هەرچەندە شەرمتان لێدەکات و (داوای چوونە دەرەوەتان لێناکات، بێگومان) خوا شەرم لە (ڕاگەیاندنی) حەق و دروستی ناکات، خۆ ئەگەر داوای شتێکی پێویستتان (لە خێزانەکانی پێغەمبەر کرد) لە پشتی پەردەوە داوایان لێبکەن، ئا ئەو جۆرە ڕەفتارە چاکتر و پاکترە بۆ دڵی ئیوە و ئەوانێش، بێگومان هیچ کات بۆتان نیە ئازار و دڵتەنگی بۆ پێغەمبەری خوا پێش بێنن، هەرگیز بۆتان نیە هاوسەرانی دوای خۆی بە هیچ جۆرێک مارە بکەن، چونکە ئەو کارەتان لای خوا زۆر گەورەیە و (زۆر نابەجێیە، چونکە ئەوان دایکتانن، دایکیش لە ڕۆڵەی حەرامە).
- زۆر ئاسان بوو، بەخشندە بوو، دڵ نەرم بوو، بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا ئەکرد، ڕاوێژی پێ ئەکردن، ڕای وەرئەگرتن تەنانەت لە سەختترین و تاریکترین هەلومەرجدا، قورئان ئەفەرموێ: {فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ}(آل عمران: ١٥٩)

کەوابوو ئەی محمد! بەهۆی ڕەحمەتی خواوەیە تۆ نەرم و هێمن بویت لەگەڵیاندا، خۆ ئەگەر تووڕەو قسە ڕەق و بێ بەزەیی بوویتایە، ئەوە هەموو لە دەورت بڵاوەیان دەکرد، کەواتە چاوپۆشیان لێبکە و لێیان ببورەو داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکە، لە کار و پێشهاتدا پرس و ڕایان پێ بکە، (دوای مەشورەت و پرس و ڕا) ئەگەر بڕیارتدا (کارێک ئەنجام بدەیت، ئەنجامی بدەو) پشت بەخوا ببەستە، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆشدەوێت کە پشتی پێدەبەستن.



# قورئانی پیرۆز موعجیزە نەمرەکەی ئیسلام

باشه

باشه قورئان ئەبێ چی بێت؟ ئەو کتێبەی کە پڕفرۆشترین کتێبە لە جیهاندا؟ زیاتر لە یەک ملیار و نیو موسڵمان بڕوایان پێی هەیە؟

قورئان کتێبە پیرۆزەکەی موسڵمانانە کە بڕوایان پێی هەیە:

- قسەو فەرمایشتی خوایە و دابەزاندووە بۆ موحەممەد کە پێغەمبەری ئەوە-سەلامی خوای لێبێت- تا ببێتە هیدایەت و رووناکی بۆ خەڵکی.
- کۆتا کتێب و پەیامی ئاسمانیە کە هاتووەتە خوارەوە.
- پارێزراوە لە هەموو لادان و گۆڕانکاریەک.
- هەرکەس بیخوێنێتەوە یان لەبەری بکات ئەوە عیبادەتی خوای کردووە، جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکانیشی جۆرێکی ترە لە عیبادەت.

بە هۆی فریشتە جوبرائیلەوە-سەلامی خوای لێبێت- دەستی بە دابەزین کردووە، پاش ئەوەی پێغەمبەر چل ساڵی تەمەنی تەواوکرد، یەکەمین ئایەتێکیش لە قورئان دابەزی بریتی بوو لە ئایەتی{اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ}(العلق١)، ئیتر دوای ئەوە بەش بەش لە ماوەی (٢٣) ساڵدا بە پێی رووداو و هەڵوێستەکان ئەهاتە خوارەوە.

> یەکەمین ئایەتێک لە قورئان دابەزی بریتی بوو لە ئایەتی{اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ}، ئیتر دوای ئەوە بەش بەش لە ماوەی (٢٣) ساڵدا بە پێی رووداو و هەڵوێستەکان ئەهاتە خوارەوە.

قورئان بۆ (١١٤)سوورەت دابەش ئەبێت، کە بابەتەکانی و شێوازەکانی جۆراوجۆرە، بەڵام هەموویان لەوەدا یەک ئەگرنەوە کە لە ئەوپەڕی پلەی رەوانبێژیدا داڕێژراوە بە زمانی عەرەبی، هەمووشی ئەرژێتە ناو یەک بابەت ئەویش هیدایەتی مرۆڤەکان و بانگکردنیانە بۆ عیبادەتی خوا بە تاک و تەنیایی..

**گرنگترین ئەو بوارو سێکتەرانەی قورئان باسیان ئەکات:**

١-سەلماندنی یەکتایی خوا، هەڵوەشاندنەوەی ئەو گومانانەی خەڵکی موشریک هەیانە.

٢-چیرۆکی پێغەمبەران و میللەتە پێشووەکان.

٣-بانگکردنی خەڵکی تا لەم گەردوونە فراوان و بێ بنە رابمێنن و وردبینەوە لە خولقاوەکانی چوار دەوریان، و بزانن ئەندازەی ئەو هەموو بەخششە خوایە چەندێکە بەسەریانەوە.

٤-روونکردنەوەی دروشمە ئاینیەکان و فەرمانەکان و رێگریەکان(حەرامەکان).

٥-روونکردنەوەی رەوشت و سیفەتەکانی باوەڕداران و ترساندنیان لە رەوشتە خراپەکان.

٦-قسەکردن لەسەر رۆژی دوایی، و باسکردنی پاداشتی چاکەکار و خراپەکاران.

٧-پەروەردەکردنی باوەڕداران لە میانەی ئەو کۆمێنت و پاشکۆیانەی لەسەر رووداوەکانی سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵەکانی وتراون.

**ئەمەش کورتەیەکە لەسەر قورئان و تایبەتمەندیەکانی..**





## موعجیزەی لەبەرکردنی قورئان:

خوا کۆتا کتێبی ئاسمانی خۆی ناوناوە «قورئان»، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە ئەخوێنرێتەوە و ئەپارێزرێت لە ناخی مرۆڤەکاندا، لە هەندێ شوێنیشدا ناوی ناوە «کتێب» وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی ئەنووسرێتەوەو ئەپارێزرێت لەناو دیرەکاندا، دەی لە راستیدا قورئان بە هەردوو رێگەکە-بە ناخ و بە نووسین- خوا پاراستوویەتی، کە شتێک لە قورئان دائەبەزیە سەر پێغەمبەر -علیه‌السلام- بە دیاری چاویەوە ئەیانووسیەوە، و لە دەمی پیرۆزی ئەوەوە وەریان ئەگرت، هەرکەس قورئانی لەبەر بوایە لێیان وەرنەئەگرت ئەگەر لەگەڵ نووسینەکەدا گونجاو نەبووایە با ئەوانەش لەبەریان بوایە ژمارەیەکی زۆریش بوبن، هەرکەسێکیش شتێکی نووسراوی بهێنایە ئەگەر لەگەڵ ئەوەدا گونجاو نەبوایە کە لە دەمی پێغەمبەر وەرگیراوە وەک قورئان لێیان وەرنەئەگرت.

ئەمە لە کاتێکدا زانایانی لاهوتی مەسیحی دان بەوەدا ئەنێن کە ئینجیلەکان ئەو هەمووە دژیەکیەیان تێدایە و ئەوان بە شتێکی سروشتی و واقیعی دائەنێن، چونکە ئەڵێن سەرچاوەی ئینجیل چەند نووسەر بوون و هەریەکەیان لە سەردەمێکدا بوون، و سروشتی نیگاکانی ناو ئینجیلیش ناڕاستەوخۆ بوون، هەرچەندە بە دیدی ئەوان ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی هیدایەتی بۆ مرۆڤایەتی هەڵگرتبێت.

بەڵام راستەقینە ئەوەیە هیچ کەسێکی بەویژدان نیە ئاشنا ببێت بە قورئان و دان بەوەدا نەنێت کە قورئان خاڵیە لە قسەی دژ بەیەک، یان پێچەوانەی یەک، لەبەر ئەوەی کە قورئان هەم دەربڕین (لەفز)ەکانی و هەم ماناکانی قسەی خوان-عزوجل- ، لە دەمی موحەممەدی پێغەمبەری بەرێزەوە -علیه‌السلام- لەبەرکراوە و نووسراوەتەوە، بەوشێوەی بۆی نیگاکراوە، بێ ئەوەی زیادی ببێت یان کەمی ببێت، موسڵمانانیش لەگەڵ بوونی جیاوازی مەزهەبی و بیرکردنەوەیان هەموو لەسەر ئەمە یەک ڕان و لە یەک وشەیدا جیاوازیان نیە.

بەرە دوای بەرە بە درێژایی مێژوو ئەم قورئانەیان پاراستووە، لە رووی پێشکەوتووترین میتۆدەوە کە دایان نابوو بۆ دیسپلین و باش گوێگرتن و هەڵگرتن(لەبەرکردن) و نووسینەوەی وردی ریوایەتەکان و چۆنێتی گۆکردنیان و گەیاندنیان، چۆنێتی پاراستن و کۆنترۆڵکردنیان لە سینەکاندا و چۆنێتی نووسینەوەیان لە موصحەفدا کە یەک پیتی کەمتر نەبێت و جووڵەیەکی ئەو وشەیە زیاد نەکرێت، ئێستا لە توانای هەموو کەسێکدا هەیە لە ئەو پەڕی چینەوە تا ئەگەیتە ناوەڕاستی ئەفریکا نوسخەیەک قورئان بکرێت و بەراووردی بکەی بە نوسخەیەکی تری قورئان کە پێش هەزار ساڵ نووسرابێتەوە یان لە مۆزەخانەیەکدا پاراستبێتیان لە هەر شوێنێکی دنیادا بێت، ئەو راستیە

سەرنجڕاكێشەت بۆ دەرئەكەوێت كە قورئان شێوازی خوێندنەوەی پیتەكانی و وشەكانی و بنەماكانی خوێندنەوەی هەر هەمان ئەوانەی پێشووە، هیچی نەگۆڕراوە و نەكراوە بە شتی تر، لەگەڵ بوونی ئەو هەمووە سەردەمە جیاواز و زمانە جیاوازانەدا ئیتر لە منالێكەوە بیبیستی كە لەبەر بۆتی ئەڵێتەوە لە ئەندەنووسیای ئەمڕۆدا بێت، یان لە زانایەكی موسڵمانەوە بیبیستی كە لە مەككەدا دەرسی وتووتەوە پێش هەزار ساڵ.. لە قورئاندا هاتووە: {وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا} (النساء: ٨٢)، ئەوە بۆ ئەوانە سەرنجی قورئان نادەن و لێكی نادەنەوەو لێی وردنابنەوە؟ خۆ ئەگەر لە لایەن كەسێكی ترەوە بوایە جگەلە خوا بێگومان جیاوازی و دژایەتیەكی زۆریان تێدا دەدۆزیەوە. ئەمەش سەیر نیە چونكە خوا خۆی -جل جلالە- بەڵێنی پاراستنی قورئانی داوە، وەک ئەفەرموێت: {إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ} (الحجر: ٩) بەڕاستی هەر ئێمە قورئانمان دابەزاندووەو بێگومان هەر ئێمەش پارێزگاری دەكەین و (نایەڵین خیانەتكار هیچ جۆرە دەستێكی تێبخات).

### موعجیزەی ڕەوانبێژی و دەروونی:

ئەو كەسەی كە قورئان بە لێڕامان و وردبوونەوەوە ئەخوێنێتەوە ئەبینێت كە ڕاستەوخۆ و شەخصی قسە لەگەڵ ئەودا ئەكات، بەردەوام موناقشەی ناخی ئەكات و ڕاناوەستێت و ڕووبەڕووی ئەبێتەوە!.. سەیرتر لەوە ئەوەیە كە پێشی ئەكەوێت و ئاڕاستەی ئەكات، وەک ئەوەی كە فیكری بخوێنێتەوە پێش ئەوەی ئەو كەسە لای خۆشی باسی بكات!.

هونەرمەندێک ئەتوانێ وێنەیەی چاوێک بكێشێت وەک ئەوە وابێت بەرە و هەر شوێنێک بچیت ئەو چاوە سەیرت بكات، بەڵام چۆن ئەتوانرێت كتێبێک بنووسێت كە بەدوای بیركردنەوەكانتا بڕوات  و بیانخوێنێتەوە و بزانێ ئەتەوێ بڵێی چی، جا هەندێ جار وەڵامی پرسیارەكانیشت بداتەوە پێش ئەوەی بیانكەیت! لەگەڵ ئەوەی ئەوانەی قورئان ئەخوێننەوە كەسانی لە یەک جیاوازن، كەلتوور جیاوازن، ژینگە جیاوازن!

قورئان ئەم شێوازە سەرنجڕاكێشەی هەیە لە دۆزینەوەی هەستەكانی مرۆڤدا، لە دەرخستنی نهێنیەكانیدا، لە ڕۆشنكردنەوەی خاڵە لاوازەكانیدا، ئەمە بۆ خوێنەرە سەرەتاییەكانی تۆزێ زەحمەتە لە یەكەم جاریاندا، بەڵام هەر ئەوەندەی ڕۆحی بەخەبەرهێنا دەست بە پرسیاركردن لە دڵی ئەكات، ئەو پرسیارانەی كە ماوەیەكی زۆرە نەیكردوون و دوای خستوون، هەمیشە لە وەڵامەكانیان هەڵهاتوە و ڕایكردووە..

كاتێک یەكێكمان قورئان ئەخوێنێتەوە، چیرۆكی ئەو هەمووە كەسە و سیفەتەكانیان ئەخوێنێتەوە، ماوەیەک لەگەڵ نهێنیەكانیان و حاڵەتە دەروونی و بنەماكانیاندا ئەژی، ئەبینێ ئەمانەیان لە ڕێگە لایان داوەو ئەوانەیان ڕزگاریان بووە.. هەڵوێستەیەک لەگەڵ خۆیدا ئەكات  بۆ یەكەمجار و هەوڵ ئەدات چاوێک بە حساباتەكانی خۆیدا بخشێنێتەوە.. بەڵام هەر ئەوەندە خۆشە كە ئایەتەكان یەک بەدوای یەكدا دێن و وێنەكان هەمە چەشن ئەبن و نمونەكان زۆر ئەبن، ئیتر بێ ئەوەی هەستی پێبكات سەیر ئەكات بە شێوەیەكی سەیر وردە



وردە ریزئەبەستن و بەرەو دڵ ئەڕۆن، تا وای لێدێت قورئان ئەبێتە ئاوێنەیەک بۆ دەروون و ڕاستەقینەی دەروون دەرئەخات..شتە ناشایستەكانی دەروون دەرئەخات و كەموكورتیەكانی و تواناكانی و دەرفەتەكانیت پیشان ئەدات.. ئیتر بەو شێوەیە تێكەڵ بە ناخی خوێنەر ئەبێت و شۆڕئەبێتەوە بۆ ناو قوڵاییەكانی دەروون و بەخەبەری ئەهێنێتەوە تا مل كەچ بكات و دان بەوەدا بنێ كە تەنیا (الله) خوای ڕاستەقینەیە و شایستەیە بەوەی عیبادەتی بۆ بكەی..

ئەبینێ ئەو كاتانەی بێ ئومێدی ڕووی تێئەكات و هیوای نامێنێت ئەم ئایەتە ئەخوێنێتەوە {قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ} (الزمر: ٥٣). ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ: خوا دەفەرموێت: ئەی بەندەكانم! ئەوانەی كە خۆتان گوناهبار كردووە و هەڵەتان زۆرە، نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، چونكە بەڕاستی ئەگەر ئێوە تەوبەی ڕاست و دروست بكەن، خوا لەهەموو گوناهو هەڵەكانتان خۆش دەبێت، چونكە بێگومان ئەو خوایە زۆر لێخۆشبوو لێبوردەیە و زۆر بە سۆزو میهرەبانیشە.

لەو كاتانەشدا كە دوودڵە و هەست بە زۆرانبازیەكی توندی ناو ناخی خۆی ئەكات، ئەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ لای خۆی و خۆی بخاتە پەنای ئەو، ئەبینێت خوا ئەفەرموێ:{وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ} (البقرة: ١٨٦). (ئەی محمد! ئەگەر بەندەكانم پرسیارت لێبكەن دەربارەم، ئەوە من نزیكم لێیانەوە، بە هاناو هاواریانەوە دەچم هەر كاتێک لێم بپاڕێنەوە و نزا بكەن، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێن و باوەڕی دامەزراو بە من بهێنن، بۆ ئەوەی ڕێگای هۆشیاری و ئاگایی بگرنەبەر (بۆ بەدەستهێنانی سەربەرزی و سەرفرازی هەردوو جیهان).

كاتێكیش كە ئەبینێ ژیانی خەریكە لە كۆنترۆڵی خۆی دەرئەچێت، و وای لێهاتووە خەریكە توانای بەرگەگرتنی نەمێنێت و نەتوانێت ڕێ لە ڕێڕەوی ڕووداوەكان بگرێت، ئالەوێدا دەرمانی شیفابەخشی ڕێ لێئەكەوێت و ئەچێتە سەر كانیاوی فریادڕەس كە فەرمایشتی خوای گەورەیە كە ئەفەرموێت: {لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنْتَ مَوْلَانَا فَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ} (البقرة: ٢٨٦). خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەر هیچ كەسێک مەگەر بە قەدەر توانایی خۆی بێت، هەر كارێكی چاک ئەنجام بدات قازانجی تەنها بۆ خۆیەتی و هەر خراپەیەكی كردبێت تەنها یەخەی خۆی دەگرێت و لەسەر خۆیەتی (هەر بۆیە ئیمانداران دەڵێن): پەروەردگارا! لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەردا هات یان گوناهو هەڵەیەكمان لە دەست قەوما، پەروەردگارا! ئەركی سەخت و كاری گران مەدە بەسەرماندا وەكو ئەوەی داوتە بەسەر ئەوانەی پێش ئێمەدا، پەروەردگارا! ئەركێک مەدە بەسەرماندا لە تواناماندا نەبێت، تووشی بەڵاو ناخۆشیەكمان مەكە تواناو هێزمان لێ ببڕێت، گوناهمان بسڕەوە و چاوپۆشی بكە لە هەڵەو تاوانەكانمان و دایپۆشە، (داواكارین) بەزەییت بێتەوە پیاماندا، ڕەحممان پێ بكە، هەر تۆ پشت و پەناو یاریدادەری ئێمەیت، جا بۆیە داوا دەكەین سەرمان بخەیت بەسەر قەومی كافر و خوانەناساندا..

«ویڵ دیورانت» کە گرنگترین مێژوونووسی شارستانیەتەکانە دان بەم کاریگەریەی قورئاندا ئەنێت و ئەوە ئەسەلمێنێ کە قورئان شوێنی تایبەتی لای کەسە بەویژدانەکان هەیە، لە کتێبی: قصة الحضارة: ١٣/٦٨-٦٩) دا ئەڵێ:

Durant , Will. The Story of Civilization: The Age of Faith (New York: Simon and Schuster, 1950) vol. IV, pp. 183-184:

لە هەموو سەردەمێک لە سەردەمەکانی رابردوودا خەڵکێ زۆر لە کەسانی زاناو بیرمەند بڕوایان بە قورئان هێناوە، بەهەمان شێوە لەم سەردەمەشدا کە ئێمەی تیا ئەژی، هەروەها ژمارەیەکی زۆری تری خەڵکی -کە نایەنە ژمارە بە جیاوازی ئاستی عەقڵی و فیکریان -بڕوایان بەم قورئانە هێناوە، ئەمەش لەبەر هیچی تر نیە ، ئەوە نەبێت قورئان عەقیدەیەکی روون و ئاسانی هێناوە کە هەموو کەس بۆی قبوڵ ئەکرێت... ئاسانترین عەقیدە و بیروباوەڕ، کەمترین ناڕوونی تێدایە، دوورە لە هەموو خۆبەستنەوەیەک بە چەند سرووت و عیبادەتی تایبەتەوە، لە هەموو ئایینەکانی تر زیاتر لە بتپەرستی و کەهەنووتی بەدوورە، ئیسلام مرۆڤی فێرکردووە چۆن رووبەڕووی ژیان ببێتەوە و بەرگەی نەهامەتیەکان بگرێت، بێ ئەوەی بۆڵەبۆڵ بکات و بێزاری دەرببڕێت..قورئان بە دڵنیاییەوە ئایینی ناساندووە و ورد روونی کردووەتەوە، مەسیحیەک، یان یەهودیەک نیە کە بیروباوەڕی دروستی هەبێت قورئان قەبوڵ نەکات..قورئان ئەڵێ: {لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ} (البقرة: ١٧٧). کرداری چاک و کاری باش تەنها بریتی نیە لە ڕووکردنتان بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەڵکو کرداری چاک و کاری باش بریتیە لەوەی کە ئادەمیزاد باوەڕی هێنابێت بە خواو بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەکان و بە کتێبەکان و بە پێغەمبەران، هەروەها ماڵ و سامانی بەخشی بێت ـ لەگەڵ خۆشەویستیدا بۆی ـ بەخزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبواران و داواکاران و لە پێناوی ئازادکرنی بەندەکاندا، هەروەها نوێژی بە چاکی ئەنجام دابێت و زەکاتیشی لە ماڵ و سامانی دەرکردبێت و ئەوانەی وەفاداربن بە پەیمانەکانیان کاتێک پەیمانیان دابێت، ئەوانەش کە لە کاتی نەداری و هەژاری و نەخۆشی و ناخۆشی و کاتی جەنگ و شەڕو شۆڕدا ئارامگرن، ئا ئەوانە کەسانێکن ڕاستیان کردووە و هەر ئەوانەشن پارێزکار و خواناس و دیندار.



Revered to the edge of idolatry, copied and illuminated with loving skill and care, used as the book from which the Moslem learned to read, and then again as the core and summit of his education, the Koran has for thirteen centuries filled the memory, aroused the imagination, molded the character, and perhaps chilled the intellect, of hundreds of millions of men. It gave to simple souls the simplest, least mystical, least ritualistic, of all creeds, free from idolatry and sacerdotalism. Its message raised the moral and cultural level of its followers, promoted social order and unity, inculcated hygiene, lessened superstition and cruelty, bettered the condition of slaves, lifted the lowly to dignity and pride, and produced among Moslems (barring the revels of some caliphs) a degree of sobriety and temperance unequaled elsewhere in the white man's world. It gave men an uncomplaining acceptance of the hardships and limitations of life, and at the same time stimulated them to the most astonishing expansion in history. And it defined religion in terms that any orthodox Christian or Jew might accept:

Righteousness is not that ye turn your faces to the East or to the West, but righteousness is this: whosoever believeth in God, and the Last Day, and the angels, and the Book, and the Prophets; and whosoever, for the love of God, giveth of his wealth unto his kindred, unto orphans, and the poor, and the wayfarer, and to the beggar, and for the release of captives; and whoso observeth prayer... and, when they have covenanted, fulfill their covenant; and who are patient in adversity and hardship and in the times of violence: these are the righteous, these are they who believe in the Lord! (ii, 177).



# قورئان لە کوێوە هاتووە؟

پرسیارێکی

پرسیارێکی لۆژیکیە و ڕاستەخۆ خۆی هەڵئەداتە ناو زیهن کاتێک کە باس لە کتێبی پیرۆزی (موسڵمانان: قورئان) ئەکرێت و باس لە موحەممەدی پێغەمبەر-علیەالسلام- ئەکرێت: بۆچی ئەبێ ئەو چیرۆکە قەبوڵ بکەین کە موسڵمانان لەو بارەیەوە ئەیگێڕنەوە؟ ئایا بۆمان نیە ئێمەش چەند پرسیارێک لەو بارەیەوە بکەین؟

مێژوونووسان لەوەدا جیاوازیان نیە لە نێواندا کە یەکەم جار ئەم قورئانە لەسەر زمانی پیاوێکی عەرەبدا باسی هاتووەتەناو، کە نەیزانیوە بنووسێت و بخوێنێتەوە، لە مەککەدا و لە سەدەی شەشدا لە دایک بووە، ناوی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵایە.. شایەتی مێژوو بە موتەواتەری هیچ شایەتیەکی ناگاتێ، بەهەمان شێوە ئێمە لە خودی ئەو کتێبە خۆیدا ئەخوێنینەوە بەروونی ئەڵێ ئەو کتێبە داناروی موحەممەد نیە، بەڵکو فەرمایشتێکی پیرۆزە و لە لایەن خواوە بۆی هاتووە، ئەرکی موحەممەدیش هیچ نیە ئەوە نەبێت کە ئەم قورئانە بگەیەنێتە خەڵکی و روونی بکاتەوە بە بێ هیچ کەم و زیادێک تێیدا.

ئایا رێی تێدەچێت کە موحەممەدی پێغەمبەری ئیسلام خۆی ئەم کتێبەی دانابێت، یان فێری ئەو شتانە بووبێت و پاشان بە دەربڕینی خۆی داڕێژابێتەوە و پیشانی خەڵکی دابێت؟

ئەگەر پێغەمبەری ئیسلام بۆ ئەوەی دەسەڵات پەیدا بکات بەسەر خەڵکدا بە فێڵ قسەکانی دابێتە پاڵ خودا، ئەی باشە بۆچی هەموو قسەکانی خۆی نەداوەتە پاڵ خودا؟

ئەمانە چەند پرسیارێکی رەوان، خۆیان راستەوخۆ هەڵئەدەنە ناو زیهن، ئەگەر خاوەنی پرسیارەکە شارەزا نەبێت لە قورئاندا، توێژینەوەی نەکردبێت بۆ قورئان، شارەزا نەبێت بە سیرەی موحەممەد و چیرۆکەکانی ژیانی.

ئەوەی ئێمە ئەیزانین و توێژینەوە مێژووییەکان سەلماندوویانە ئەوەیە کە زۆرێک لە بیرمەند و فەرهەنگناسەکان پەلاماری بەرهەمی خەڵکانی تریان داوە و دزیویانەوە بەناوی خۆیانەوە بڵاویان کردووەتەوە، کەواتە بۆچی ئەبێ یەکێک شاکارێکی عەقڵی خۆی بداتە پاڵ کەسێکی تر؟

ئەوەی کە پرسیار دروست ئەکات ئەوەیە ئەگەر پێغەمبەر ویستبێتی دەسەڵات پەیدا بکات بەسەر خەڵکدا بە فێڵ بۆیە قسەکانی داوەتە پاڵ خوا، ئەی باشە بۆچی هەموو قسەکانی خۆی نەداوەتە پاڵ خودا؟!.

باشە عەقڵ ئەمە قەبوڵ ئەکات کە ئەو قورئانی دانابێت و ئەم کتێبەی داهێنابێت و بۆ ئەوەش دەسەڵات پەیدا بکات لەناو خەڵکدا هاتووە و داویەتە پاڵ خوا تا بەرێز ببێت و پلەدار ببێت لەناویاندا، کەچی لە هەمان کاتدا لەناو ئەو کتێبە خۆیدا خاوەنەکەی لە چەند شوێنێکدا رەخنە لە موحەممەد ئەگرێت و راستەوخۆ لۆمەی ئەکات و ئاراستەی دروستی ئەکات و هەڵەکانی بۆ راست ئەکاتەوە؟

ئەم قورئانە-وەک ئەوانەی خوێندوویانەتەوە ئەزانن- هیچ بوارێکی ژیانی نەبواردووە و رەخنەی خۆی نەگرتبێت لە موحەممەد، چ سێکتەری گشتی بووبێت، یان تایبەتی، لە راستیدا قورئان رەخنەی لە موحەممەد



گرتووە لە ژیانی خێزانیدا، بە هەمان شێوە هەندێ بڕیاری رێبەرایەتی ئەو بە هەڵە ئەداتە قەڵەم، نەک ئەوە بەڵکو هەندێ شێوازی بانگەوازکردنیی خەڵکی بۆ لای ئیسلام بە هەڵە لە قەڵەم ئەدات.

یەکێک لەو رەخنانە ئەوە بوو کابرایەکی نابینا کە هاوەڵێکی موحەممەد خۆی بوو-سەلامی خوای لێبێت- هات بۆ لای لە کاتێکدا ئەو سەرقاڵی بانگکردنی یەکێک لە سەرکردەکانی قورەیش بوو، ئومێدی وا بوو کە موسڵمان ببێت، کابرای نابینا نەیزانی کە موحەممەد سەرقاڵە بەو کارەوە، بۆیە بانگی کرد و وتی: هەندێ لەوەی خوا فێری کردووی منیش فێر بکە، لەسەر داواکەی بەردەوام بوو، چەند جارێک ئەمەی وتەوە، پێغەمبەر ناوچاوی گرژ کرد(لە تووڕەییدا رووی گۆڕا)، موحەممەد حەزی کرد کە چاوەڕوانی بکردایە تا لە بانگکردنی ئەو ئەبوویەوە، ئەوەبوو پێغەمبەر پشتی لە کابرای نابینا کرد و نەچوو بە دەمیەوە، قورئان ئەو ساتەی وەستاند و وەک مێژوو تۆماری کرد و بە وردی و بە درێژی بۆمانی وەسف کرد، رووني کردووەتەوە کە موحەممەد-سەلامی خوای لێبێت- رووی لە نابینایەک کردووە و نەچووە بە دەمیەوە، قورئان هەر لێرەشدا ناوەستێت، بەڵکو رەخنە لە پێغەمبەر ئەگرێت و زۆر بەهێزانە ئاراستەی ئەکات بۆ ئەوەی جارێکی تر شتی وا دووبارە نەکاتەوە، ئەمە لە سورەتێکدا (پارچەیەکی تەواو لە قورئان) بەناوێکەوە ناونراوە کە ئەو رووداوە ئەکاتە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، قورئان ئەفەرموێ: ( عَبَسَ وَتَوَلَّىٰ ١ أَنْ جَاءَهُ الْأَعْمَىٰ ٢ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّىٰ ٣ أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنْفَعَهُ الذِّكْرَىٰ ٤ أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَىٰ ٥ فَأَنْتَ لَهُ تَصَدَّىٰ ٦ وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ٧ وَأَمَّا مَنْ جَاءَكَ يَسْعَىٰ ٨ وَهُوَ يَخْشَىٰ ٩ فَأَنْتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ ١٠ كَلَّا إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ ١١ (عبس:١-١٢)، رووی گرژکرد و رووی وەرگێڕا (مەبەست پێغەمبەرە)، کاتێک نابیناکە هات بۆ لای. جا تۆ چوزانیت بەڵکو ئەو هاتبێت تا دڵ و دەروونی خاوێن بکاتەوە. یاخود ئامۆژگاری وەربگرێت، تا ئامۆژگاریەکە سوودی پێ بگەیەنێت. بەڵام ئەوەی کە خۆی بێ نیاز نیشان دەدات و نایەوێت رێنموایی وەربگرێت. تۆ لەگەڵ ئەودا کۆدەبیتەوە و گرنگی بەو دەدەیت و روو لەو دەکەیت. جا تۆ هیچ گوناهبار نابیت کە ئەو ئیمانی نەوێت و پاک و پوختەکردنی دەروونی مەبەست نەبێت. بەڵام ئەوەی کە خۆی هاتوتە لات و کۆشش دەکات و مەبەستێتی کە شارەزای بەرنامەی خوا ببێت... لەکاتێکدا ئەو لە خوا دەترسێت. ئەوە تۆ گوێ بەو نادەیت و خۆتی لێ بێ ئاگا دەکەیت. نەخێر وامەکە و وامەبە، چونکە بەڕاستی ئەم ئایەتانە، (ئەم سورەتە)، یادخستنەوە و ئامۆژگاریە.. پاش ئەم ئایەتانە هەرکات ئەو کابرا نابینایە بهاتایە بۆ لای



پێغەمبەر-علیەالسلام-، پێی ئەفەرموو: «مرحبا بمن عاتبنی فیه ربی» سڵاو لەو کەسەی خوا لەسەر ئەو گلەیی لێکردم، جا عەباکەی خۆی بۆ ڕائەخست تا لەسەری دابنیشێت!

قورئان ئەوەی تۆمار کردووە بۆمان کە زۆر چیرۆک و ڕەخنە هەیە پەیوەندە بە پێغەمبەرەوە، هەر کەس لە ئێمە خۆی لەوە بەدوور ئەگرێت ڕەخنەی وای لێ بگیرێت و لەناو خەڵکدا ڕووبەڕووی بکرێتەوە..کەس هەیە بێت هەڵەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە لە مێژوودا تۆماری بکات بەو شێوازە، ئەگەر ئەو کەسە مەبەستی بێت پلە و پایەیەکی دونیای بۆ خۆی دەستەبەر بکات!

پاشان، ئەوە مێژوو لە زۆر شوێندا ئەوەی تۆمار کردووە کە موحەممەد-علیەالسلام- چۆن ژیاوە لە ساتە سەختەکاندا، کە حەز و ئاواتی ئەوەبووە نیگای بۆ دابەزێت تا ڕاستی و پایەی ئەو بسەلمێنێت، یان پاکی و پاکیزەیی خێزانی بسەلمێنێت، کەچی ئەو نیگایەی بۆ نەئەهات..

یەکێکی تر لەو بابەتانە ئەوەیە کە قەومەکەی پێغەمبەر بەو شێوە بێ بەزەییانە دوژمنایەتیان ئەکرد و ئازاریان ئەدا و داوای هاوکاری و پشتیوانیان لە زانایان و نووسەرانی میللەتە پێشووەکان ئەکرد تا پشتیان بگرن لەو جەنگەدا دژ بە موحەممەد.

ئەوان پێیان وتن: سێ پرسیاری لێ بکەن، ئەگەر وەڵامی دانەوە ئەوە ڕاستە پێغەمبەرە، ئەگەر وەڵامیشی نەدانەوە ئەوە درۆیە و پێغەمبەر نیە..هاتن وایان کرد و ئەو پرسیارانەیان لێکرد، موحەممەدیش -علیەالسلام- وەک ئاڵنگاریەک فەرمووی: بەیانی وەڵامتان ئەدەمەوە..

ئەوە بوو نیگای ئاسمان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بچڕا لە موحەممەد و دانەئەبەزیە سەری، کار گەیشتە ئەوەی کە دوژمنەکانی ئەیاندا بە لایدا گاڵتەیان ئەکرد، لەبەر ئەوەی وەڵامی نەدانەوە، موحەممەد خەفەتێکی زۆری تووش هات بە هۆی ئەوەوە، نیگای قورئانی بۆ نەهات تا پانزە ڕۆژ دوای ئەوە کە وەڵامی پرسیارەکانی تێدا بێت، کە نیگاکەش هات کۆمەڵێک ڕێنمایی تێدا بوو بۆ موحەممەد و پێی ئەڵێ: مەڵێ بەیانی ئەو کارە ئەکەم تا کردنی ئەو کارە ئەبەستیتەوە بە ویستی خواوە و ئەڵێی: ئەگەر خوا بیەوێت، دواخستنی ئەم وەڵامەش شێوازێکی پەروەردەکردنە بۆت، قورئان ئەفەرموێ: {وَلَا تَقُولَنَّ لِشَيْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا • إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ وَاذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ وَقُلْ عَسَىٰ أَن يَهْدِيَنِ رَبِّي لِأَقْرَبَ مِنْ هَٰذَا رَشَدًا}، (الکهف: ٢٣-٢٤). هەرگیز دەربارەی هیچ شتێک و هیچ کارێک مەڵێ، من بەڕاستی سبەینێ ئەنجامدەری ئەو کارەم...مەگەر بڵێیت: ئەگەر خوا بیەوێت و ویستی پەروەردگاری لەسەر بێت، یادی پەروەردگاریشت بکە کاتێک کە لە بیرت چوو بڵێیت (ان شاء الله) لە ئەنجامدانی هەر کارێکدا بڵێ: ئومێدەوارم پەروەردگارم ڕێنموویم بکات بۆ بەڵگەیەکی نزیکتر لەمە تا بەو شێوەیەی کە پێی چاکەو لای پەسەندە جێبەجێی بکەم.



## چەند تۆمەتێکی چەند بارە:

یەکێک لە شتە سەیرەکان ئەوەیە چیرۆکی ژیانی موحەممەد -علیەالسلام- ئەکرێ بە ڕوونترین بەڵگە دابنرێت بۆ ڕاستی ئەو..

ئەی کەوایە کەسێکی نەخوێندەوار کە نەتوانێ بنوسێ و بخوێنێتەوە، لەناو خەڵکێکی نەخوێندەواردا ژیابێت، کاتەکانی لەگەڵ ئەواندا بەسەر بردبێت و لە کۆڕو کۆبوونەوەیاندا ئامادە بووبێت -نەک کۆبوونەوەی گوناهکردن- و خەریکی بژێوی پەیداکردنی خۆی و ماڵ و منداڵی بووبێت، ماوەیەک شوانی مەڕی بە کرێ ئەکرد، یان بازرگانی ئەکرد، کەسێ هیچ پەیوەندیەکی بە زانایانەوە نەبووە، زۆربەی ژیانی تا چل ساڵی تەواوی تەمەنی لەو شتانەدا سەرف کردووە، کەچی لە ساتەوەختێکدا باسی بابەتێکیان بۆ ئەکات کە باوباپیرانیشیان شارەزاییان تێیدا نەبووە، چیرۆکی پێشینانیان بۆ ئەگێڕێتەوە، باسی سەرەتای خولقاوەکانیان بۆ ئەکات، درێژەی ژیانی پێغەمبەرانیان بۆ باس ئەکات، یاسای زۆر وردیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ باس ئەکات!!.

دوژمنەکانی موحەممەد لەناو قەومەکەیدا ئەم ڕاستیە تووشی شۆکی کردبوون، بۆیە لەق و دوودڵ بووبوون لە ناساندنی ئەو پەیامەدا کە بۆی هاتبوو، بیریان لای ئەوە بوو چ تۆمەتێک بدەنە پاڵی تا خەڵکی شوێنی نەکەون؟

زۆر قورس بوو لایان بڵێن: قورئان دانراوی موحەممەدە، ئەمە ناچێتە عەقڵی کەسێکەوە کە قورئانی خوێندبێتەوە و لێی وردبووبێتەوە، ناشکرێ لە یەکێکی تریشەوە فێری بووبێت، چونکە ئەو ئەوەتەی هەیە لەناو خۆماندایە، درێژەی هەموو ژیانی ئاگادارین..ئەهاتن تۆمەتباریان ئەکرد بە شتێک و بە پێچەوانەی ئەو شتەش! جارێ ئەیانووت: ئەمە لە خەڵکی پێش خۆی وەریگرتووە، جارێ ئەیانووت: لەخۆیەوە هەڵیبەستووە، جارێ ئەیانووت: ئەمە خەوەکانی خۆیمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە بینیوونی لە خەودا.. کە نەیانئەتوانی ئەوە بسەلمێنن، ئەهاتن ئەیانووت: جادووگەرە، شاعیرە، لەوانەیە شێت بێت!

ئەمە هەر هەمان تۆمەت بوو کە ئەیاندایە پاڵ موسا-سەلامی خوای لێبێت- ئەی پێیان نەئەوت جادووگەر؟ ئەی عیسایان-سەلامی خوای لێبێت- بەوە تۆمەتبار نەکرد کە شێتە؟

ئەم تۆمەتبەخشینەوەیە لەگەڵ هەموو پێغەمبەرانی پێشووشدا هەر کراوە-سەلامی خوایان لێ بێت- کاتێک دوژمنەکانیان نەیانئەتوانی تۆمەتێکیان بدەنە پاڵ ئەهاتن ئەیانووت: ئەمانە شێتن.. ئەمانە جادووگەرن، ئەمە حاڵی شایەتیدەرێکی درۆزنە، کاتێک هەست ئەکات هەڵوێستەکە تەنگەتاوی کردووە و بەڵگەی بەدەستەوە نەماوە، دەست بۆ هەموو لایەک ئەبات و هەر شتێکی ناجوان هەبێت ئەیکاتە تۆمەت بەسەر بەرانبەرەکەیەوە، بە هیوای ئەوەی زەمینەیەکی دەست بکەوێت لەسەری ڕابوەستێت و نەکەوێت، بەڵام هەیهوو!

ئەم تۆمەتبەخشینەوەیە لەگەڵ هەموو پێغەمبەرانی پێشووشدا هەر کراوە -سەلامی خوایان لێ بێت- کاتێک دوژمنەکانیان نەیانئەتوانی تۆمەتێکیان بدەنە پاڵ ئەهاتن ئەیانووت: ئەمانە شێتن..ئەمانە جادووگەرن.

### بۆچی پێغەمبەرایەتی تەنیا بە بلیمەتییەک دانەنێین:

هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکن کە خوا ئەوەندە توانا و داهێنانی لە ناو عەقڵدا تۆمار کردووە کە بە خەیاڵدا نایەت، بەڵام ئەوەش شتێکی سروشتیە کە عەقڵیش سنوورێکی هەیە لە وەرگرتنی شت و بەرهەمهێنانی بیرۆکەدا.. لەگەڵ ئەوەی کە عەقڵ شایەتی ئەدات خوایەکی دروستکەری بەدەسەڵات هەیە، دادپەروەری ئەو خوایە ئەوە ئەخوازێت ئەبێ ژیانێکی تر هەبێت و لەو ژیانەدا هەموو کەس ئیتر بە خێر بێت یان بە شەڕ بێت پاداشتی خۆی وەربگرێتەوە، بەڵام ئایا عەقڵ ئەتوانێت درێژە و وردەکاریەکانی ئەو رۆژە دەرک پێ بکات؟ لەو شتانەی کە بەڵگە و شایەتی بۆ شک نابەیت؟



ئەوەی ئاشنایە بە قورئان ئەبینێت هەموو سنوورەکانی ئیمان شەرح ئەکات بە درێژی، بە درێژی و وردەکاریەوە باسی ئەوەمان بۆ ئەکات سەرەتا ئەم بوونەوەرە چۆن دروست بووە، چۆن کۆتایی پێ دێت، باسی بەهەشت و خۆشیەکانی ئەکات، باسی ئاگر و قۆناغەکانی سزای ناو ئاگر ئەکات، باسی ژمارەی دەرگاکانی، ژمارەی ئەو فریشتانەی کە بەرپرسن لە ئاگر، زۆر راستی تر باس ئەکات بەدرێژی دەربارەی بوونەوەر و مرۆڤ.. دەی ئەم راستیە وردانە لەسەر بناغەی کام تیۆری عەقڵی بنیاتنراوە و باس کراوە؟

ئەم شتانە بە زیرەکی و بە بلیمەتی بەرهەم ناهێنرێن، ئەم شتانە یان درۆ و پووچ و گۆترەکارین، یان راستین و بە وەرگرتن و فێربوون نەبێت رێگەیەکی تر نیە بۆ دەستکەوتنیان.

زانستی تازە هەندێ لەم راستیانەی سەلماندووە، لە هەمان کاتدا دژی هیچ زانیاریەک لەو زانیاریانە نیە، هەروەها ئەم زانیاریانە لەسەر نادیارەکان هاوئاهەنگن لەگەڵ ئەو زانیاریانەی لەناو کتێبە ئاسمانیە پێشووەکاندا هەن.

### لەوانەیە قورئان کتێبی تر بووبن و سەرلەنوێ موحەممەد دارێژرابنەوە:

یەک هەڵوێستە بکەین ئەگەر بۆ ساتێکیش بوە تا بزانین ئایا ئەگەر بە ئەندازەیەکی کەمیش بێت ئەگەری ئەوە هەیە موحەممەد ئەم قورئانەی لە کتێبی پێغەمبەرە پێشووەکانەوە وەرگرتبێت؟





ئەگەر باز بدەین بەسەر ئەوەدا کە موحەممەد -علیه‌السلام- نەخوێندەوار بووە و نەیخوێندووە و نەینووسیوە، قەومەکەشی زۆربەیان نەخوێندەوار بوون و شارەزای ئەو زانستانە نەبوون، هەروەها یەکتربینین و دانیشتنی نەبووە لەگەڵ زاناکانی ئەهلی کیتابدا-بینینێکی کورت نەبێت لە سەفەرێکدا و بە ئامادەبوونی خزمەکانی و بۆ چەند ساتێکیش-، چاو لەوەش بپۆشین کە راستیە مێژوویەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەوانەی شارەزا بوون لە کتێبدا لەو رۆژگارەدا کەسانێک بوون ئەو کتێبانە تەنیا لای خۆیان بووە و شاردوویانەتەوە و مەبەستیان بووە پارێزگاری لە پایە ئایینیە تایبەتەکەی خۆیان بکەن، ئەو سەردەمانە زانست کراوە و واڵا نەبووە بۆ خەڵکی..

ئەگەر باز بەسەر هەموو ئەمانەدا بدەین، ئەو راستییەی لە بەردەم هەموو توێژەرێکدا راست ئەبێتەوە ئەوەیە کە قورئان هاوئاهەنگ نیە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا کە لە کتێبە ئاسمانیە پێشووەکاندا بوونیان هەبووە، بەڵکو قورئان هاتووە هەندێ لەو زانیاریانەی راست کردووەتەوە (ئەو زانیاریانەی کە هەندێ لە زانایان گۆڕیویانە)، هەندێ کەموکورتی ئەو چیرۆکانەشی پڕکردووەتەوە، ئەوەی دەرخستووە کە ئەوان زانیاری زۆریان شاردووەتەوە لە خەڵکی، بیرباوەڕی لادەرانەی زۆری ناو ئەو کتێبانەی روون کردووەتەوە، ئەو تۆمەتە رەوشتیانەی رەتکردووەتەوە کە دراونەتە لای پێغەمبەران -کە پێغەمبەران لێی دوورن-. قورئان پڕە لە نمونە لەو بارەیەوە، دەی لەگەڵ ئەمانەدا ئەکرێ بوترێت موحەممەد قوتابی لای ئەوان بووە؟ یان ئەو زانیاریانەی لەوان وەرگرتووە؟.

### راستیەکی مێژوویی جیاکەرەوە:

توێژەری بەویژدان زۆر لەسەر ئەوە رائەمێنێ.. ئایا موحەممەدی پێغەمبەری ئیسلام –علیه‌السلام– پیاوێکی عەرەب نەبووە؟

ئایا مێژوو ئەوەمان بۆ روون ناکاتەوە کە قەومی عەرەب لەو رۆژگارەدا هیچ هونەرێکیان نەبووە شانازی پێوە بکەن رەوانبێژی و قسە رەوانی نەبێت؟ پیشە هەرەباوەکەی ناویان شیعر و ئەدەب نەبێ هیچی تر نەبوو؟ ئەهاتن و کۆنگرە و کۆڕ و کۆڕبەندیان بۆ سازئەکرد، خێڵێک بە شیعرێک ئەبرایە ئاسمان و یەکێکی تر بە شیعرێک ئەخرایە چەم!

کتێبەکانی ئەدەب و مێژوو ئەوەمان بۆ ئەگێڕنەوە کە کەسێک هەر ئەوەندەی خۆش بوو شیعرێک یان پەخشانێک بڵێت، ئیتر بە کۆمێنت دایانئەگرتەوە و کەموکورتیەکانیان بۆ پڕ ئەکردەوە و ئەوەی ئەو پەی پێنەبردبوو ئەمان باسیان ئەکرد و بە شێوازەکەی خۆی

ڕەخنەبارانیان ئەکرد، ئائەمە گۆڕەپانی پێشبڕکێنیان بوو، هێز و توانای خۆیان لەمەدا پیشان ئەدا.

دەی ئیتر چۆن دوژمنە سەرسەختەکەیان ئەو کەسەی کە هیچ کەمتەرخەمیەکیان لە جەنگی ئەودا بەخەرج نەئەدا تا تۆڵەی لێ بسەنن، و خەڵکی لێ بتەکێننەوە، تەحەددداشیان بکات کە ئەگەر ڕاست ئەکەن کتێبێک وەک ئەم قورئانە بهێنن، یان بەشێکی بچوک بهێنن، کەچی ئەوان لەبەرانبەر ئەم تەحەددایەدا بێ دەنگ بن و لەو زۆرانبازیە رابکەن!

باشە موحەممەد نەئەترسا بەم تەحەدداکردنەیان تووڕەیان بکات و توانای شیعریان بوروژێنێت کە یەکێک لە هەرە تایبەتمەندیەکانی ئەوان بوو، یەکێک لە بەهێزترین زانستەکانی ئەوان بوو، نەئەترسا هەموو غیرەت بیانگرێت و تاک تاک و کۆمەڵ کۆمەڵ رابدەنە مەیدانەکە بۆ مونافەسەکردنی، تا بێدەنگی بکەن و بۆ هەموو دنیای بسەلمێنن کە ئەوەی ئەو هێناویەتی شتێکی پووچ و بێ مانایە؟!

پاشان با ئەو ئەگەرەش دابنێین کە موحەممەد بۆیە زاتی ئەمەی کردووە چونکە توانای قەومەکەی خۆی زانیوە، بەڵام ئەی چۆن زاتی ئەوەی کردووە کە تەحەددای نەوەکانی داهاتووش بکات تا قیامەت بەوەی کەس ناتوانێ کتێبێک وەک قورئان بهێنێت، یان پارچەیەک لە قورئان، با هەر هەمووشیان سەر بکەن بەیەکداو هاوکاری یەکتری بکەن؟!

ئەم تەحەددایە کەس ناوێری بیکات ئەو کەسە نەبێت کە دڵی لێوان لێوبێت لە متمانە و یەقین بەو شتەی هەواڵی لەبارەوە ئەدات.. کارەکەش بەو شێوەیە دەرچوو، نە قورەیش و نە گەورە ڕەوانبێژەکان زاتی ئەوەیان نەکرد کە کتێبێک یان پارچەیەک وەک قورئان دابنێن، ئەمە ڕاستیەک بوو بۆ ئەو ڕۆژگارە و ڕاستیە بۆ ئەم ڕۆژگارەش، ئەوەشی هەوڵی ئەوەی دابێت یان هاتبێت بە خەیاڵیدا شتێکی وا بکات مێژوو شایەتی ئەوە ئەدات کە سەرکەوتوو نەبووە و ڕسوای ناو خەڵک بووە! و بووەتە جێگەی گاڵتەی قەومەکەی، بووەتە مادەی سووکایەتی و گاڵتەپێکردن لەناو خەڵکیدا.



## هەموو کەسێک قسەیەکی هەیە بۆ کۆتایی:

دوای هەموو ئەمانە قسەی کۆتایی بۆ هەریەکەمان ئەمێنێتەوە تا بڕیار لەسەر قورئان بدەین، ئەبێ هەڵوێستمان لە قورئان چۆن بێت، چونکە هەریەکەمان هەڵوێستەکەی لە ئەزموونێکی شەخصی خۆیەوە سەرچاوە ئەگرێت، بۆیە ئەبێ قورئان بخوێنێتەوەو توێژینەوەی لەسەر بکات و لێی رابمێنێت، پێ لەسەر ئەوەش دابگرێت کە ئەبێ وەرگێڕراوێکی گونجاوی قورئان بۆ زمانەکەی خۆی دەست بخات ئەگەر ئەو کەسە عەرەب نەبوو.

لە قورئاندا هاتووە کە گەورەترین بەڵگە لەسەر پێغەمبەرایەتی موحەممەد-علیه‌السلام- ئەوەیە لە ڕێگەی دڵ و لە ڕێگەی عەقڵەوە بگەینە ئەو ئەنجامە پاش خوێندنەوەی باشی قورئان و ڕامان لە ماناکانی قورئان، وەک ئەفەرموێ: {أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَى عَلَيْهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَى لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ} (العنكبوت: ٥١). ئایا بەس نیە بۆیان کە بەڕاستی ئێمە قورئانمان دابەزاندووە بۆت و بەسەریاندا دەخوێنرێتەوە، بێگومان ئا لەو قورئانەدا ڕەحمەت و یادەوەری ئاشکرا هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئیمان دەهێنن.

ئەمە بانگەشەیە بۆ ئەوەی هەموو کەس خۆی ئاشنا بکات بە قورئان و لێی وردبێتەوەو رابمێنێت لێی، لەبەر ئەوەیە کە کەس ئەم داوایە ناداتە دواوە ئەو کەسە نەبێت کە قوفڵی داوە لە عەقڵ و لە دڵی خۆی، وەک قورئان ئەفەرموێ: {أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا} (محمد : ٢٤)، ئایا ئەوە بۆچی ئەوانە وردبینی لە قورئاندا ناکەن و گوێی بۆ ناگرن ؟! یان ئەوەیە دڵەکان لە ئاستی ڕاستیدا قوفڵ دراون؟



## سورەتی ئەلفاتیحە

ئەم سوورەتە گەورەترین سوورەتی قورئانە، موسڵمان بەردەوام چەند بارەی ئەکاتەوە لە نوێژەکانیدا و ماناکانی بە کورتی بریتین لە:

### ماناى سورەتی ئەلفاتیحە

| | |
| --- | --- |
| {بسم الله الرحمن الرحيم} | وەک ئەدەب و بە گەورە سەیرکردنێک بەناوی خوا پێئەکەم، ئەو خوایەی کە میهرەبانە و میهر و سۆزی ئەو هەموو شتێکی گرتووەتەوە. |
| {الْحَمْدُ لله رَبِّ الْعَالَمِينَ} | سوپاسی خوا ئەکەم لەسەر ئەو هەمووە سیفەتەجوان و ئیشەچاک و نیعمەتە دیارو نادیارانەی ، هاورێ لەگەڵ ئەو خۆشەویستی و بەرز بۆ ڕوانینەدا کە شایستەی ئەوە، ئەو خولقێنەر و خاوەن موڵکە کە هەڵسوڕێنەر و ڕۆزیدەری جیهانی هەموو خولقاوەکانە. |
| {الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} | دارای هەموو ماناکانی سۆز و میهرەبانیە لە هەموو حاڵەتێک و لە هەموو بوارێکدا، ئەوە خاوەنی میهری گشتی و ڕەهایە کە هەموو شتێکی گرتووەتەوە. |
| {مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ} | ئەو خاوەن موڵکەی کە هەڵسوڕێنەری ڕۆژی پاداشت و لێپرسینەوەیە، |
| {إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ} | خوایە! ئێمە پەرستن تایبەت ئەکەین بەتۆوە، هیچ شەریکێک بۆ بڕیارنادەین لە هیچ جۆرێک لە جۆرەکانی عیبادەتدا داوای کۆمەکیش هەر لەتۆ بەتەنیا ئەکەین بۆ هەموو کاروبارەکانمان هەرچی کار هەیە بەدەستی تۆیە و کەس نیە تۆسقاڵێکیش چیە لەو کارانەی بەدەست بێت. |
| {اهدنا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ} | نیشانمان بدە و ڕێگەی ڕاستمان بۆ ڕۆشنبکەرەوە و ڕاوەستاومان بکە لەسەری تا ئەگەین بەخزمەتت |





| | |
| --- | --- |
| {صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ} | ڕێگەی ئەوانەی کە نیعمەتی خۆت ڕشتووە بەسەریاندا بەووە شارەزاو بەرچاوڕۆشنت کردوون و ڕاوەستاوت کردوون لە توێژی پێغەمبەران و چاکەکاران ئەوانەی کە ڕاستیان ناسیوە و شوێنی کەوتوون |
| {غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ} | بەدوورمان بگرە ڕزگارمان بکە لە ڕێگەی ئەوانەی تووڕەیی خۆتت ڕشتووە بەسەریاندا و لێیان زویر بوویت چونکە ڕاستیان ناسیوە بەڵام شوێنی نەکەوتوون، لەڕێگەی خەڵکی وێڵیش بەدوورمان بگرە کە ئەوانەن شارەزانین لە ڕێگەی ڕاستدا لەبەر نەفامی و کەمتەرخەمی خۆیان. |
| {آمين} | خوایە وەڵامان بدەرەوە. |



# راستی عیبادەتەکان لە ئیسلامدا چییە؟

راستی

**ئایا خوا پێویستی بە عیبادەتی ئێمە هەیە؟**

خوای گەورە پێویستی بە عیبادەت و بە کار و کردەوەی ئێمە نیە، رزگاربوون و پاکبوونەوەش تەنیا بەوە نابێت چەند سرووت و شتێکی رووکەش و هەندێ باجی دارایی ئەنجام بدەی، بەڵکو عیبادەت رووکردنە خوایە بە راستی و دروستی و بڕوابوونە پێی، ئەو بڕوایەی کە پێویستە لە واقیعدا رەنگ بداتەوە، بەوەی نەفس و رەوشتت بەرزبکەیتەوە و خزمەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکەیت و تێبکۆشی بۆ هەستانەوەیان.

## ئایا خوا پێویستی بە عیبادەتی ئێمە هەیە؟

خوای گەورە پێویستی بە عیبادەت و بە کار و کردەوەی ئێمە نیە، رزگاربوون و پاکبوونەوەش تەنیا بەوە نابێت چەند سرووت و شتێکی رووکەش و هەندێ باجی دارایی ئەنجام بدەی، بەڵکو عیبادەت رووکردنە خوایە بە راستی و دروستی و بڕوابوونە پێی، ئەو بڕوایەی کە پێویستە لە واقیعدا رەنگ بداتەوە، بەوەی نەفس و رەوشتت بەرزبکەیتەوە و خزمەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکەیت و تێبکۆشی بۆ هەستانەوەیان.

خوا ئەفەرموێ: {وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ • مَا أُرِيدُ مِنْهُمْ مِنْ رِزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَنْ يُطْعِمُونِ • إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ} (الذاريات: ٥٦ – ٥٨). بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە من بپەرستن و فەرمانبەردارم بن .نە رۆزیم لێیان دەوێت نە خواردن و خواردنەوە. چونکە بە راستی هەر خوا خۆی رۆزی بەخشە و خاوەنی هێز و دەسەڵاتی پتەوە.

کە خەڵکی بوو بە گرفت بۆیان روو بکەنە کوێ بۆ نوێژ و پرسیاریان ئەکرد: کام قیبلەیە دروستە رووی تێبکەین لە نوێژەکانماندا- چونکە لە ئیسلامدا روو ئەکرایە مەککە بۆ نوێژکردن- ئەوەیان بۆ دووپاتکرایەوە کە راستەقینەیی ئایین ئەوەیە بە راستی بڕوا بهێنیت و راستگۆیانە روو لە خوا بکەیت و کاری چاک بکەیت و سوودت بۆ مرۆڤایەتی هەبێت، ئیتر چاکە تەنیا ئەوە نیە روو لە رۆژئاوا بکەیت یان لە رۆژئاوا، پێی فەرموون: {لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ} (البقرة: ١٧٧). کرداری چاک و کاری باش تەنها بریتی نیە لە ڕووکردنتان بەرە و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەڵکو کرداری چاک و کاری باش بریتیە لەوەی کە ئادەمیزاد باوەڕی هێنابێت بە خواو بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەکان و بە کتێبەکان و بە پێغەمبەران، هەروەها ماڵ و سامانی بەخشی بێت ـ لەگەڵ خۆشەویستیدا بۆی ـ بە خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبواران و داواکاران و لە پێناوی ئازادکرنی بەندەکاندا، هەروەها نوێژی بە چاکی ئەنجام دابێت و زەکاتیشی لە ماڵ و سامانی دەرکردبێت و ئەوانەی وەفاداربن بە پەیمانەکانیان کاتێک پەیمانیان دابێت، ئەوانەش کە لە کاتی نەداری و هەژاری و نەخۆشی و ناخۆشی و کاتی جەنگ و شەر و شۆڕدا ئارامگرن، ئا ئەوانە کەسانێکن ڕاستیان کردووە و هەر ئەوانەشن پارێزکارو خواناس و دیندارن.



قورئان ئەوە دووپات ئەکاتەوە جارێکی تر کە ئەو کەسەی تێئەکۆشێت و خۆی ماندوو ئەکات لە عیبادەتکردن و ئاییندارێدا بۆ سوودی خۆی و رزگاربوونی خۆی وائەکات، هەر کەسیش کافر ببێت ئەوە تەنیا زیان بە خۆی ئەگەیەنێت، خوا بێمنەتە لە هەموو خەڵکی، خوا ئەفەرموێ:{وَمَنْ جَاهَدَ فَإِنَّمَا يُجَاهِدُ لِنَفْسِهِ إِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ} (العنكبوت: ٦). ئەوەش کە هەوڵ دەدات و کۆشش دەکات لە پێناوی گەیاندنی ئاینی خوادا بێگومان قازانج و سوودی هەوڵ و کۆششەکەی هەر بۆ خۆیەتی، چونکە بەراستی خوا بێ نیازە لە هەموو خەڵکی .). بەڵام لە قیامەتدا ئەو زاتە زۆر سوپاسگوزاری ئەو کەسانەیە کە هەوڵ و کۆششیان داوە لە پێناوی ئاینەکەیدا ) .



> کە خەڵکی بوو بە گرفت بۆیان روو بکەنە کوێ بۆ نوێژ و پرسیاریان ئەکرد: کام قیبلەیە دروستە رووی تێبکەین لە نوێژەکانماندا-چونکە لە ئیسلامدا روو ئەکرایە مەککە بۆ نوێژکردن- ئەوەیان بۆ دووپاتکرایەوە کە راستەقینەیی ئایین ئەوەیە بە راستی بڕوا بهێنیت و راستگۆیانە روو لە خوا بکەیت و کاری چاک بکەیت و سوودت بۆ مرۆڤایەتی هەبێت، ئیتر چاکە تەنیا ئەوە نیە روو لە رۆژئاوا بکەیت یان لە رۆژئاوا.

## پایەکانی ئیسلام:

پایەکانی ئیسلام بریتین لە ئەو گرنگترین عیبادەتانەی فەرمانیان پێکراوە لە ئیسلامدا، ئەوانەش بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:



1. بڕواهێنان و دانان بەوەدا کە تۆ دڵسۆزانە عیبادەتی خوا ئەکەیت و شوێن پێغەمبەرەکەی کە موحەممەدە ئەکەوی، ئەمەش بەوە ئەبێت کە شایەتی بدەی کە تەنیا (الله) خواوەندی ڕاستەقینەیە و شایەتیش بدەی کە موحەممەدە پێغەمبەری خوایە (بڕوانە لاپەڕە ٣٦)



2. بەجێهێنانی پێنج نوێژە فەرزەکە. (بڕوانە لاپەڕە ١١٦)



3. زەکاتدان بە کەسانی شایستە. (بڕوانە لاپەڕە ١٢٢)



4. حەجکردنی ماڵی خوا بۆ ئەوانەی کە ئەتوانن لە ڕووی ماڵی و لە ڕووی جەستەییەوە. (بڕوانە لاپەڕە ١٢٦)



5. گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان. (بڕوانە لاپەڕە ١٥٨)



## بۆچی فەرزەکان و تاقیکردنەوە دانراوە؟

بەردەوام ئەم پرسیارە چەند بارە ئەبێتەوە و هەر جارەی بە دەربڕینێک، کەسێک ئەڵێ: باشە چۆن خوا مەدە و دداان و زمانمان بۆ دروست ئەکات و پاشان پێمان ئەڵێ: بەڕۆژوو بن؟ چۆن خوا جوانی و ئارەزوومان پێئەدات و پاشان پێمان ئەڵێ: چاوتان دابگرن و داوێنتان بپارێزن؟! لەوانەیە هی وا هەبێت زاتی ئەوە بکات و بڵێ: باشە چۆن هێزمان پێئەدات و کەچی لەولاشەوە ڕێمان لێئەگرێت تا هێرش نەکەینەسەر خەڵکانی تر و ستەمیان لێ نەکەین؟

ڕاستیەکە لە بۆچوونی ئیسلامیدا ئەوپەڕی ڕوونە، خوا ئەو توانا و هێزانەی پێداوین تا بەکاریان بهێنین نەک ئەوان بەکارمان بهێنن.. خوا ئەسپی داوە بە تۆ تا سواری ببیت و جڵەوەکەی بگری و ڕاییکێشی، نەک ئەو سواری تۆ ببێت و جلەوت بگرێت و ڕاتبکێشێت، جەستە و هێزەکانمان ئەسپە دروستکراوەکانن بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی سواریان ببین و جڵەویان بگرین و ڕەشمەیان بکەین و بەکاریان بهێنین لە کات و شوێن و شێوازی دروست و تەندروستدا، نەک بە پێچەوانەوە..

> لەمەوە تێئەگەین کە پایەی ئەم مرۆڤە و سەرکەوتنەکانی بەندە بە ڕادەی بەکارهێنانی ئەو هێزانەی هەیەتی بۆ کۆنتڕۆڵکردنی ئارەزووەکانی، بۆ جڵەوگرتنی حەز و نەفسی، پاشان بەکارهێنانی ئەو هێزانە لە شتێکدا کە سوودی هەبێت..







لەمەوە تێئەگەین کە پایەی ئەم مرۆڤە و سەرکەوتنەکانی بەندە بە رادەی بەکارهێنانی ئەو هێزانەی هەیەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئارەزووەکانی، بۆ جڵەوگرتنی حەز و نەفسی، پاشان بەکارهێنانی ئەو هێزانە لە شتێکدا کە سوودی هەبێت.. خوای گەورەش مرۆڤی بە هۆی ئەمەوە جیاکردووەتەوە و گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی بۆ ساز و ئامادەکردووە.. بۆ ئەمەش خوا ئێمەی خولقاندووە..

وەک لە قورئاندا هاتووە{إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ نُطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَاهُ سَمِيعًا بَصِيرًا إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا} (الإنسان: ٢-٣). بێگومان ئێمە ئینسانمان دروستکرد لە تێکەڵەیەک (لە تۆوێک و هێلکۆکەیەک) لە کاتێکدا دەمانەوێت تاقیبکەینەوە، هەر بۆیە دەزگای بیستن و بینینمان پێبەخشی (بیستن بۆ زانستە عەقڵیەکان و بینین بۆ زانستە مادیەکان). بە ڕاستی ئێمە ڕێنموییمان کرد بۆ ڕێگەی ڕاست، بە ئازادی دەتوانێت ببێتە کەسایەتیەکی ئیماندار و سوپاسگوزار، یان بێ باوەڕ و خوانەناس.

هەموو ئەو لێقەومان و مەینەتیانەش کە تووشی ئەبێت هیچ نیە ئەوە نەبێت تاقیکردنەوەیەکی زیادەیە تا بەهۆی ئەوەوە برەوی زیاتر بدەین بە هەلومەرجە ئەخلاقی و ئیمانیەکانمان، جارێکی تر ئامانجەکەمان و پلەوپایەی خۆمان بیربکەوێتەوە لەم ژیانەدا، وەک قورئان ئەفەرموێ: {وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ} (البقرة: ١٥٥، ١٥٦). بە دڵنیاییەوە تاقیتان دەکەینەوە بە کەمێک لە ترس و بیم و برسێتی و کەم بوونی ماڵ و سامان و مردنی کەس و کارو تیاچوونی بەرو بوومی کشتوکاڵ، جا مژدە بدە بەو کەسانەی خۆگرو بە ئارامن... کە ئەوانەن هەر کاتێک تووشی بەڵاو ناخۆشیەک دەبن دەڵێن: ئێمە موڵکی خواین و هەرچی هەمانە بەخششی خوایە، سەرئەنجامیش تەنها هەر بۆ لای ئەو زاتەیە گەڕانەوەمان.

بەم شێوەیە ژیانی دونیا ئەو بوارەیە کراوەیە بۆمان تا لە رووی ئیمانی و مۆراڵییەوە پێش بکەوین، یان پاشەکشە بکەین، خوای (عزوجل)یش با دەرفەتی زۆر و چەند بارەی بۆ رەخساندووین تا ڕێگەی هیدایەت بگرینەبەر و ڕێگە و ڕێبازمان راستبکەینەوە، بەڵام بەزۆر نامانخاتە سەر ڕێگەکە، بەڵکو دەرگاکەی بەکراوەیی بۆ بەجێهێشتووین تا تاقیمان بکاتەوە، ئاراستەی کردووین بەرەو ئاوەدانکردنەوەی ئەم زەویە و سوودگەیاندن بە مرۆڤایەتی، بۆ ئەوەش سوود لە هەڵە و ئیجتیهادەکانمان وەربگرین، بەو مەرجەی کە هەرکات هەڵەیەکمان کرد یان پێمان خلیسکا بگەڕێینەوە بۆ لای ئەو پەروەردگارە و تۆبە بکەین، پێغەمبەری بەڕێز موحەممەد-علیه‌السلام- ئەفەرموێ: «لو لم تذنبوا لذهب اللّٰه بكم، ولجاء بقوم يذنبون، فيستغفرون اللّٰه فيغفر لهم» (مسلم ٢٧٤٩). ئەگەر گوناە و هەڵە نەکەن، خوا ئێوە ئەباتەوەو قەومێکی تر ئەهێنێتە سەر زەوی کە گوناە و هەڵە بکەن و داوای لێخۆش بوون لە خوا بکەن و ئەویش لێیان خۆش ببێت.

# نوێژ

وابزانم پێشتر ئەم پرسیارەت کرد سەبارەت بە راستی ئەم کاروبارە کە ئەو کاتەی راستەوخۆ ئەو دیمانە سەرنجڕاکێشەت بینی، یان لە دەزگاکانی راگەیاندندا بەرچاوت کەوتووە، کارەکەش ئەوەیە موسڵمانێک یان زیاتر ئەبینی کە هەموو روویان کردووەتە شوێنێکی دیاریکراو، دەستیان کردووە بە سووژدەبردن و کڕنۆش بردن، وەک ئەوەی کە لە دونیای چواردەوریان دابڕابێتن..

## ئەرێ نوێژی موسڵمانان چییە؟

نوێژ شوێن و پایەیەکی گەورەی لە ئیسلامدا بۆ دانراوە، لەبەر ئەوەی گرنگترین رێگەیە بۆ خۆنزیککردنەوە لە خوای پەروەردگار و ملکەچکردن بۆی و هانابردن و پاڕانەوە لێی، وەک خوای گەورە ئەفەرموێ: {وَاسۡجُدۡ وَاقۡتَرِبۡ} (العلق: ١٩)، سووژدە بەرە و خۆ لە خوا نزیک بکەرەوە، لەبەر ئەمەیە کە نوێژ بە پایەی دووەمی ئیسلام دانراوە پاش شایەتمانهێنان..

پێغەمبەر(علیه السلام) ئەفەرموێ: «بني الإسلام على خمس: شهادة أن لا إله إلا الله، وأن محمدًا رسول الله، وإقام الصلاة..» (البخاري ٨). واتە: ئیسلام لەسەر پێنج پایە وەستاوە: شایەتیدان کە تەنیا پەروەردگار خوای راستەقینەیە و موحەممەدیش رەوانەکراوی ئەو پەروەردگارەیە پاشان نوێژکردن..

لە راستیدا موسڵمان-وەک ئیسلام فێرمان ئەکات- بە ئەندازەی ئەو هەوڵەی ئەیدات بۆ پاککردنەوەی دڵی و کۆکردنەوەی خولیاکانی و چڕکردنەوەی هەستەکانی و راستگۆیی لە ملکەچبوون و لالانەوەی لەبەردەم خوادا و هەستکردن بە نزیکی لە خواوە پاداشت لەسەر نوێژەکانی وەرئەگرێت، کە ئەمەش ئارامیەک بە دڵ ئەدات و دەروون هێور ئەبێتەوە، لەبەر ئەمەیە نوێژ لای موحەممەد پێغەمبەر -علیه السلام-گەورەترین چێژی هەبووە.





نوێژ کۆمەڵێک جوڵە و قسەیە بۆ ئەوە دانراوە تا لە دەروونندا خوا بەگەورە سەیربکرێت و بەگەورە دابنرێت.

لەم روانگەوەیە کە قورئان ئاراستەمان ئەکات تا نوێژ بەرقەرار بکەین، نەک تەنیا نوێژ ئەنجام بدەین، چونکە نوێژ بەرقەرارکردن راستیەکە هەموو ئەندامانی لەش و عەقڵ و دڵ و رۆح بەشدار ئەبن لە نوێژەکەدا.. ئەگەر بەو شێوە نوێژ بکەین ئەوە نوێژەکانمان بۆمان ئەبنە گەورەترین هاوکار بۆ ئەنجامدانی کارە خێریەکان، و دوورگرتن لە تاوان و کارە ماڵوێرانکەرەکان، یادی خوا و هانابردن بۆی بە رەهایی گەورەترین کارێکە مرۆڤ لە ژیاندا ئەنجامی ئەدات، قورئان ئەفەرموێ: {اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ} (العنکبوت: ٤٥)، ئەی پێغەمبەر! ئەوەی بۆت ڕەوانە دەکرێت لە قورئان بیخوێنەرەوە و نوێژیش بەچاکی ئەنجام بدە، چونکە بەراستی نوێژ بەرهەڵستی لە گوناهو تاوان و نادروستی دەکات، بێگومان یادی خوا لە هەموو شت گەورەتر و بەنرخترە (کە دەبێت لە کاتی نوێژ و کاتی تریشدا بیر و هۆشی ئیماندار، دابگرێت) و خوا خۆی زانایە بە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن) .

هەر کەس وا گومان ببات کە نوێژ تەنیا کۆمەڵێک مەشق و وەرزشی جەستەییە و پێش ئەوە خۆشۆردن و خۆپاککردنەوەیەک ئەکەیت، ئەو مانا گەورەیەی لەدەست دەرئەچێت کە هەموو ئەو جوڵە و قسانەی لە نوێژدا دانراون بۆ ئەوە دانراون کە هەستی گەورەیی خوا و بە گەورەسەیرکردنی لە دەروونی نوێژخوێندا دروست بکات، یەکەم وشە کە نوێژخوێن ئەیڵێت و دەست بەرزئەکاتەوە بریتیە لە(الله أکبر) -واتە هەر خوا لە هەموو شت گەورەترە-، پاشان بە تەواوی ملکەچیەوە ئەچێتە رکوع و دان بە گەورەیی خوادا ئەنێت و دان بە لاوازی و دەستەوسانی خۆشیا ئەنێت و ئەڵێت: (سبحان ربی العظیم)-بێگەردی بۆ پەروەردگاری گەورەم، پاشان ئەچێتە سووژدە بە هیوای نزیکبوونەوە لە خوا و وەرگرتنی نزاکانی و ناوچەوانی ئەخاتە زەوی بۆ پەروەردگاری و ئەڵێ: (سبحان ربی الأعلی)- بێگەردی بۆ پەروەردگاری بەرز و باڵا-، جا دوعا ئەکات و داوای پێویستیەکانی لە خوا ئەکات، بەو شێوەیە هەموو جوڵە و قسەکانی تری ناو نوێژەکەی تەنیا جوڵە و قسە نین، بەڵکو چەند ساتێکی زۆر دەوڵەمەندە و تێیدا بڕواداری پەیوەست ئەبێت بە خوای دروستکەر و پەروەردگاریەوە کە هەم بوون و هەم بەختەوەری لە ئەوەوە وەرئەگرێت..

خوای گەورە پێنج نوێژی فەرزکردووە لەسەر موسڵمانان لە شەو و رۆژێکدا، دروستە لە هەر شوێنێکدا ئەنجامیان بدەی، لەگەڵ ئەمەشدا هانیداوان کە لە مزگەوتەکاندا ئەنجامیان بدەن تا موسڵمانان پەیوەست بن بەیەکەوە، پەیوەندیان بەیەکەوە بەهێز ببێت، و هاوکاری یەکتری بکەن بۆ ئەنجامدای کارە ئایین و دونیاییەکانیان..



بە هەمان شێوە ئیسلام هانی موسڵمانانی داوە تا هەوڵی زیاتر بدەن و نوێژی سووننەتی تر بکەن، ئەگەر حەزیان بۆی هەبوو،(سوننەت ئەو نوێژانەن کە فەرز نین لەسەر موسڵمان).

موسڵمانان کە نوێژەکانیان ئەکەن و رووئەکەنە کەعبە، کە خانوویەکی شەش پاڵوو و یەکەم کەس کە دروستی کردووە بریتیە لە ئیبراهیم پێغەمبەر-علیەالسلام- کە بە باوکی پێغەمبەران دائەنرێت، کەعبە لە مەککەدایە لە رۆژئاوای دوورگەی عەرەبیدا، هەموو پێغەمبەران-سەلامی خوایان لێبێت- حەجی ئەو ماڵەیان کردووە، موسڵمانان ئەزانن ئەو ماڵە کۆمەڵێک بەردن نە زیان لە کەس ئەدەن و نە سوود بەکەس ئەگەیەنن، بەڵام خوا فەرمانی کردووە لە نوێژدا روو بکەینە ئەوێ تا موسڵمانان یەک ریز بن و روو لە یەک شوێن بکەن..

## بانگدان:

ئەو هاوارکردنەی خەڵکی ئاگادارئەکاتەوە بەوەی کاتی نوێژ هاتووە و بانگیان ئەکات تا بچن بۆ مزگەوت پێی ئەوترێت(بانگدان).

جۆرە زیکردن و بەگەورە سەیرکردنێکی خوای پەروەردگارە، سازکردنێکی موسڵمانانە بۆ ئامادەبوونیان لە نوێژدا، ئەمەش وشەکانی بانگە:

١. الله أکبر، الله أکبر، الله أکبر، الله أکبر.

٢. أشهد أن لا إله إلا الله، أشهد أن لا إله إلا الله.

٣. أشهد أن محمداً رسول الله، أشهد أن محمداً رسول الله.

٤. حي على الصلاة، حي على الصلاة.

٥. حي على الفلاح، حي على الفلاح.

٦. الله أکبر، الله أکبر.

٧. لا إله إلا الله.

# زەکات

هەموو کەس ئەو قەناعەتەی هەیە کە ئەبێت چارەسەرێک بدۆزرێتەوە بۆ دوالیزمەی دەوڵەمەندی بێ سنوور و هەژاری بێ سنوور، بە دڵنیاییەوە تا مەودای نێوان هەژار و دەوڵەمەند زۆرتر بێت ئەوە کەوتنی کۆمەڵگە مسۆگەرترە، و زووتر ئەخلیسکێت بۆ ناو بەدرەوشتی و تاوان و هەڵوەشاندنەوە. چەندین سیستەمی ئابووری، چەندین فەلسەفەی فیکری و تەشریعی یاسایی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە.. ئەی ئیسلام چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم گرفتەدا کردووە؟

خوای گەورە فەرزی کردووە لەسەر هەموو موسڵمانێکی دەوڵەمەند ساڵانە رێژەی (٪٢,٥) زەکات لەو سامانەی کە لە پێویستی ژیانی خۆی زیادەیە دەربکات، تا خەرج بکرێت بۆ پێویستیەکانی هەژاران و نەداران و ئەوانەی وەک ئەوانن، زەکاتیشی بە پایەی دووەم داناوە لە ئیسلامدا..

زەکات بریتی نیە لە خێرکردنی دەوڵەمەند بە هەژاران! بەڵکو مافێکی هەژارە و پێویستە لە سامانی دەوڵەمەندەکان دەربهێنرێت، پاشان بگەیەنرێتە دەستی هەژاران بێ ئەوەی خۆی داوای بکات، یان کەرامەتی بریندار ببێت..



زەکات بریتی نیە لە خێرکردنی دەوڵەمەند بە هەژاران! بەڵکو مافێکی هەژارە وپێویستە لە سامانی دەوڵەمەندەکان دەربهێنرێت، پاشان بگەیەنرێتە دەستی هەژاران بی ئەوەی خۆی داوای بکات، یان کەرامەتی بریندار ببێت..



ئەم ئەندازە کەمە لە بەخشین بریتیە لەو ئەندازە فەرزەی خراوەتە سەرشانی موسڵمانی دەوڵەمەند، بەڵام سنووری ئەوپەڕی بەخشین دانەنراوەو مەودایەکی کراوەیە بۆ خەڵکی تا پێشبڕکێ لە خێردا بکەن، شوێنەواری ئەم خێرکردنە لە ژیاندا لە تەندروستی و لە سامانیاندا دەرئەکەوێت، لە سەرکەوتن و لە کامەرانیاندا رەنگ ئەداتەوە، لە دوارۆژیشدا بۆیان ئەبێتە پاداشت و نیعمەتی چەند بارە.

وەک لە قورئاندا هاتووە: ئەوانەی لە پێناو رازیکردنی خوادا سامانی خۆیان ئەبەخشن وەک ئەوە وایە دەنکە گەنمێک بچێنیت و هەر گەنمەی حەوت لق بگرێت و هەر لقەی صەد گەنمی تێدا دروست ببێت و ببێتە حەوت صەد دەنکە گەنم، بەڵام هێشتا خوا بۆشی زیاتر ئەکات بە ئەندازەی راستی و نێتپاکی ئەوەی سامانەکە ئەبەخشێت، خوا بەخششی فراوانە و زانایە بە گەوهەری کارەکان، قورئان ئەفەرموێ: {مَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنْبُلَةٍ مِائَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ} (البقرة: ٢٦١) نمونەی ئەوانەی کە ماڵ و سامانیان دەبەخشن لە پێناوی خوادا، وەکو تۆوێک وایە کە بڕوێت و حەوت گوڵی گرتبێت، لە هەر گوڵێکدا سەد دانەی تیادا بێت، خوایش بۆ هەر کەس کە بیەوێت (بە گوێرەی نیەتی و جێگرتنی خێرەکەی) پاداشت چەند بەرامبەر دەکات و خوا فراوانگیر و زانایە.

قورئان هەواڵی ئەوەمان پێئەدات کە سامان بەخشین دەروونەکان پاک ئەکاتەوە، گەشە بە دەروون ئەدات، خوا بە پێغەمبەرە بەڕێزەکەی ئەفەرموێ: {خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا} (التوبة: ١٠٣).

قورئان ئەوانەی لە پێناو رازیکردنی خوادا سامانی خۆیان ئەبەخشن ئەچوێنێ بە کەسێک کە دەنکە گەنمێک بچێنیت و هەر گەنمەی حەوت لق بگرێت و هەر لقەی صەد گەنمی تێدا دروست ببێت و ببێتە حەوت صەد دەنکە گەنم.



له هەندێ ماڵ و سامانی ئەو (ئیماندارانە) زەکات و خێر وەربگرە، چونکە دەبێتە هۆی خاوێن کردنەوەی ماڵەکانیان و پاککردنەوەی دڵ و دەروونیان ..

هەروەها هەواڵی ئەوەشمان پێئەدات کە هەرکەس بەخیلی بکات لە بەخشینی سامانەکەیدا و هاوکاری هەژاران و نەداران نەکات، ئەوە یەکەمین رەنجخەسارە، چونکە ئەو زیان بە خۆی ئەگەیەنێت، و خۆی لە کامەرانی دونیا و دواڕۆژ بێ بەش ئەکات، قورئان ئەفەرموێ: {هَا أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ تُدْعَوْنَ لِتُنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَمِنْكُمْ مَنْ يَبْخَلُ وَمَنْ يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَنْ نَفْسِهِ وَاللَّهُ الْغَنِيُّ وَأَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ} (محمد: ٣٨)، ئا ئەوەتا ئێوە بانگ دەکرێن تا بەخشینتان هەبێت لە پێناوی خوادا، کەچی هەتانە رەزیل و بەرچاو تەنگە، خۆ ئەوەی رەزیل و بەرچاو تەنگی هەبێت، ئەوە بێگومان هەر رەزیلی لە خۆی دەکات و زەرەر لە خۆی دەدات، چونکە هەر خوا خۆی دەوڵەمەند و بێ نیازە، هەر ئێوەن هەژار و نەدار و کەمدەستن.. جا ئەگەر ئێوە پشت هەڵکەن لەم دین و بەرنامەیە، خوا کەسانی چاکتر لە ئێوە دەهێنێتە مەیدان، کە بە هیچ شێوەیەک لە ئێوە ناچن و وەک ئێوە نابن.

بە جێبەجێکردنی ئەم پایە گەورەیە، مەبەستەکانی چەمکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا دێتە دی، هاوسەنگی رێژەیی لە ناو توێژەکانی کۆمەڵگەدا دروست ئەبێت، بە دەرکردنی زەکات لە سامانی دەوڵەمەندەکان و گەیاندنی بە هەژاران وای لێدێت سامان لە لای چینێکی کۆمەڵگە کەڵەکە نابێت و قۆرخی بکەن بۆ خۆیان، لەبەر ئەمەیە لە مێژووی موسڵمانە پێشووەکاندا چەند جار رێکەوتووە کە پارەی زەکات ولات بە وڵات گێڕراوە و هەژارێکیان دەست نەکەوتووە وەریبگرێت!

زەکات بنەمای پێکەوەبوون وهۆگریکردن بەیەکەوە دەستەبەر ئەکات، چونکە دەروونی مرۆڤ وایە ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ کە چاکەی بەرانبەر ئەکەن، بەم هۆیەوە ئەندامانی کۆمەڵگەی موسڵمان یەکتریان خۆش ئەوێ، وابەستەن بەیەکەوە، وەک دیوارێک دەرئەکەون کە خشتەکانی یەکتر ئەبەستنەوە، هەر بۆیە رووداوی دزیکردن و تاڵانکردن و پارە لادان لەناویاندا زۆر کەم ئەبێتەوە.





# ڕۆژوو:

هەموومان سەرسام ئەبین بە یەکێک کە کۆنترۆڵی خۆی بکات، بتوانێت خۆی بگرێتەوەو نان نەخوات، یان پارێز بکات و هەندێ خواردن هەیە نەیخوات، بۆ ئەوەی تەندروستی بپارێزێت، و کێشی خۆی دابەزێنێت، یان ڕێنماییەکانی دکتۆر وەک خۆی جێبەجی بکات.. ئێمە ئەوە بە سەرکەوتن و دەستکەوت ئەزانین کە توانای بەسەر ئارەزووەکانیدا هەیە تا ئامانجێکی گەورەتر و گرنگتر بێنێتە دی..

موسڵمان بە ڕۆژووگرتنەکانی شتێکی لەوە گەورەتر بەدەست ئەهێنێت و مەشق بە دەروونی ئەکات و خۆی ڕائەهێنێت، کۆنترۆڵی خۆی و ئارەزووەکانی ئەکات، ڕینماییەکانی خوای دادپەروەری ڕاستەقینە ئەنجام ئەدات.

ڕۆژوو پایەی چوارەمە لە پایەکانی ئیسلام، ئیسلام فەرزی ئەکات لەسەر هەموو موسڵمانێک ئەگەر لەتوانایدا هەبوو مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت و خۆی لەو شتانە بگرێتەوە کە ڕۆژووی پێ ئەشکێت، کە بریتین لەمانە: خواردن و خواردنەوەو سێکسکردن لەگەڵ ژنەکەیدا لە بەری بەیانەوە تا خۆر ئەنیشێت، هەموو ڕۆژێکی مانگی ڕەمەزان، مانگی ڕەمەزانیش بریتیە لە مانگی (نۆ) بە پێی ڕۆژژمێری قەمەری لە ئیسلامدا.

قورئان هەواڵی ئەوەمان ئەداتێ کە ڕۆژووی فەرزکردووە لەسەر میللەتە پێشووەکانیش، ڕۆژووی هەریەکە بەجۆرێک بووە، بەڵام مەبەستەکە هەر یەک مەبەست بووە و نەگۆڕاوە، ئەویش ئەوەیە هەستی بەندایەتی دروست بکات لە مرۆڤدا و تەقوای خوا بکات، خوا ئەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ} (البقرة: ١٨٣).

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەرتان پێویست کراوە هەر وەکو لەسەر گەلانی پێش ئێوە پێویست کرابوو، بۆ ئەوەی خواناسی و پارێزکاری بکەن.

کاتێک موسڵمان سەرئەکەوێت بەسەر ئارەزووە ڕێگەپێدراوەکانیدا بۆ ماوەی چەند سەعاتێکی دیاریکراو و لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراودا، بەوە ئەبێتە سەرداری نەفسی خۆی، دەسەڵات پەیدا ئەکات بەسەر نەفسیدا، جڵەوی ئەگرێتەوەو نایەڵێت مل بە حەرامەکانەوە بنێت لە کاتەکانی تری ژیانیدا، ئەمەیە پێغەمبەر -علیه‌السلام- ئاگادارمان ئەکاتەوە ئەگەر کەسێک واقیعی خۆی نەگۆڕێت و ڕەوشتی باش نەکات دوای ڕۆژووەکانی ئەوە سوودی لە ڕۆژوو وەرنەگرتووە، ئەفەرموێت: «من لم يدع قول الزور والعمل به، فليس لله حاجه فى أن يدع گعامه وشرابه» (البخاری ١٨٠٤). هەر کەس واز لە قسەی درۆ و کارکردن بەدرۆ نەیەنێت، خوا پێویستی بەوە نیە ئەو خۆی تینوو و برسی بکات!!

بەم خۆبرسیکردن و خۆتینووکردنەی ئەبێتە گەورەترین هاندەر تا سۆزی بۆ هەژاران و برسیەکان بجوڵێت، ئەوانەی کە بەدەستی خۆیان نیە خواردن و خواردنەوەیان دەست ناکەوێت، چونکە ئازاری تینوێتی و برسێتیی ئەزموون کردووە.



# حەج

زۆربەی ئایینەکان لەوە خاڵی نین کە گەشتێکی ئایینیان هەیە، تێیدا هەستی عەبدایەتی و پاڕانەوەی خۆیانی تێدا دەرئەبڕن بۆ خولقێنەرەکەیان.. بەڵام ئەو گەشتە ساڵانەی لە ئیسلامدا دانراوە کە بریتیە لە گەشتی حەجکردنی ماڵی خوا لە هەموو گەشتەکان گەورەتر و بەناوبانگترە، ئەوەتا ساڵانە زیاتر لە سێ ملیۆن موسڵمان لە شوێنێکی بچوکدا کۆئەبنەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو گەشتە پیرۆزە.

دەی حەج لە ئیسلامدا چییە؟

حەج پایەی پێنجەمە لە پایەکانی ئیسلام، تەنیا یەک جاریش لە تەمەندا فەرز ئەبێت لەسەر ئەو موسڵمانەی کە توانای ماڵی و جەستەیی هەبێت.

حەج گەشتێکی گەورەیە، لەو گەشتەدا هەموو سیستەمێکی چینایەتی و جیاوازی رەگەزی و میللی و جل و بەرگ و سەروەت و سامان تێیدا ون ئەبێت، هەموو یەک جۆر جلوبەرگ ئەپۆشن، یەگ رەنگ ئەکەنەبەریان، یەک هیتاف ئەڵێنەوە، ئەو هیتافە پەیوەندی عەبد و خوا بەرجەستە ئەکات، کە بریتیە لە (لبیک اللهم لبیک، لبیک لا شریک لک لبیک، إن الحمد والنعمە لک والملک لا شریک لک). یانی: جار لە دوای جار ئێمە وەڵامی تۆ ئەدەینەوە ئەی پەروەردگار، ئەی پەروەردگار ئەوە هاتین و بە زمان و بە دڵ دان بەوەدا ئەنێین کە تۆ ئەو تاکە خوایەی کە شایستەی بەوە عیبادەت بکرێیت، هەر تۆ شایستە بەوەی کە بە تەواوەتی سوپاس بکرێیت، هەر تۆ خولقێنەر و رۆزیدەر و پادشای بێ هاوەڵ و بێ شەریکی..

حەج بریتیە لە گەشتێکی ئیمانی کە موسڵمان تێیدا لە عیبادەتێکەوە بۆ عیبادەتێکی تر ئەگوازێتەوە لە حاڵیکەوە بۆ خاڵێکی تر و لە قسەیەکەوە بۆ قسەیەکی تر و لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر، لە هەموویاندا مەبەستی یادکردنەوە و تەقوای خوای خۆیەتی، هەژاری و پێویستیەکانی بۆ خوا دەرئەبڕێت، و داوای لێبووردن و پاداشت لە خوای گەورە ئەکات، موحەممەدی پێغەمبەر -علیەالسلام-ئەفەرموێ: «إنما جعل الطواف بالبیت والسعی في الحج لإقامە ذکر الله» (ابن أبی شیبة ١٥٣٣٤).بۆیە سووڕانەوە بەدەوری ماڵی خوا و هاتن و رۆیشتن لە صەفاو مەروەدا دانراوە تا یادکردنەوەی خوا بەرقەرار بکرێت..



جلوبەرگی ئەوەی نیازی چوون بۆ مەککە و حەجکردن بکات ئەوەیە جلە عادەتیەکانی خۆی دائەکەنێت و دوو پارچە قوماشی تر ئەکاتەبەری، تا ملکەچبوونی خۆی بۆ خوای گەورە رابگەیەنێت و خۆی یەکسان بکاتەوە بە هەموو ئەوانەی بە نیازی حەجی ماڵی خوا هاتوونەتە ئەو شوێنە.



# خێزان لە ئیسلامدا

ئەو قسەیە لەم سەردەمەی ئێستاماندا راستە کە ئەڵێ خێزان بریتیەلە کۆمەڵە کەسێک کە لە خانوویەکدا ئەژین و هەر کەسەی کلیلێکی خانووەکەی پێیە!

زۆر کەس لەم ڕۆژگارەدا-بەداخەوە- رائەکات لە بەرپرسیارێتی ڕاستەقینەی بەرانبەر بە ژن یان منالەکانی، چی ڕێگری لێئەکات کە چۆنی بوێ ڕابوورێت و چێژبەرێت بە بێ ئەوەی ئەرکی بەرپرسیارێتی بخاتە سەرشانی؟

هەرچۆنێک ئەم ئاراستەیە بە روونی لەم چەرخ و زەمانەدا بەدەر بکەوێ، بەڵام ئەوەش هەیە کە هەندێ کەس هەر لە سەرەتای مێژووەوە هەبووە کە وا بیری کردووەتەوە! لە ڕاستیشدا ئەوە بیرکردنەوەیەکی ساویلکانە و بەرژەوەندتەسکی و خۆپەرستیانەی پڕ نەفرەتە، ئیتر با بوەستێ ئەو بیرکردنەوەیە چەندە زیان بە تاک و بە کۆمەڵگە ئەگەیەنێت ..

لەبەر ئەمەیە کە ئیسلام هاتووە زۆرترین گرنگیدانی بە خێزان داوە، گرنگی بە سیستەمی خێزان و ماف و ئەرکەکانی ئەندامانی خێزان داوە، چونکە ماڵ و خێزان لە ئیسلامدا سەنتەری هۆشیاری و پەروەردە و راپەرینە، بە دروستکردنی خێزان و چاککردنی و گەیاندنی پەیامەکەی هەموو کۆمەڵگە چاک و باش ئەبێت.

ئەم گرنگیدانەی ئیسلام بە خێزان لە کۆمەڵێکی زۆر یاسادا ئەبینرێت کە نایەنە هەژمار، لەوانە:

## 1

ئیسلام زۆر پێ لەسەر بنەمای زەواجکردن و خێزان دروستکردن دائەگرێت:

- ئیسلام بڕیاری داوە کە زەواجکردن و دروستکردنی خێزان یەکێکە لە کارە هەرە بەنرخەکان و باوێکی ناو هەموو پێغەمبەرانیش بووە، کاتێک هەندێ لە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری پیرۆز-علیەالسلام- ویستیان خۆیان یەکلا بکەنەوە بۆ عیبادەت و هەر خەریکی نوێژکردن و ڕۆژووگرتن بن و واز لە زەواجکردن بهێنن، پێغەمبەر ئامۆژگاری کردن و فەرمووی: «لكني أصوم وأفطر، وأصلي وأرقد، وأتزوج النساء، فمن رغب عن سنتي فليس مني» (البخاري ٤٧٧٦). بەڵام من ڕۆژووش ئەگرم و ئەشیشکێنم، و نوێژیش ئەکەم و ئەشخەوم، زەواجیش ئەکەم، جا هەر کەس خۆشی نەیەت لە سوونەتی من ئەوە لە من نیە.
- فەرمانی کردووە ئاسانکاری بکرێت بۆ ژنهێنان، بەڵێنیشی داوە هاوکاری ئەو کەسانە بکات کە زەواج ئەکەن، وەک ئەفەرموێ: «ثلاثة حق على اللّٰه عونهم» وذكر منهم: «والناكح الذي يريد العفاف» (الترمذي ١٦٥٥)، سێ کەس خوا بەمافی خۆیانیان ئەزانێت پشتیوانیان لێبکات، یەکێک لەوانە باسی کرد: ئەو کەسەش کە ئەیەوێ زەواج بکات و مەبەستی خۆراگرتنە بە پاکیزەیی.





- کاتێک قورئان باس لەو بەهرە و بەڵگانە ئەکات کە خوای گەورە ڕشتوویەتی بەسەر نەوەکانی ئادەمدا، لە ناو یەکەمەکانی ئەو بەهرانەدا باسی ئەو ئارامگا و سۆز و خۆشەویستی و هۆگریکردنە بەیەکەوە ئەکات کە خوا لە نێوان مێرد و هاوسەرەکەیدا دایناوە، وەک لە قورئاندا ئەفەرموێ: {وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً} (الروم: ٢١). یەکێک لە نیشانە و بەڵگەکانی تری ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لەلایدا و لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی فەراهەم هێناوە، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانە و بەڵگە هەیە بۆ کەسانێک بیردەکەنەوە و وردئەبنەوە.
- فەرمانی بە گەنجان کردووە کە لە تافی لاوێتیدان و بەهێزن زەواج بکەن، چونکە زەواج ئارامگایە و دڵیان ئۆقرە ئەگرێت و لە فرەفڕ ئەکەوێت، چارەسەری شەرعی دەستەبەر ئەکات بۆ ئەو هێزە زۆر و حەز و ئارەزووەی تێیاندایە.

کاتێک قورئان باس لەو بەهرە و بەڵگانە ئەکات کە خوای گەورە ڕشتوویەتی بەسەر نەوەکانی ئادەمدا، لە ناو یەکەمەکانی ئەو بەهرانەدا باسی ئەو ئارامگا و سۆزو خۆشەویستی و هۆگریکردنە بەیەکەوە ئەکات کە خوا لە نێوان مێرد و هاوسەرەکەیدا دایناوە.

## 2

### ئیسلام تەواوی ڕێزی داوە بە هەموو تاکێک لە تاکەکانی خێزان، جا ئیتر نێر بن یان مێ:

ئیسلام ئەرک و بەرپرسیارێتیەکی گەورەی خستووەتە سەرشانی دایک و باوک کە ئەویش پەروەردەکردنی منداڵەکانیانە، پێغەمبەر _سڵاوی خوای لێبێت- ئەفەرموێ: «كلكم راع، وكلكم مسؤول عن رعيته، الإمام راع ومسؤول عن رعيته، والرجل راع في أهله وهو مسؤول عن رعيته، والمرأة راعية في بيت زوجها ومسؤولة عن رعيتها، والخادم راع في مال سيده ومسؤول عن رعيته» (البخاري ٨٥٣). واتە: هەموو یەکێک لە ئێوە شوانە و بەرپرسیارە لە ژێردەستەکانی، پێشەوا (ی گەورە) شوانە و بەرپرسیارە لە ژێردەستەکانی، پیاو شوانە لەناو خێزانی خۆیدا و بەرپرسیارە لە ژێردەستەکانی، ژنیش شوانە لە ماڵی مێردەکەیدا و بەرپرسیارە لە ژێردەستەکانی، خزمەتکاریش شوانە لە ماڵی گەورەکەیدا و بەرپرسیارە لە ژێردەستەکانی..

## 3

### ئیسلام پێ دائەگرێت لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە باوک و دایک و هەستان بە چاودێریکردن و گوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکانیان، تا لە ژیاندان:

جا ئیتر کوڕو کچ چەند گەورە بن پێویستی سەرشانیانە کە ڕێز لە باوک و دایکیان بگرن، و چاک بن بەرانیبەریان، ئەم کارەشی هاوملی عیبادەتکردن بۆ خوای پەروەردگار کردووە، ڕێگری لەوە کردووە سنوور ببەزێنیت لەگەڵیاندا، ئیتر بە قسە بێت، یان بە کردەوەیەک بێت، تەنانەت ئەگەر بە وشەیەکیش بێت کە بۆنی ئەوەی لێبێت بێزار بووی لێیان، خوا لە قورئاندا ئەفەرموێت: {وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا} (الإسراء: ٢٣). خوا بڕیاری داوە کە خۆی نەبێت کەسی تر نەپەرسترێت و بەرانبەر باوک و دایکیش چاکە بکرێت، هەرکاتێکیش لەلای تۆ گەیشتنە تەمەنی پیری یەکێکیان، یان هەردووکیان ئەوە پێیان نەڵێی: ئۆف و هەڵیش نەشاخێیت پێیانداو هەر قسەی ڕێزئامێزیان بەرانبەر بکە.

> ئیسلام ڕێگری لەوە کردووە منداڵ سنوور ببەزێنیت لەگەڵ دایک و باوکدا، ئیتر بە قسە بێت یان بە کردەوە بێت، تەنانەت ئەگەر بە وشەیەکیش بێت کە بۆنی ئەوەی لێبێت بێزار بووە لێیان.



## 4

### ئیسلام فەرمانی کردووە مافی کوڕ و کچ بپارێزرێت و بەئەرکی داناوە لە نێوانیاندا داد رابگیرێت لە نەفەقەکێشانیاندا:

پێغەمبەر-سەلامی خوای لێبێت- ئەفەرموێ: "كفى بالمرء إثماً أن يضيع من يقوت" (أبو داود ١٦٩٢). ئەوەندە گوناه بەسە بۆ مرۆڤ کە ئەوانە بفەوتێنێت کە ئەرکی سەرشانیەتی خواردنیان بۆ پەیدا بکات. پێغەمبەر-سەلامی خوای لێبێت- سەبارەت بە نەفەقەکێشانی کچانیش بە تایبەتی ئەفەرموێ: "من يلي من هذه البنات شيئاً، فأحسن إليهن، كنَّ له ستراً من النار" (البخاري ٥٦٤٩). هەرکەس سەرپەرشتیکردنی کچانی کەوتە سەرشان، چاک بێت بەرانبەریان، بۆی ئەبنە پەردە و ڕووی ئاگری لێئەگرن.

## 5

### پەیوەندی خزمایەتی لەسەر موسڵمان فەرز کراوە:

ئەمەش یانی: مرۆڤ ئەبێ پەیوەندی خزمایەتی بپارێزێت و چاکە بەرانبەریان بکات، ئیتر لە باوکیەوە خزمی بن یان لە دایکیەوە، پاراستنی ئەم پەیوەندیانەشی بە گەورەترین چاکە و عیبادەت لە قەڵەم داوە، هەڕەشەی کردووە ئەو خزمایەتیانە ببچڕێنرێت، یان خراپە بەرانبەر بە خزمان بکرێت، بچڕانی پەیوەندی بە یەکێک لە گوناهە گەورەکان داناوە، پێغەمبەر -سەلامی خوای لێبێت- ئەفەرموێ: «لا يدخل الجنة قاطع رحم» (مسلم ٢٥٥٦). ناچێتە بەهەشت کەسێک کە پەیوەندی خزمایەتی ببچڕێنێت.





# پله و پایەی ئافرەت له ئیسلامدا

چاوگێڕانێکی

چاوگێڕانێکی بەپەلە بە ریکلامەکانا لە تەلەفزیۆنەکاندا، یان بەسەر تابلۆی رێگەکاندا، یان بە بەرگی گۆڤارەکاندا، ئەو هەستەمان بۆ دروست ئەکات کە چ جینایەتێکی گەورە کراوە بەرانبەر بە ئافرەتان لە ئەم شارستانیەتە مادیەدا، ئەو شارستانیەتەی کە لە زۆربەی کاتەکاندا ئافرەتی وەک بووکەڵەیەک وێنا کردووە، یان وەک کاڵایەک ، یان وەک چێژێک کە بۆ وروژاندنی حەز و ئارەزوو دانرابێت و ئەندەشە ئاگر تێبەربدات!

# خەریکە

خەریکە بڵێی ئەمە هیچ نیە ئەوە نەبێت لە رووکەشدا روویەکی تری -تۆزێک کەمتر- شێواوی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانە، کە سوکایەتیان بە ئافرەتان ئەکرد و وەک کاڵا کڕین و فرۆشتنیان پێوە ئەکرد.

وەک ئەوەی کە ئەو ئافرەتەی کاتی خۆی بەدەست ستەم و چەوساندنەوەوە ئەیناڵاند بەم هەمووە تێکۆشانە دوور و درێژەی هەر ئەوەی ویستووە لە دەرگایەکی پڕستەمەوە دەربچێت و لەولاوە بگەڕێتەوە بۆ هەمان شوێن کە لێوەی دەرچووە-بەڵام لە دەرگایەکەوە کەمتر شێواو بێت..

لەو کاتەوەی کە ئیسلام هاتووە لە ١٤٠٠ساڵ پێش ئێستاوە شۆڕشێکی راستەقینەی بەرپاکردووە دژ بە ئەو هەڵسوکەوتە ستەمکارانەی کە بەدرێژایی مێژوو بەرانبەر بە ئافرەتان کراوە، ئیسلام چەپکێک یاسای داناوە، زۆر ورد و بەدرێژی پێ لەسەر ئەوە دائەگرێت کە مافەکانی ئافرەت و پلەو پایەی بپارێزێت، لەژێر ئەو یاسایانەدا سەربەرزانە و بەڕێزەوە ژیان بباتەسەر، پەیامی خۆی لە ژیاندا بگەیەنێت بە جوانترین شێوە.

هەر بۆیە یەکێک لە  سوورەتە درێژەکانی قورئان ناونراوە (سورەتی ئافرەتان) چونکە پڕە لە یاسا بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەتان، خوا لە قورئاندا چەندین چیرۆکی ئافرەتانی چاکەکاری بۆ گێڕاوینەتەوە، نەک ئەوە بەڵکو یەکێک لە سورەتەکانیشی بەناوی مەریەمی دایکی عیساوە ناوناوە-سەلامی خوای لێ بێت-.

ئیسلام هاتووە تا گۆشەنیگای خەڵکی بگۆڕێت سەبارەت بە ئافرەت، ئەبێ بەو شێوەیە سەیری ئافرەت بکرێت کە خوا دایناوە: ئافرەت مرۆڤە نەک کاڵا، هاوبەشی ژیانە نەک هاوبەشی شەوێک، ئافرەت ئارامگایە، خۆشەویستە، سۆز و میهرە، نەک تەنیا ئارەزووبازییەک بێت و خۆشی و چێژبردنێک و بەس.

> لەوکاتەدا کە هەندێ قەڵەم ئیسلام تۆمەتبار ئەکات بەوەی ستەمی لە ئافرەت کردووە و مافەکانی پێشێل کردووە و گونجاو نیە لەگەڵ داواکانی سەردەم و شارستانییەتدا-وەک ئەوان ئەڵێن-، کەچی ئەبینین(٧٥٪)ی ئەو کەسە تازانەی لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک بەریتانیا موسڵمان ئەبن و دێنە ناو ئیسلام بریتین لە ئافرەت، بەتایبەتی پاش ئەوەی لێکۆڵینەوە لەو یاسایانە ئەکەن کە تایبەتن بە ئافرەت و خێزانەوە!! INDEPENDET ٦-١١-٢٠١١





## چەند نمونەیەک کە پەیوەندن بە ڕێزی ئافرەتەوە:

- ئیسلام ئافرەتی ئازاد کردووە لە هەڵبژاردنی هاوسەری خۆی، بەشێکی گەورەش لە بەرپرسیارێتی پەروەردەکردنی منداڵانی بە ئافرەت سپاردووە، پێغەمبەر -علیه‌السلام- ئەفەرموێ: «والمرأة راعية في بيت زوجها ومسؤولة عن رعيتها» (البخاري ٨٥٣). ئافرەتیش لە ماڵی مێردەکەیدا شوانە و بەرپرسە لە ئەوانەی لەژێر دەستیدان.

- ئیسلام پارێزگاری ئەکات لە ناو و شەرەفی ئینتیمای بۆ باوکی خۆی، دوای شووکردن ئەو ئینتیمایە ناگۆڕدرێت، بەڵکو هەر لەسەر ئینتیمای خۆی بۆ ماڵە باوکی ئەمێنێتەوە.

- ئیسلام ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە گەورەترین شەرەفە خزمەت بە ئافرەت بکەی، کاتێک هیچ کەسێکی نیە، با خزمی خۆشت نەبێت، خەڵکیش زۆر هان ئەدات بۆ خزمەتکردنی ئافرەتان، ئەم خزمەتکردنەش بە باشترین کار دانراوە لای خوا، پێغەمبەر-سەلامی خوای لێبێت- ئەڵێت: «الساعي على الأرملة والمسكين كالمجاهد في سبيل الله، وكالقائم لا يفتر وكالصائم لا يفطر» (البخاري ٥٦٦١). هاوکاری کردنی بێوەژن و هەژار لە خێردا وەک ئەو تێکۆشەرە وایە کە لە پێناوی خوادا تێئەکۆشێت، وەک ئەو کەسەش وایە کە بە ڕۆژ بە ڕۆژووە و بە شەو شەونوێژ ئەکات!

- ئیسلام پیاو و ئافرەتی لە زۆر شتدا یەکسان کردووە بە یەکتری، یەکێک لەوانە لە هەموو کاروبارە داراییەکاندا، تا ئەوەی پێغەمبەر -علیه‌السلام- فەرموویەتی: «النساء شقائق الرجال» (أبو داود ٢٣٦). ئافرەتان لەتی پیاوانن.

- فەرزکراوە لەسەر پیاو کە ئەبێ ئافرەت بپارێزێت و نەفەقەی بکێشێت بە بێ منەتکردن بەسەریدا، ئەگەر یەکێک بوو لەوانەی کە واجیبە نەفەقەیان بکێشێت، وەک ژنی خۆی، دایکی خۆی، کچی خۆی..

- ئیسلام مافی ئافرەتی داوە لە میراتدا، بە بەشکردنێکی دادپەروەرانە و ڕێزدارانە، لە چەند شوێنێکدا یەکسانی ئەکات بە پیاو و لە چەند شوێنێکی تردا زیاتر لە پیاو، یان کەمتر لە پیاو ئەبات، بە پێی نزیکی و دووری، یان بەپێی پێویستی و ئەرکەکانی ئەو نەفەقانەی ئەکەوێتە سەرشانی، وەک نەفەقەکێشانی ژن، ئیسلام مەنزومەیەکی تێروتەواو و هاوسەنگە و لایەک بەسەر لایەکی تردا قورس ناکات.

> ئیسلام مافی ئافرەتی داوە لە میراتدا، بەشکردنێک کە دادپەروەری و ڕێزی ڕەچاوکردووە، لە چەند شوێنێکدا یەکسانی ئەکات بە پیاو و لە چەند شوێنێکی تردا زیاتر لە پیاو ئەبات، لە هەندێ شوێنی تردا کەمتر لە پیاو ئەبات.



## چەند جۆرێک ئافرەت کە ئیسلام گرنگی تایبەتیان پێ ئەدات:

دایک: ئافرەتێک هاتە لای پێغەمبەر-علیه‌السلام- و وتی: يا رسول الله من أحق الناس بحسن صحابتي؟ قال: «أمك»، قال ثم من؟ قال: «ثم أمك»، قال: ثم من؟ قال: «ثم أمك»، قال: ثم من؟ قال: «ثم أبوك» (البخاري ٥٦٢٦)، ئەی پێغەمبەری خوا کێ زۆر مافی بەسەرمەوە هەیە هاوڕێیەکی باش بم بۆی؟ فەرمووی: دایکت، وتی: پاش ئەو، فەرمووی: پاش ئەو دایکت، وتی: پاش ئەو، فەرمووی: پاش ئەو دایکت، وتی: پاش ئەو، فەرمووی: پاش ئەو باوکت.

کچ: پێغەمبەر-علیه‌السلام- ئەفەرموێ: «من كان له ثلاث بنات فصبر عليهن، وأطعمهن، وسقاهن، وكساهن من جِدَته، كُنَّ له حجابًا من النار يوم القيامة»(ابن ماجه ٣٦٦٩). هەرکەس سێ کچی هەبوو، ئارامی لەسەر گرتن و خواردن و خواردنەوە و پۆشاکی بۆ دابینکردن بە پێی توانای خۆی، ئەو سێ کچە لە قیامەتدا بۆی ئەبنە پەردە لە ڕووی ئاگردا.

ژن: پێغەمبەر-علیه‌السلام- ئەفەرموێ: «خيركم خيركم لأهله، وأنا خيركم لأهلي» (الترمذي ٣٨٩٥). باشترین کەستان ئەوەیە باشترینتان بن بۆ خێزانەکەی، منیش باشترینتانم بۆ خێزانەکەم.

> پەیوەندی ژن و پیاو لە ئیسلامدا پەیوەندیەکی یەکتر تەواوکردنە نەک ململانێکردن، ئەمیان نوقسانیەکانی ئەویان پڕدەکاتەوە لە ئەرکی بونیادنانی کۆمەڵگەی موسڵماندا.



## لە ئیسلامدا شوێنێک نیە بۆ ململانێی نێوان دوو ڕەگەزەکە:

لە ئیسلامدا شوێنێک نیە بۆ جەنگ و ململانێ لە نێوان ژن و پیاودا، مانایەکیش نیە بۆ کێشمەکێش لەسەر ماڵی دنیا، هەڵمەتبردن بۆ ژن چ چێژێکی تێدایە، یان هەڵمەتبردن بۆ پیاو چ چێژێکی تێدایە، یان چ چێژێک لەوەدا هەیە کە ئەم یان ئەو دەست لە یەکتری بوەشێنن، و یەکتری سوک بکەن، و بەدوای عەیبی یەکتریدا بگەڕێن.

باشە کەی ڕەوایە مرۆڤ شەڕ لەگەڵ نیوەکەی تری خۆیدا بکات، چۆن لەتی شتێک شەڕ لەگەڵ لەتەکەی تریدا ئەکات، ژن وەک پێغەمبەری بەڕێز ئەفەرموێ لەتەکەی تری پیاوە، پەیوەندی نێوانیشیان یەکتری تەواوکردنە، ئەمیان نوقسانیەکانی ئەوی تریان پڕدەکاتەوە لە ئەرکی بونیادنانی کۆمەڵگەی موسڵماندا.

قورئان بە شێوەیەکی زۆر جوان وێنای ئەم یەکتری تەواوکردنە ئەکات، وەک ئەفەرموێ: {هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ} (البقرة: ١٨٧). ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان.

ئەوەی پیاو لە یەکەم بینینیدا بۆ ژن بە خاڵی لاوازی ئەزانێ تێیدا، هیچ نیە ئەوە نەبێت کە لە ڕوویەکی ترەوە خاڵێکی بەهێزیە بۆ ژن و پیاو نایزانێت و نایتوانێت، بەڵام خێزانەکە زۆر پێویستی بەو خاڵە هەیە.. ئەوەشی ژن بە خاڵی لاوازی ئەزانێ لە پیاودا، لەوانەیە ڕووی جۆرێک لە تواناکانی پیاو بێت گونجاو نەبێت لە ژندا ئەوە هەبێت، بەڵام ژیان و کۆمەڵگە بەبێ ئەو خاڵە خۆیان پێ ڕانەگیرێت..

دەی ئیتر ئەوە جۆرێکە لە گاڵتەجاڕی خوا مرۆڤ بە شێوەی (ژن) و (پیاو) دروست بکات و کەچی بوترێت: ئەبێت ژن و پیاو لە هەموو شتێکدا وەک یەک بن!

کاتێک کە هەندێ پیاو هیوایان ئەخواست ئەوانیش وەک ژن بوونایە و ئەوەی بەوان دراوە بە ئەمانیش بدرایە، و لە بەرانبەریشدا هەندێ ژن هەبوون هیوایان ئەخواست ئەو مافانەی بە پیاوان دراوە بە ئەمانیش بدرایە، هەندێ ئایەت هاتەخوارەوە لە قورئانی پیرۆزدا کە ئەفەرموێ: {وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبْنَ وَاسْأَلُوا اللَّهَ مِنْ فَضْلِهِ} (النساء: ٣٢)، ئاوات بەوە مەخوازن کە خوا فەزڵی هەندێکتانی داوە بەسەر هەندێکتاندا، پیاوان بەشی خۆیان و ئافرەتان بەشی خۆیان هەیە لەوەدا کە پەیدای ئەکەن، ئێوەش هەر داوای فەزڵ لە خوا بکەن، چ ئافرەت و چ پیاو هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان و ڕێزی تایبەتی خۆیان و ئەرکی خۆیان هەیە لە ژیاندا، هەریەکەشیان هەوڵی خۆی ئەدات تا بگاتە فەزڵ و ڕەزامەندی خوای خۆی، شەرع نەهاتووە بۆ ئەوەی لاگیری تەنیا لە پیاو بکات ، یان تەنیا لە ژن لاگیری بکات، بەڵکو هاتووە بۆ ئەوەی لاگیری لە مرۆڤ بکات و لە خێزان و لە کۆمەڵگەی ئیسلامی بکات.






زۆربەی گەلان بە درێژایی مێژوو-بەتایبەت ئەوانەیان شتێک لە شارستانێتیان هەبووە- وا بۆ پەیوەندی نێوان ژن و پیاو ڕوانیویانە کە ئەبێ بە سیستەم و یاسا ئەو پەیوەندیانە ڕێکبخرێن، بۆ ئەوەی ژیان نەبێتە دارستانێک، یان ببێتە تەویلەیەک، کە هەرچی جیاوازی هەیە ون ببێت لە نێوان ژن و پیاودا.

## پەیوەندی نێوان ژن و پیاو:

ڕێکخستن و دیسپلینی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لە سنوورەکان و لە یاساکان و لە نەریت و هەڵسوکەوتە ڕێکخراوەکاندا شتێکە بیرو ڕای جیاواز و هەڵبژاردەی جۆراجۆری لێکەوتووەتەوە بە درێژایی مێژوو، کە زەحمەتە هەژمار بکرێت و بەدواداچوونی بۆ بکرێت، بەڵام کتێبەکانی مێژوو، کتێبەکانی زانستە مرۆییەکان (ئینسرۆپۆلۆجیا Anthropology) باسی هەندێ میللەتمان بۆ ئەکەن کە نەریتیان وا بووە کە هیچی تێدا نیە بە ڕووتی تەواو ڕووت بێن و بچن، یان سێکس بەرەڵا و بڵاو بێت لە نێوان نێر و مێدا، باسی هەندێکی ترمان بۆ ئەکەن کە ئافرەتیان کۆت و پێوەند کردووە چونکە ترسیان لێیان هەبووە، میللەتی واش هەبووە پیاوانیان داپۆشراو بوون نەک ئافرەتانیان، میللەتانی واش هەبوو کە گرنگیان بە داپۆشینی هەندێ شوێنیان داوە و هەندێ شوێنی تریان پشتگوێ خستووە، زۆر شتی تری لەو بارەوە کە ئامار ناکرێت.

زۆربەی گەلان بە درێژایی مێژوو-بەتایبەت ئەوانەیان شتێک لە شارستانێتیان هەبووە- وا بۆ پەیوەندی نێوان ژن و پیاو ڕوانیویانە کە ئەبێ بە سیستەم و یاسا ئەو پەیوەندیانە ڕێکبخرێن، بۆ ئەوەی ژیان نەبێتە دارستانێک، یان ببێتە تەویلەیەک، کە هەرچی جیاوازی هەیە ون ببێت لە نێوان ژن و پیاودا.

## سروشتی پەیوەندیەکانی نێوان ژن و پیاو لە ئیسلامدا:

پەیوەندی پیاو بە ئافرەتەوە لە ئیسلامدا لە ئیجتیهادی مرۆڤێکەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە فاکتەری مێژوو جوگرافیا سنوورداری کردبێت، بەڵکو ئیسلام سیستەمێکی تێر و تەواو و گونجاوە بۆ هەموو کات و شوێنێک، خوا ئەو سیستەمەی لە قورئانی پیرۆزدا دابەزاندووە، موحەممەد پێغەمبەریش -علیەالسلام- خەڵکەکەی فێری ئەو سیستەمە کردووە.

سروشت و سنووری ئەم پەیوەندیەش بە پێی نزیکی و دووری ژن لە پیاوەکەوە ئەگۆڕێت، وەک چۆن ئیسلام ڕوونی کردووەتەوە..

**پیاوان لە ڕووی ئافرەتاندا لە ئیسلامدا ئەکرێن بەم بەشانەوە:**

**١ ئەو پیاوەی مێردی ئەو ژنە بێت:**

کەس ناتوانێت جوانتر لە قورئان وەسفی ئەو پەیوەندیە بکات کە لە نێوان ژن و مێرددا هەیە، قورئان پیاوی ناوناوە جلوبەرگی بەری ژنەکەی، ژنەکەشی ناوناوە جلوبەرگی بەری پیاوەکەی، وەک وێنایەکی جوان بۆ ئەو پەیوەندیە دەروونی و ڕۆحی و جەستەییەی لە نێوانیاندا هەیە، {هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ} (البقرة: ١٨٧). ژنان پۆشاکن بۆ ئێوەی پیاوان و ئێوەش پۆشاکن بۆ ژنان.



**٢ پیاوەکە یەکێک بێت لە مەحرەمەکانی ژنەکە:**

مەبەست بە مەحرەم هەموو ئەو ئافرەتانەیە کە بەیەکجاری حەرامە بیانخوازی و زەواجیان لەگەڵ بکەی بە شێوەی هەتاهەتایی لەبەر خزمایەتیەکی زۆر نزیک کە لە نێوانیاندا هەیە، ئەم مەحرەمانەش ١٣ جۆرن لە پیاوە خزمەکان، وەک:باوک، باپیر، کوڕ، برا، مامە، خاڵۆ، برازا، خوشکەزا، کوڕەزا، کچەزا، و جگە لەمانەش.. ئافرەت لەبەردەم ئەم نامەحرەمانەدا ئەتوانێ بە بێ حیجابی تەواویش دەربکەوێت، بەڵام بە شێوە عادەتیەکەی خۆی نەک بە ڕووتی.

**٣ کاتێک پیاوەکە بێگانە بێت پێی:**

مەبەست بە پیاوی بێگانە: هەموو پیاوێک کە مەحرەمی نەبێت.

ئیسلام کۆمەڵێک ڕێساو یاسای داناوە بۆ کۆنترۆڵکردنی پەیوەندی پیاو بە ژنی بێگانە بە ئەو، ئەمەش بۆ ئەوەی ناموس پارێزراو بێت و دەرگاکانی شەیتانیش لەسەر مرۆڤ دابخات، ئەو کەسەی کە ئەم مرۆڤەی دروست کردووە هەر ئەویش باش ئەزانێ چی لە بەرژەوەندی ئەودایە، وەک لە قورئاندا هاتووە،{ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ} (الملك: ١٤). مەگەر خوا نازانێت کێی دروست کردووە و چۆنی دروست کردووە، لە کاتێکدا ئەو زاتە وردکار و بەسۆز و ئاگایە.

### ئیسلام بۆچی حیجابی فەرز کردووە لەسەر ئافرەت لە بەردەم پیاوی بێگانەدا؟

- تا ئافرەت بتوانێت-بە ئارامی- پەیامی خۆی لە ژیاندا و لەناو کۆمەڵگە و بوارە زانستی و کردەییەکاندا بگەیەنێت بە باشترین شێوە و کەرامەت و پاکیزەیی خۆشی بپارێزێت.
- کەمکردنەوە و سووککردنی دەرفەتی لادان و وروژاندن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەش پاکێتی خۆی دەستەبەر بکات لە لایەکەوە و حورمەتی ئافرەتیش بپارێزێت لە لایەکی ترەوە.
- هاوکاریکردنی پیاوان کە بۆ ژنان ئەڕوانن تا ئەوانیش خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و داوێنی خۆیان پاک ڕابگرن، ئەو کاتە ئەوانیش وەک مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن و ببینن کە ئەم ئافرەتە خاوەنی کەلتوور و ڕۆشنبیریەکە وەک هەموو مرۆڤێکی تر، نەک تەنیا لە کوتلەیەک غەریزەی وروژێنەر و کەرەسەیەکی یاریکردن و چێژلێبردن پێکهاتبێت و هیچی تر.

### ڕێساکانی پەیوەندی نێوان پیاو و ژنی بێگانە:

**١** چاوداخستن:

خوای گەورە فەرمانی بەهەردوو ڕەگەز کردووە کە چاویان دابخەن(لە ئاست نامەحرەمدا) چونکە ئەوە ڕێگەی پاکیزەیی و پاراستنی ناموسی خەڵکیە، هەروەک چۆن چاو بەرەڵاکردن بەبێ سنوور ڕێگەی گوناهکردن و خراپەکاریە،خوا ئەفەرموێ: {قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ • وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ} (النور: ٣٠-٣١). بڵێ بە پیاوە ئیماندارەکان با چاویان لە ئاست ئافرەتی نامەحرەمدا دابخەن و شەرمگەشیان بپارێزن، ئەوە پاکترە بۆیان، بە دڵنیاییەوە خوا شارەزایە لەوەی دروستی ئەکەن. بشڵێ بە ژنە ئیماندارەکان با چاویان لە ئاست پیاوی نامەحرەمدا دابخەن و شەرمگەشیان بپارێزن.

**٢** مامەڵەکردن بە ئەدەب و بە ڕەوشتبەرزیەوە:

ژن و پیاو لە کاتی ئیشکردندا یان لە کاتی زانست وەرگرتندا، یان هەر کارێکی تردا مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن لە ڕووی ئەدەب و ڕەوشتی بەرزەوە و خۆیان بەدوور بگرن لە هەموو ئەو شتانەی کە غەریزە ئەوروژێنن بە هەر شێوازێک بێت.

**٣** حیجاب(باڵاپۆشی):

خوا حیجابی لەسەر ئافرەت فەرزکردووە نەک لەسەر پیاو لەبەر ئەوەی خوا دیاردەکانی جوانی و هۆکارەکانی فریوخواردنی بەخشیوەتە ئافرەت، کە وا لە ئافرەت ئەکەن ببێتە تاقیکردنەوە بۆ پیاوان، زیاد لەوەی پیاوان ئەبنە فیتنە و تاقیکردنەوە بۆ ژنان، لەبەر ئەوەیە کە لە مێژووی کۆندا زیاتر و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت ئەوەیە کە ئافرەت قوربانی دەستی ئارەزووەکانی پیاوان بووە، بە پێچەوانەوە نەبووە، ئەمەش ئەو ڕاستیەیە کە بە چاوی خۆمان لە دەزگا جۆربەجۆرەکانی ڕاگەیاندندا ئەبینین.



سنووری ئەم حیجابەش لە ئیسلامدا ئەوەیە ئافرەت هەموو لەشی داپۆشێت تەنیا هەردوو دەست و دەموچاوی نەبێت لە بەردەم پیاوی بێگانەدا، وەک چۆن قورئان فەرمانی کردووە، {وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا} (النور: ٣١). با جوانیەکانیان دەرنەخەن تەنیا ئەو شوێنانە نەبێت کە خۆیان دەرئەکەون.



”

زۆرێک لەوانەی کە ڕەخنە لە حیجابی ئیسلامی ئەگرن لەوە بێ ئاگان کە وێنەی پاکیزەترین و گەورەترین ئافرەتی جیهان کە مەریەمی خواناسە بە حیجابەوە نەبێت دەرناکەوێت، حیجابێک کە زۆر بە حیجابی موسڵمانان ئەچێت.



# یاسای ئیسلام لە خواردن و خواردنەوەدا

وەک باوێکی لێهاتووە یەکەمین پرسیاری ئەوانەی کە ئەیانەوێت ئیسلام بناسن ئەوەیە : ئیسلام بۆچی خواردنی گۆشتی بەراز و مەی خواردنەوەی حەرام کردووە؟

وەک باوێکی لێهاتووە یەکەمین پرسیاری ئەوانەی کە ئەیانەوێت ئیسلام بناسن ئەوەیە : ئیسلام بۆچی خواردنی گۆشتی بەراز و مەی خواردنەوەی حەرام کردووە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە پێویستە روونکردنەوەیەکی گرنگ بدەین:

قورئان هەموو ئەو شتانەی لەم زەویەدا هەن حەڵاڵی کردووە بۆ موسڵمانان تا سوودی لێ ببینن، قورئان بە دەق و بە روونی فەرموویەتی هەرچی لە زەویدا خولقێنراوە هەمووی بۆ ئەوەیە ئێمە سوودی لێ ببینین، وەک ئەفەرموێ: {هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا} (البقرة: ٢٩).

هەر ئەو زاتە هەموو شتێکی لە زەویدا بۆ ئێوە دروست کردووە.

یەکێکیش لەوانە خواردن و خواردنەوەیە، هەمووی حەڵاڵە ئەوەی نەبێت کە خوا حەرامی کردووە لەبەر پیسی ئەو شتە، یان لەبەر زیانی بۆ تەندروستی، یان لەبەر ئەوەی عەقڵ و هۆشی مرۆڤ سڕ ئەکات، لەوانەیە حەز بکەیت بزانی هۆی چییە گۆشتی بەراز و مەی خواردنەوە حەرام کراوە.

## بەراز:

حەرامکردنی خواردنی گۆشتی بەراز بە دەربڕینێکی زۆر روون لە قورئاندا هاتووە، لەگەڵ ئەوەدا لای عەرەب لەو رۆژگارەدا ئەو شتە ناسراو نەبووە، هەندێ سەیریان لەم حەرامکردنە دێت و رەخنەی لێ ئەگرن، لەگەڵ ئەوەدا ئەمە تایبەت نیە بە موسڵمانەکان و بەڵکو گۆشتی بەراز لای جولەکەش هەر حەرام بووە وەک ئەزانرێت، دەقەکانی حەرامکردنی بەراز لە (عەهدی قەدیم)دا روونن لەو بارەیەوە، بەڵام ئەوەی مرۆڤ تووشی شۆک ئەکات ئەوەیە کە زۆرێک لە خاوەن ئایینەکانی تریش ئەوە ئەسەلمێنن کە گۆشتی بەراز لای مەسیحیەکانیش هەر حەرام بووە بە چەندین دەقی ناو (عەهدی جەدید)یش، بەڵام دوای ئەوە دەستکاری ئەو دەقانە کراوە ، بۆ نمونە بڕوانە (إنجيل مرقس ١١/٥-١٣، متى ٦٧، رسالة بطرس الرسول الثانية ٢٢/٢، لوقا ١١/١٥).

دەی رێگر چییە کە خوای پەروەردگار تاقیمان بکاتەوە و رێگەی خواردنی هەندێ شتمان لێ بگرێت دوای ئەوەی ئەو هەمووە شتەی بۆ حەڵاڵ کردووین؟! ئەگەر تەنیا بۆ ئەوەش بێت ئیمان و گوێڕایەڵیمان تاقیبکاتەوە؟ وەک چۆن ئادەمی تاقیکردەوە -سەلامی خوای لێبێت-، پاش ئەوەی کە ئەو هەمووە شتەی بەهەشتی بۆ حەڵاڵ کرد و تەنیا خواردنی یەک درەختی تایبەتی لێ حەرام کرد؟





## مەی و کحول:

یەکێک لەو ئەرکە گەورانەی کە دەوڵەتان و حکومەتەکان بە کاری گەورە و سەرەکی خۆیانی ئەزانن ئەوەیە پەتا و نەخۆشی کە ژیانی مرۆڤەکان لەناو ئەبات قەڵاچۆ بکەن، بۆ ئەوەش چەندین یاسا و سیستەمی توند دائەنێن تا تەندروستی و ژیانی خەڵکی بپارێزن، کەمترین کەلێن لەو یاسایانەدا بە زیانی گەورە ئەشکێتەوە بۆ سەر تاک و کۆمەڵگە.

لەوانەیە ئەم زانیاریانە کە لە راپۆرتەکانی (رێکخراوی جیهانی بۆ تەندروستی) بە شێوەی دۆکۆمێنتکراو راگەیەنراون، بۆ هەموومان ببنە شۆک، یەکێک لەوانە زانکۆی ئۆکسفۆرد پێی هەستاوە و لە گۆڤاری(نێچەر Nature) و لە بەرواری(١٥ March ٢٠١٢) Nature ٤٨٣ ٢٧٥، هەروەها راپۆرتی (رێکخراوی جیهانی بۆ تەندروستی لە٢٠١١/٢/١١)دا هاتووە کە ئەڵێ: ژمارەی قوربانیانی دەستی مەیخواردنەوە ساڵانە زیاترە لە ژمارەی قوربانیانی دەستی ئایدز و مەلاریا و سیل پێکەوە! بە نزیکی سێ جار زیاتریشە لە قوربانیەکانی هەموو جەنگەکان و پاکتاوکردن و قوربانیەکانی تیرۆر لەو ساڵەدا!لە خوارەوە هەندێ لەو ئامارانە باس ئەکەین کە لە توێژینەوە و راپۆرتەکەی رێکخراوی تەندروستی جیهانیدا هاتووە.



به هۆی کحول و ئالوودەبوونەوە ساڵانە زیاتر لە دوو ملیۆن و نیو لە مرۆڤەکان ئەمرن، ٣٢٠٠٠٠سێ صەد و بیست هەزار گەنج کە تەمەنیان لە نێوان١٥-٢٩ ساڵاندایە بە هۆی ئەمرن لە جیهاندا، بەهۆی شتانێکەوە کە پەیوەندن بە کحول خواردنەوەوە، ئەمەش ئەکاتە(٩٪)ی ئەو مردووانەی ساڵانە تۆمار ئەکرێن لەناو ئەم توێژەدا.






توێژینەوەیەکی ئەمریکی دەریخستووە کە ٧٠٠٠٠٠ حەوت صەد هەزار قوتابی زانکۆ ساڵانە لە لایەن قوتابیانی ترەوە هێرشیان ئەکرێتە سەر لەبەر ئەوەی سەرخۆش بوون و کحولیان زۆر خواردووەتەوە.




ڕاپۆرتێکی تر کە لە ساڵی٢٠٠١ زاییندا نووسراوە دەریخات کە(٨٠٪)ی تاوانی توندوتیژی کە گەنجان ئەنجامی ئەدەن لە ئەستۆنیا، پەیوەستکراوەتەوە بە خواردنەوەی زۆری کحوولەوە.




خواردنەوەی کحول بە ئەو کارە دائەنرێت کە ڕۆڵی هەیە لە چواریەکی تاوانەکانی کوشتندا لەسەر ئاستی جیهان.

هەموو ڕاگەیەنراو و ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەموو دەوڵەتانی دنیا بانگ ئەکات بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بە دانانی یاسای توند بۆ کەمکردنەوە، یان ڕێگەگرتن لە ئەو نەهامەتیە ڕۆژانەی کە بەهۆی مەیخواردنەوەوە ڕوودەدەن.

## ئاماری یەک ساڵ تەنیا لە وڵاتی بەریتانیا:

- نزیکەی یەک ملیۆن تاوان کە پەیوەندە بە مەیخواردنەوەوە، نزیکەی نیو ملیۆن تاوانی توندوتیژی بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندە بە مەیخواردنەوەوە لە دیدی قوربانیەکانەوە.
- نزیکەی حەوت ملیۆن کەس داخڵی خەستەخانەکانی تایبەت بە ڕووداو و ئەمێرجنسیەکانەوە ئەکرێن، کە تێچووەکانی نزیک بە ٦٥٠ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بەریتانی ئەبێتەوە کە ئەکرێ سەرشانی باجدەرانە بە گشتی.
- خەرجی گشتی ساڵانەی ئەو تاوان و بشێوینانەوەی کە پەیوەندە بە مەیخواردنەوەوە مەزەندە ئەکرێت بە ٨ و١٣ بلیۆن جونەیهی ئیستەرلینی، کە ئەمەش هەموو ئەکەوێتە سەرشانی باجدەران.









## قورئان چۆن مامەڵەی لەگەڵ مەیخواردنەوەدا کردووە؟

ئیسلام چاوەڕوانی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی نەکردووە تا دەربیخات کاریگەری خراپی مەیخواردنەوە لەسەر تاک و کۆمەڵ چیە.. چونکە ئەو کەسەی مرۆڤی دروست کردووە زانایە بەوەی چی لە بەرژەوەندی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەیەتی..

قورئان کە لەناو عەرەبدا هاتە خوارەوە لەو کاتەدا ئەوان بێ عارەق خواردنەوە و سەرخۆشی دەریان نەئەبرد، مەیخواردنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە لە گەورەترین ئەو شتانە بوو کە چێژیان لێ ئەبرد و بەنرخترین شتیان بوو.. بە مەی خواردنەوەوە خۆیان هەڵئەکێشا و ئەوەی هەیان بوو لە سامان بۆ مەی خەرجیان ئەکرد.

قورئان بە شێوازێک مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتەدا کرد ئەو پەڕی لۆژیک و دادی تێدا بوو، سەرەتا دانی بەوەدا نا کە مەی هەندێ سوودی تێدایە، سوودەکەش ئەوەیە ئەوەی مەی ئەخواتەوە چێژێک ئەبات و پشوویەکی کاتی ئەبات و خەففەت و خولیایەک ئەدا بە با.. بەڵام لە داهاتوودا کاریگەری خراپی لەسەر جێ ئەهێڵێت، ئەو کات چارەسەری شوێنەوارە خراپەکانی لەسەر تاک و لەسەر کۆمەڵگە لە ڕووی دەروونی و ڕەوشتی و تەندروستیەوە ئەستەم ئەبێت، وەک خوا لە قورئاندا ئەفەرموێ : (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا)(البقرة: ٢١٩)، پرسیارت لێئەکەن دەربارەی مەیخواردنەوە و قومار، بڵێ: لەو دوانەدا گوناهی گەورە و سوودیشی تێدایە بۆ خەڵکی و گوناهی مەیخواردنەوە و قومار لە سوودەکانیان گەورەترن.

پاشان قورئان ڕێگریکردنی لە مەیخواردنەوە دووپات کردەوە و بە یەکێک لە کارەکانی شەیتان هەژماری کرد کە مەبەستیەتی دوژمنایەتی و ڕق و کینە بخاتە ناوتان و هەوڵ ئەدات لە کارە گرنگ و بە بەهاکان دوورتان بخاتەوە، پاشان لە قورئاندا پرسیاری ئەوە کراوە (دەی ئێتر واز لە مەیخواردنەوە ئەهێنن؟) خەڵکیش وتیان: بەڵێ ئەوە وازمان لێ هێنا..بەڵێ ئەوە وازمان لێ هێنا، ئێتر کوپە شەرابەکانیان ڕشت لە ڕێگە و بانەکانی مەدینەی پێغەمبەردا وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو فەرمانەی خوا کە لە قورئاندا هاتووە.

فەلسەفەی

فەلسەفەی دروست و نادروست یەکێکە لە گرنگترین کێشە فیکریەکان لە ژمارەیەک لە ئایینەکان و بیروباوەڕەکانی دونیادا، ئەو بیروباوەڕانە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوانیاندا دەربارەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ نادروست و گوناه و تۆبەکردن و پەشیمانبوونەوە.



# گوناه و تۆبەکردن

ئیسلام بە پێوەرێکی ورد سەیری سروشتی مرۆڤایەتی ئەکات کە خوای گەورە خولقاندوویەتی و هێزی خێر و شەڕی تێدا چاندووە، ئیسلام وا مامەڵە لەگەل مرۆڤدا ناکات کە فریشتەیەکە و هەر حەزی لە خێرە،نا، بەڵکو ئەوە ئەسەلمێنێت کە هەموو نەوەکانی ئادەم هەڵە زۆر ئەکەن، لەبەرانبەردا ئەبێ بەرپرسیارێتی بڕیارەکان و هەڵبژاردنەکانی هەڵبگرێت، ئا لەم خاڵەوە بۆچوونی ئیسلام سەبارەت بە گوناە و تۆبەکردن گەڵاڵە ئەبێت، کە ئەکرێ لەم خاڵانەدا کورتی بکەینەوە:

- یەکەم شتێک کە ئەیبینین لە قورئاندا ئەوەیە: گوناە و تۆبەکردن بە شتێکی تاکەکەسی دائەنێت، ئەمەش بۆچوونێکی زۆر روونە و ئاڵۆزی و ناڕوونی تێدا نیە، کەواتە مرۆڤ پێش ئەوەی لەدایک ببێت هیچ گوناهێکی بەکۆڵەوە نیە، نەک ئەوە، بەڵکو هەموو مرۆڤێک بە پاکی و بێ گوناهی لەدایک ئەبێت و هەڵگری هیچ جۆرە گوناهێک نیە، بەو شێوەیەش گوناهی ئادەمیش-سەلامی خوای لێبێت- گوناهێکی کەسی خۆی بووەو رزگاربوونیش لەو گوناهە بە تۆبەکردنێکی راستەوخۆی خۆی بووە زۆر بە سانایی و ئاسانی، گوناهی هەر یەکێکیش لە نەوەکانی گوناهی تاکەکەسین و رێگەش کراوەیە لەبەردەمدا بۆ تۆبەکردن، ئەمە بۆچوونێکی دادپەروەرانە و روونە و هەموو مرۆڤێک هەڵئەنێ بۆ ئەوەی خەبات بکات و هەوڵ بدات و بێ ئومێدی و بێ هیوای رووی تێنەکات، ئەم بۆچوونە وا ئەکات هەموو مرۆڤێک گوناهی خۆی هەڵبگرێت و کەس گوناهی کەسی تری نەدرێت بە کۆڵدا، ئەمە ئەو پەیامەیە کە هەموو پێغەمبەران هێناویانە بۆ ئەم دونیایە، وەک قورئان ئەفەرموێ: } أَمۡ لَمۡ يُنَبَّأۡ بِمَا فِي صُحُفِ مُوسَىٰ • وَإِبۡرَٰهِيمَ ٱلَّذِي وَفَّىٰٓ • أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰ • وَأَن لَّيۡسَ لِلۡإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ • وَأَنَّ سَعۡيَهُۥ سَوۡفَ يُرَىٰ • ثُمَّ يُجۡزَىٰهُ ٱلۡجَزَآءَ ٱلۡأَوۡفَىٰ{(النجم: ٣٦-٤١) ئایا ئاگادار نەکرابوو بەو شتانەی لەپەڕاوەکانی موسادا بوو ؟! یان ئەو ئیبراهیمەی کە هەموو پەیمانەکانی بەجێ هێنا بەتەواوی؟! (لەو پەڕاوو کتێبە پیرۆزانەدا هاتووە): کە هیچ گوناهبارێک گوناهی تاوانبارێکی تر هەڵناگرێت، بەڕاستی ئادەمیزاد خاوەنی هیچ شتێک نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە خۆی کردوویەتی، بێگومان هەوڵ و کۆششەکەی دەبینرێتەوە لە قیامەتدا، پاشان پاداشت دەدرێتەوە بە تێروتەسەلی..
- تۆبەکردن یەکێکە لە عیبادەتە گەورەکان و یەکێکە لە قوربانیە گەورەکان لای خوا، تایبەت نیە بە کەسێکەوە، تۆبەکردن پێویستی بە شوێنێکی تایبەت نیە، یان لەبەردەم مرۆڤێکی تایبەتدا دان بە هەڵەکانتا بنێی و ئەو مۆڵەتت بدات، بەڵکو تۆبەکردن عیبادەتێکە لە نێوان خوا و عەبددایە، یەکێک لە ناوەکانی خوا و سیفەتە جوانەکانی کە لە قورئاندا باسکراوە بریتیە لە {التَّوَّابُ الرَّحِيمُ{ و}غَافِرِ الذَّنبِ وَقَابِلِ التَّوْبِ} (واتە:





-تۆبەوەرگری بەسۆز- و -گوناهپۆش و تۆبە وەرگر-) ئەوە قورئانە و سیفەتەکانی کەسانی موتتەقی و خواناس یەک یەک ئەژمێرێت، ئەوانەی کە ئەچنە بەهەشت، ئەوە ئەسەلمێنێت کە ئەو پایەبڵندانەش کەوتوونەتە ناو هەندێ گوناە، بەڵام زوو فریاکەوتوون و تۆبەیان کردووەو داوای لێبووردنیان لە خوا کردووە، خوا ئەفەرموێ: {ٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً أَوۡ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ ذَكَرُواْ ٱللَّهَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ لِذُنُوبِهِمۡ وَمَن يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمۡ يُصِرُّواْ عَلَىٰ مَا فَعَلُواْ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ} (آل عمران: ١٣٥) ئەوانەش کە تاوان، یان گوناهێک ئەنجام دەدەن، یاخود ستەم لە خۆیان دەکەن (دوایی بە خۆیاندا دێنەوەو سزای) خوا دێتەوە یادیان، ئەوسا داوای لێخۆشبوون دەکەن، جا کێ هەیە کە لە گوناهان خۆش ببێت جگە لە خوا؟! هەروەها لەسەر گوناهو تاوانیان بەردەوام نابن، لە کاتێکدا دەزانن (ئەوە تاوانە).

- لە ئیسلامدا تۆبەکردن پێویستی بە هیچی تر نیە ئەوە نەبێت کە لە گوناهەکە داببڕێیت و پەشیمانی دەرببڕیت لەوەی کردووتە و بڕیار بدەی ئیتر نەچیتەوە ناو ئەو گوناهانە، زیاد لەمەش مافە خوراوەکانی خەڵکی بگەڕێنیتەوە بۆ خاوەن مافەکان ئەگەر مافی خەڵکی لە لا بوو...

ئەگەر هاتوو جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ئەو گوناهەی تۆبەی لێکردووە، تۆبەکەی یەکەم جاری هەڵناوەشێنێتەوە، گوناهە کۆنەکانیشی بۆ ناگەڕێتەوە، بەڵام بەوە گوناهێکی تازە ئەدات بە کۆڵی خۆیدا و ئەبێ جارێکی تر تۆبە تازە بکاتەوە..

بەم شێوەیە مرۆڤ لە ئیسلامدا ئەو کائینەیە کە لەناو هاوسەنگیدا دائەنرێت، لەنێوان بەرەو کەماڵ و بڵندبوونەوە و خۆبەدوورگرتن لە هەڵە و گوناە و لەنێوان ناسینی سروشتی ئەم مرۆڤە کە زۆر جار لاوازی رووی تێئەکات و لە رێگە راستەکە لائەدات..

لەسەر ئەم بنەمایە مرۆڤ لە حاڵەتی چالاکی و تەقواکردندا یان لە حاڵەتی کەمتەرخەمی و لاداندا نابێ قیبلەنمای خۆی لەدەست بدات، بەڵکو ئەبێ هانا بۆ خوای خۆی بەرێت و تۆبە بکات و داوای لێبووردنی لێ بکات..

لەمەوە ئەتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان کەسی چاک و کەسی خراپدا، وەک قورئان ئەیسەلمێنێت، ئەوەتا کە باسی راستی ئەو جیاوازیەمان بۆ ئەکات، هەواڵی ئەوەمان پێئەدا کە پیاوە موتەقییەکان کاتێک ئەکەونە ناو گوناهێک خێرا خوایان بیرئەکەوێتەوەو تۆبە ئەکەن، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەوە کە بەردەوام لەسەر گوناە ئەڕۆن و بێ ئەوەی کە بەهۆش بێنەوە، یان وانەیەک وەربگرن، قورئان ئەفەرموێ: {إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ إِذَا مَسَّهُمۡ طَٰٓئِفٞ مِّنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبۡصِرُونَ • وَإِخۡوَٰنُهُمۡ يَمُدُّونَهُمۡ فِي ٱلۡغَيِّ ثُمَّ لَا يُقۡصِرُونَ} (الأعراف: ٢٠١-٢٠٢) بەڕاستی ئەوانەی کە پارێزکار و تەقوادار بوون، کاتێک خەتەرەو خەیاڵێک لەلایەن شەیتانەوە تووشیان بێت، ئەوە خێرا بێدار دەبنەوە و خوای خۆیان بیر دەکەوێتەوە و هۆشیار دەبنەوە، ئیتر دەستبەجێ بینا دەبن و بەرچاویان ڕوون دەبێت (رێبازی ڕاست بەدی دەکەن و لێیان ناشێوێت). برا شەیتانەکانیشیان کۆمەکیان دەکەن لە گومڕایی کردنیان بەڕازاندنەوە و جوانکردنی گوناهو تاوانەکان، پاشان کۆڵ نادەن و کول نابن (لە گومڕایی کردنیاندا).



# دوالیزمەی ئایین و عەقڵ

هەندێ هەیە بڕوای وایە کە ئایین دژ بە عەقڵە و میتۆدی زانستی هەڵئەوەشێنێتەوە، چونکە ئایین لە دیدی ئەودا سەرچاوەی وەهم و ئەفسانە و حەکایەت و بیرکردنەوەی ئەفسانەییانەیە، لای ئەو زانست و فەلسەفە ئەو دوو رێگەیەن کە مرۆڤ بەرەو زانستێکی رێکخراو ئەبەن، جاری واش هەیە ئەو زانستە ئەبێتە زانیاریەکی یەقینی و چەسپاو ئەگەر مەرجەکانی توێژینەوە و بیرکردنەوەو ئەزموونگەرای تێدا بێتە دی..ئەم بڕوایە لەکاتی رامان لێیدا بۆت دەرئەکەوێ هەندێ راستی تێدایە و هەندێ هەڵەشی تێدایە.

## هەندێ

هەندێ هەیە بڕوای وایە کە ئایین دژ بە عەقڵە و میتۆدی زانستی هەڵئەوەشێنێتەوە، چونکە ئایین لە دیدی ئەودا سەرچاوەی وەهم و ئەفسانە و حەکایەت و بیرکردنەوەی ئەفسانەییانەیە، لای ئەو زانست و فەلسەفە ئەو دوو ڕێگەیەن کە مرۆڤ بەرەو زانستێکی ڕێکخراو ئەبەن، جاری واش هەیە ئەو زانستە ئەبێتە زانیاریەکی یەقینی و چەسپاو ئەگەر مەرجەکانی توێژینەوە و بیرکردنەوەو ئەزموونگەرای تێدا بێتە دی..ئەم بڕوایە لەکاتی رامان لێیدا بۆت دەرئەکەوێ هەندێ ڕاستی تێدایە و هەندێ هەڵەشی تێدایە.



بەشە ڕاستەکەی ئەم دیدە لەوەدایە کە ژمارەیەک ئایین هەن کە عەقڵ چز ئەکەن و هەندێ جاریش دژی ئەوەستنەوە، سەرچاوەکانی ئەو ئایینانە و کتێبەکانیان پڕپرن لە ئەفسانە و بیروباوەڕی خورافی کە پێچەوانەی گەردوون و زانستن.

ئەو بەشە هەڵەی ئەم دیدەش ئەوەیە کە ئەم بڕیارە بگشتێنرێت بەسەر هەموو ئایینەکاندا بە بێ خوێندنەوەی ئەو جیاوازیە جۆریانەی  کە هەیە لە نێوانیاندا، لە ڕووی سەرچاوە و ناوەڕۆک و میتۆد و بەڵگەکانیانەوە..

ئەوەی شارەزا بێت لە قورئانی پیرۆزدا-سەرچاوەی سەرەکی ئیسلام- بە دڵنیاییەوە ئەوەی بۆ دەرئەکەوێ کە قورئان پلەو پایەیەکی وای بە عەقڵ داوە کە هیچ ئایینێکی تر وای نەکردووە، ئەوەی شارەزا بێت لە قورئان پێویستی بەوە نیە کە زۆر قوڵ دابچێت تا بۆی دەربکەوێت قورئان عەقڵ هان ئەدات و بانگی ئەکات بۆ ڕامان و بیرکردنەوە، بەرادەیەک قورئان چەند جار  ئەم پرسیارە ڕەخنە ئامێزە ئەکات و ئەفەرموێ (أفلا تعقلون؟) ئەوە عەقڵ بەکارناهێنن؟ زیاد لە سیازدە جار ئەمە دووبارە ئەکاتەوە.



ئاراستەی قورئان بۆ ئیشکردن بە عەقڵ و کاراکردنی لە چەند شتێکدا دەرئەکەوێت، لەوانە:

**1** قورئان ئەم مرۆڤە ئەدوێنێت، کە خاوەن عەقڵێکی کراوە و ئازادە لە هەموو جۆرە خۆسەپاندن و لووتبەرزی و ترس و نەفامیەک، بە چەندین بەڵگەی عەقڵی و بورهانی لۆژیکی بۆی ئەسەلمێنێت کە خوا هەیە، بۆنمونە، قورئان ئەفەرموێ: {أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ ● أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بَلْ لَا يُوقِنُونَ} (الطور: ٣٥-٣٦) ئایا ئەوانە بەبێ هیچ شتێک، هیچ هۆیەک، هاتوونەتەکایەوە ؟! یان هەر خۆیان دروستکارن ؟! یان ئەو بێ باوەڕانە ئاسمانەکان و زەویان دروستکردووە؟ نەخێر ئەوانە هەر دڵنیا نابن

**2** قورئان موناقەشەی بەڵگەکانی نەیاران ئەکات، ئەو قسانە ئەداتەدواوە کە بەڵگە و بورهانیان نیە، وەک ئەفەرموێ: {قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ} (البقرة: ١١١). پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاستگۆن، بەڵگەتان لەسەر ئەم قسەیە بهێننە مەیدانەوە (ئەگەر ئێوە بەهەشتی بن، ئەوا موسوڵمانانیش بەهەشتین چونکە باوەڕیان بە موسا و عیسا هەیە).

**3** سەرزەنشتی ئەو کەسانە ئەکات کە عەقڵیان ناخەنە کار، وەک ئەو کەسانەیان دائەنێت کە هەستەکانیان نەبێت، چونکە سوود نابینن لەوەی بەرچاویان ئەکەوێت و بەر گوێیان ئەکەوێت تا بڕیاری دروستیان پێ بدەن، وەک خوای گەورە ئەفەرموێت: }أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ{ (الحج: ٤٦). ئایا ئەوانە بەسەر زەویدا نەڕۆشتوون بەدڵ و دەروونێکی هۆشیارەوە تا بیرێک بکەنەوە... (کوان: خەڵکانی ڕابوردوو؟ ئەو شارانە بۆ کاولکران؟ کێ ئێمەی دروست کردووە؟ ئامانج لە ژیان چیە؟؟) یان خاوەنی گوێ و دەزگای بیستن نەبوون بەسەرهاتەکانیان ببستن و لێکی بدەنەوە، جا وەنەبێت چاوان کوێر بووبێت، بەڵکو ئەو دڵانە کوێر دەبن کە وان لە سینەکاندا (چونکە هەر ڕواڵەت دەبینن و ناوەڕۆک لێک نادەنەوە).

**4** خەڵکی ئاگادارئەکاتەوە خۆ بەدوور بگرن لەو شتانەی عەقڵ تەمەڵ ئەکەن و ڕێگە لەبیرکردنەوە ئەگرن، قورئان هەر هانی خەڵکی نەداوە کە هەستەکانیان بەکاربهێنن و کار بە عەقڵیان بکەن و ڕێزی لێ بگرن، بەڵکو لەوەش هۆشیاری کردووینەتەوە کە نەیەڵین عەقڵمان بخلیسکێت، چونکە ئەوە لەبەرچاو گیراوە کە سروشتی ئەم مرۆڤە وایە خێر و شەڕ لەناخیدا زۆرانبازیانە! ئەمەیە وا ئەکات کە ئەم مرۆڤە جارجارە ئەگەری هەڵەبوون و لادان لە ڕاستی تووش ببێت، ئیتر یان ئەخەڵەتێت، یان ئەترسێت، یان تەماگیر ئەبێت.

## بەربەستەکانی ڕێگەی بیرکردنەوەی دروست وەک قورئان ڕوونی ئەکاتەوە:

- چاولێکەری: ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کەلتووری ئایینی و ڕەفتار و نەریتی بیرکردنەوەی خراپ زۆرجار کاریگەری گەورە ئەخاتە سەر بیر و بیرکردنەوە عەقڵییەکان، بەشێوەیەک لەگەڵ ئەو نەریتانەدا زەحمەت ئەبێت هەق و ڕاستی وەربگرێت و دەستبەرداری ناهەقی و ناڕاستی ببێت، جاری وا هەیە هەر بیرکردنەوەی ڕائەگرێت بەتەواوەتی! بەپاساوی ئەوەی ئەم ڕاهاتووە لەگەڵ ئەمەی تردا و لەگەڵ شیردا خواردوویەتی، وەک قورئان چیرۆکی هەندێ کەسمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە چاولێکەری ڕێگەی ئەوەی لێگرتوون کە شوێن هەق و ڕاستی بکەون، ئەگەر پێیان بوترایە وەرن شوێن ئەو بەرنامەیە بکەون کە خوا ناردوویەتی بۆتان! ئەیانووت: نا.. ئێمە شوێن کەلتووری باوباپیرانمان ئەکەوین و لەسەر ئەوە ڕاهاتووین، پاشان کۆمێنتی قورئانی لەسەر ئەم قسەیان ئەوەیە کە ئەفەرموێ: باشە ئەگەر باوباپیرانتان دوای شتێک کەوتبن نە عەقڵ و نە زانست و نە بەرچاوڕۆشنی پشتیوانی لەو شتە نەکات، ئێوە هەر شوێنیان ئەکەون؟! تەنیا لەبەر ئەوەی ئەوانە باوباپیرانتانن!! قورئان ئەفەرموێ:{وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنْزَلَ اللّٰه قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ{!! (البقرة: ١٧٠). ئەگەر بەو خەڵکە نادانە بوترێت: شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەون کە لەلایەن خواوە ڕەوانە کراوە، دەڵێن: نەخێر، هەر شوێنی ئەوە دەکەوین کە باوو باپیرانمان پێوەی ئالوودە بوون و لەسەری ڕاهاتوون، ئایا ئەگەر باوو باپیرانیشیان تێنەگەیشتوو هیچ نەزان و ناشارەزاو ڕێنموویش وەرنەگرن (هەر شوێنیان دەکەون؟!).

- کەللەرەقی و لووتبەرزی: هۆی ئەمەش ئەوەیە کە جاری وا هەیە عەقڵ ڕاستیەکی بۆ دەرئەکەوێت، کەچی قەبوڵی ناکات و ملی بۆ نادات و ڕەتیئەکاتەوە، لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیەکی تەسکی خۆی، یان پاراستنی پۆستەکەی، یان لەبەر حەسوودییەک، یان لەبەر ئەوەی ئەو سەرچاوەی ڕاستیەکەی لێوەهاتووە ئەم بە سووکی ئەزانێ! وەک قورئان باس لە پۆلێک مرۆڤ ئەکات کە: نکولی لە ڕاستی ئەکەن بەدەم، بەڵام لە ناخدا ئەزانن ئەوە ڕاستی حاشاهەڵنەگرە، ئەوەی نایەڵێت ئەو ڕاستیە وەربگرن لووتبەرزی و ستەمکاریە، قورئان ئەفەرموێ: {وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنْفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا} (النمل: ١٤). جا ئەوانەی هەر ڕق ئەستوورییان کردو باوەڕیان پێی نەبوو، بە زۆرداری و خۆبەزلزانی، لە کاتێکدا لە ناخی دەروونیانەوە هەستیان دەکرد ئەوە حەقیقەتەو ڕاستە، دە تەماشا بکە و سەرنج بدە! بزانە سەرەنجامی تاوانباران و گوناهکاران چۆن بوو (چۆن تۆڵەمان لێ سەندن).



- ڕۆچوون لە ئارەزووەکانیدا: جاری وا هەیە عەقڵ ڕاستی ئەدۆزێتەوە، بەڵام ئەوەندە ئازایەتی نیە کە هەڵیببژێرێت، چونکە لە ئارەزووەکانیدا ڕۆچووە، قورئان چیرۆکی یەکێکمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە زانست و زانیاریەکی زۆری پێدرابوو، شایستە بەوە بوو ئیش بەو زانستە بکات و پێڕەوی لێ بکات لە ژیانیدا، بەڵام ئەو لەو زانیاریانە خۆی داڕنی و شوێن ئارەزووەکانی و بەرژەوەندیەکی کاتی کەوت، ئەوەش هەر لەبەر ئەوەی ڕۆچووبوو لە ئارەزووەکانیدا بە پلەیەک کە توانای ئەوەی نەبوو بڕیارێکی دروست بدات، خوای گەورە ئەفەرموێ: {وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِي آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانْسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ • وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الْأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِنْ تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَثْ ذَلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ} (الأعراف: ١٧٥–١٧٦) (ئەی محمد! هەواڵی ئەو کەسەیان بەسەردا بخوێنەرەوە کە فەرمانەکانی خۆمانمان پێبەخشی بوو، کەچی ئەویش خۆی لێ داماڵی و خۆی لێ دوورە پەرێز گرت، ئەوسا ئیتر شەیتان شوێنی کەوت و دایەپێش و چووە ڕیزی سەر لێشێواوانەوە.

خۆ ئەگەر بمانویستایە ئەوە بەو ئایەت و فەرمانانە بەرزمان دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی چەسپان بەزەویەوە و (دەستی کرد بە دنیا پەرستی و) شوێنی ئارەزووی خۆی کەوت، جا نموونەی (ئەو جۆرە کەسانە) وەکو نموونەی سەگ وایە ئەگەر دەری بکەیت و پیایدا هەڵبشاخێیت هەناسە بڕکێیەتی (زمان دەردەکێشێت)، یاخود ئەگەر وازی لێ بهێنیت ئەوە هەر هەناسە بڕکێیەتی، ئەوە نموونەی ئەو کەسانەیە کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ زانیوە و بڕوایان پێی نەبووە، کەوابوو ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بگێڕەرەوە بۆ ئەوەی (دابچڵەکێن و) بیربکەنەوە.

قورئان بەردەوام ئەم مرۆڤە بانگ ئەکات بۆ ئەوەی لە هەموو سێکتەرەکانی ژیاندا عەقڵی بخاتە کار و پرسیار بکات و وردببێتەوەو بیر بکاتەوەو وانە لە دەروون و لە گەردوون و لە بوون وەربگرێت، مەرجی پێش وەختەی نەبێت و بە قەناعاتی کۆتکراوی پێش وەختە بڕیار نەدات..

ئەوەی لە پرسیارکردن و لەبیرکردنەوە ئەترسێت ئەو کەسەیە کە لە دەروونیدا شتێکی شاردووەتەوە دژ بەو پرسیار و بیرکردنەوەیە، بەڵام ئایینی خوا هەر ئەبێ لە لای خواوە هاتبێت کە ئەم مرۆڤەی دروست کردووە و ئەم توانا عەقڵییەشی تێدا داناوە، دەی نابێ ئایینی خوا دژ بوەستێتەوە لەگەڵ دروستکراوەکانی خوادا، کەواتە ئیتر ترس بۆچی؟ خوا ئەفەرموێ: {أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللّٰه رَبُّ الْعَالَمِينَ} (الأعراف: ٥٤). ئاگادار بن و بزانن و بیربکەنەوە: هەرچی دروستکردن و بڕیاردانە هەر بۆ ئەوە، (کەواتە دەبا هەمووان فەرمانبەرداری ئەو بین و لە فەرمانی دەرنەچین)، موبارەک و پیرۆزو گەورەیە زاتی (الله) پەروەردگاری جیهانیان.

خەڵک

خەڵک تووشی شۆک ئەبێت-بەهۆی ئەو هەموو چەواشەکارییەی لە میدیاکاندا ئەکرێت- کە بۆی دەرئەکەوێت سەلام و ئاشتی رووبەرێکی تایبەتی لە ئیسلامدا بۆ دانراوە، موسڵمان ڕۆژانە چەند جار ئەم وشەی ئاشتیە ئەڵێتەوەو هەستی ئەو مانایەی تێدا دروست ئەبێت..



# ئیسلام ئایینی ئاشتیە

# ئاشتی

ئاشتی (السلام) یەکێکە لە ناوەکانی خوای گەورە، بەهەشتیش لە دوارۆژدا هەر ناوی خانەی ئاشتیە-دار السلام-، سڵاوی موسڵمانانیش لە یەکتری هەر-سلام علیکم-ـە(واتە: داواو وایە ئاشتی برژێت بەسەرتاندا)، نوێژی موسڵمانانیش بە دووجار سەلامدانەوە کۆتایی پێئەهێنرێت (واتە: داواو وایە ئاشتی برژێت بەسەرتاندا)! هەموو ئەمانەش لە ناوی ئایینەکەدا کۆئەبنەوە کە (ئیسلام)ـە، کە هەموو ماناکانی ئاشتی و دڵنیایی لە خۆی ئەگرێت.



دەی کە ئیسلام خەڵکی بۆ سەلام و ئاشتی بانگ بکات و رێز لە مافی لاوازترین و بێ دەسەلاتترین ئاژەڵ بگرێت کە موحەممەدی پێغەمبەر-سەلامی خوای لێبێت- هەواڵمان ئەداتێ و ئەفەرموێ: «عُذِّبت امرأة في هرة، سجنتها حتى ماتت، فدخلت فيها النار، لا هي أطعمتها وسقتها، إذ هي حبستها، ولا هي تركتها تأكل من خشاش الأرض» (مسلم ٢٢٤٢) واتە: ئافرەتێک چوویە ناو ئاگر لەبەر پشیلەیەک بەستیەوە، نان و ئاوی پێنەدا و لێشی نەگەڕا خۆی مێرووی زەوی بخوات.



هەروەها ئەفەرموێ ئافرەتێکی لەشفرۆش لەبەر ئەوەی ئاوی بە سەگێکی تینوو دا خوا لێی خۆش بوو، وەک پێشەوا بوخاری ئەڵێ:

«بينما كلب يطيف بركية، كاد يقتله العطش، إذ رأته بغي من بغايا بني إسرائيل، فنزعت موقها فسقته فغفر لها به» (البخاري ٣٢٨٠).

سەگێک بە دەوری بیرێکدا ئەسوڕایەوە تینوێتی خەریک بوو ئەیکوشت، ئافرەتێکی لەشفرۆشی بەنی ئیسرائیلی بینی، پێڵاوەکانی داکەند ئاوی سەگەکەی دا و خواش لەبەر ئەوە بەخشی..

> موحەممەد پێغەمبەر-سەلامی خوای لێبێت- هەڕەشە ئەکات لە ستەمکردن لە ناموسڵمان یان ئازاردانی، یان کارێکی بدەی بەسەردا لە سەروو توانای خۆیدا بێت، پێغەمبەر خۆی ئەبێ بە پارێزەری ناموسڵمانەکە لە رۆژی دواییدا..

کە ئیسلام بۆ ئاژەڵی بێ زوبان وا بێت، کەواتە ئەبێ جوانترین یاسا و سیستەمی دانابێت بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پێکەوەژیان-با لە ئایین و بیرکردنەوەشدا جیاواز بین- تەنانەت موحەممەد پێغەمبەر-سەلامی خوای لێبێت- هەڕەشە ئەکات لە ستەمکردن لە ناموسڵمان یان ئازاردانی، یان کارێکی بدەی بەسەردا لە سەروو توانای خۆیدا بێت، پێغەمبەر خۆی ئەبێ بە پارێزەری ناموسڵمانەکە لە رۆژی دواییدا.. (ابوداود ٣٠٥٢).

بەڵام ئیسلام کاتێک کە خەڵکی بانگ ئەکات بۆ پێکەوەژیان بە ئاشتی ئەوە بە دڵنیاییەوە بۆ ئاشتی راستەقینە و پڕداد بانگیان ئەکات کە هەموو کەس مافی تێیدا پارێزراوە، دەستی ستەمکار ئەگرێت لە ستەمکردن، نایەڵێت مافی کەس زەوت بکات، خەڵکی بە ئاشتی درۆزنانە ناخەڵەتێنێت: بێت ماڵێکی دزراو بدات بە دزەکە و لەولاشەوە بێت خاوەن ماڵەکە رازی بکات بۆ دزەکە بە نرخێکی کەم و هیچ..

زمانی زاراوەکان هەر ئەمێنن و هەڵمەتە میدیاییەکانیش بەردەوام ئەبن وەک ئامرازێک زۆر کەس بەکاریان ئەهێنن بۆ ئەوەی بازاڕ بۆ بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆیان دروست بکەن، و رۆمانەکەی خۆیان بۆ خەڵکی بخوێننەوە، و گۆشەنیگای خۆیان بگەیەنن بە خەڵکی هەموو دیمانەیەک زیاتر لە گۆشەیەکی هەیە بۆی بڕوانی، هەموو چیرۆکێکیش زیاد لە کەسێک ئەیگێڕێتەوە، کەم کەس هەیە خەمی توێژینەوە لە راستیەکان هەڵبگرێت و تەحەددای میدیاکان بکات و کەنە و پشکنین بکات بۆ دۆزینەوەی راستیەکان لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە، تا بابەتیانە و هاوسەنگانە بڕیاری دروست بدات لەسەر هەڵوێستەکە.

لەبەردەمتا چەند راستیەک دائەنێین تا لێیان رامێنی..

**ئیسلام لە ئەمڕۆدا خێراترین ئایینە لە بڵاوبوونەوەدا:**

ئیسلام لەمڕۆدا بە خێراییەکی سەیر بڵاوئەبێتەوە لە هەموو جیهاندا، چ لە ئەمریکاو چ لە ئەورووپا و ئەفریقاو ئاسیادا، بە پێی راپۆرتەکانی سەنتەری (PEW) بۆ توێژینەوە لە ئایینەکان (pewresearch.org)، ئەمە لەگەڵ ئەوەدا تەواناکان زۆر کەمن، موسڵمانان زۆر لاوازن، کەرەسەکانی راگەیاندنی جیهانی کۆنترۆڵی فەزاکەیان کردووە لە رێگەی زانیاری هەڵەوە بەردەوام خەریکی چەواشەکارین، نمونەی ناشیرین پیشانی خەڵکی ئەدەن کە هیچ پەیوەندیەکی بە ئیسلامی راستەقینەوە نیە، جا ئایا ئەم بڵاوبوونەوە خێرایە بەهۆی ناچارکردنی خەڵکەوەیە، یان بەهۆی ئەوەوەیە کە خەڵکی قەناعەتیان بە ئیسلام بۆ دروست ئەبێت و بە ئارەزووی خۆیان هەڵیئەبژێرن؟

ئەو راستیە حاشاهەڵنەگرەی کە لە هەموو کەسەوە دیارە ئەوەیە کە پابەندبوونی موسڵمانان بە مافەکانی خەڵکەوە و رێزگرتنیان لە هەڵبژاردە و کەلتووری ئەو میللەتانە، گەورەترین کاریگەری هەبووە لە دەروونی ئەو خەڵکەدا و هانی داون بۆ ئەوەی رووبکەنە ئەم ئایینە، ئەمە لە موسڵمانانەوە چاکەیەک نەبووە و بەس، بەڵکو ئەمە راپەڕاندنی ئەرکێکی سەرشانیان بووە بۆ ئەو بنەما قورئانیەی کە بە روونی ئەفەرموێ: {لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ} (البقرة: ٢٥٦). بەهیچ جۆرێک زۆر کردن نیە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا (دینداری بەزۆر نابێت بکرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر کەسدا)، چونکە بەڕاستی رێبازی چاک و دروست روون و ئاشکرا بووە و جیابۆتەوە لە گومڕایی و سەرکەشی.

## ئایا زۆرکراوە لە خەڵکی تا بێنە ناو ئیسلام؟

زۆر کات مرۆڤ هێزی بەکارهێناوە بۆ چەسپاندنی بیروڕا و هەژموون و بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی، مێژوو پڕە لە نمونە بۆ ئەم بابەتە، لە هەموو ئایین و مەزهەبە جیاوازەکاندا.

مێژوو شایەتی ئەوە ئەدات پرۆسەی پاکتاوی ترسناک روویداوە لە رۆژانی گەیشتنی دۆزەرەوە و کۆچبەران بۆ ناو جیهانی تازە، تەنانەت قەشەی ئیسپانی بارتۆلۆمی (Bartolomede de Las Casas) کە باسی ئەم پرۆسەی پاکتاوکردنە ئەکات کە خۆی ئەو قەسابخانانەی بینیوە، ئەڵێت: «ئەوان وەک مرۆڤ نەیانئەڕوانی بۆ دانیشتوانە بنەڕەتیەکان، بەڵکو ئەوان تەنانەت لە ئاژەڵ کەمتریش بوون لایان»

A Brief Account of the Destruction of the Indies by Bartolome de las Casas (Jan 1، 2009)

### ئەی لە بەرانبەردا موسڵمانەکان چیان کرد کاتێک وڵاتێکی تازەیان حوکم ئەکرد؟



موسڵمانەکان وڵاتی هیندیان بۆ نزیکەی هەزار ساڵ حوکم کرد و٨٠٪ی دانیشتوانی ئەو وڵاتەش ناموسڵمان بوون:

موسڵمانەکان حوکمی نیوە کیشوەری هیندیان بۆ نزیکەی هەزار ساڵ کرد، ماف و عیبادەتەکانی خەڵکی ئاینەکانی تریان هەموو پاراست، ئەو ستەم و چەوسانەوەی کەوتبوویە سەر ئاینەکانی تر لەسەریان هەڵیان گرتن، گشت مێژوونووسان ئەوە دووپات ئەکەنەوە کە ئیسلام بەزۆر بڵاونەکرایەوە، زۆر لە یەک کەسیش نەکراوە بێتەناو ئیسلامەوە.



گەورەترین وڵاتی موسڵمانان ئیسلام بە سوپاو بە شەڕ نەچووەتە ناوی:

ئەندەنووسیا کە یەک وڵاتە خاوەنی زۆرترین ژمارەیەی دانیشتوانە لەناو موسڵماناندا، زیاد لە ٢٥٠ ملیۆن کەسن، رێژەی موسڵمانەکانیشیان (٨٧٪)، ئیسلام لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا لە رێگەی بازرگانە موسڵمانەکانەوە چوویە ناویان، و بەهۆی رەوشتبەرزی و مامەڵەی سەرراستانەی ئەو بازرگانانەوە ئیسلام بڵاوبوویەوە لە ناویاندا، یەک سوپا نەچووتە ناو ئەو وڵاتەوە، باسی هیچ خوێن ڕشتنێکیش لەو وڵاتەدا نەبووە دوای هاتنی بورتوگالیە داگیرکەرەکان و پاشان داگیرکەری هۆڵەندی و دوای ئەوانیش داگیرکەری ئینگلیزی نەبێت.





موسڵمانەکان بۆ هەشت سەدە حوکمی ئەندەلوسیان کرد:

موسڵمانەکان ٧٨١ ساڵ حوکمی ئیسپانیایان کرد، لە ٧١١ی زایینەوە بۆ١٤٩٢ی زایین، ئەو وڵاتەیان کردە سەنتەری شارستانێتی، زۆر لە یەک مەسیحی نەکرا تا ئیسلام قەبوڵ بکات، نەک ئەوە، بەڵکو هەموو مافەکانیان ئەپاراستن، بازرگانێتییان چوویە لوتکە، پلەو پۆستیان لە ناو دەوڵەتدا تا ئەهات ئەچووە بان، موسڵمانان ئەو ستەمەشیان لەسەر هەڵگرتن کە جوولەکە خستبوویە سەریان پێش فەتحکردنی وڵاتەکە، مێژوو پڕە لە ئەم راستیانە.

دەی کە ئیزابیلا و فەرناندێز زاڵ بوون بەسەر موسڵماناندا لە ئیسپانیادا، هەموو دیاردەیەکی ئیسلامەتیان قەدەغە کرد، دادگاکانی پشکنینیان دانا بۆ سزادانی هەموو ئەو کەسانەی لەسەر ئیسلامەتی خۆیان ئەمانەوە با بە نهێنیش بوایە!

موسڵمانانیان هەموو لە وڵاتی خۆیان دەرکرد و ئاوارەیان کردن، ئەوەی سەرنج ڕائەکێشێت لەگەڵ موسڵماناندا جوولەکەکانیشیان دەرکرد، ئەوەبوو بە هاوەڵی ئەوان هاتنە ناو وڵاتانی ئیسلامی تا شوێن و جێگەی ئارامیان دەست بکەوێت و ژیانێکی شایستە بژین..



موسڵمانەکان بۆ زیاتر لە ١٤٠٠ساڵ حوکمی میسریان کرد شوێن و پلەی قیبتیەکانیان ئەپاراست:

موسڵمانەکان لە سەرەتای ئیسلامەتیەوە حوکمی میسریان لەدەستدا بووە، لەو کاتەوە کە عەمری کوڕی عاص -کە یەکێکە لە صەحابەکانی پێغەمبەری خوا- سەلامی خوای لێبێت- فەتحی ئەو وڵاتەی کردووە، دەی نەک هەر ئایین و پیرۆزیەکانی ئەوانیان پاراستووە، بەڵکو رزگاریشیان کردوون لەو چەوسانەوە و شکەنجە و بێ بەشکردنەی کە رۆمەکان دژ بە قیبتیەکان ئەیانکرد، هەر لەبەر ئەوەی مەزهەبیان جیاواز بوو هەرچەندە شوێنکەوتەی یەک ئایینیش بوون، قیبتیەکان ئازادی ئایینی و عیبادەتیان بۆ گەڕایەوە لەو رۆژەوە، ئێستاش قیبتیەکان لە میسردا نزیکەی پێنج ملیۆن کەس ئەبن



# لە نێوان ئیسلام و واقیعی هەندێ لە موسڵماناندا

ئەم پارادۆکسە(دژیەکبوونە) ترسناکە چیە؟ رستەیەک هەیە هەندێک هەن ئەیڵێنەوە کاتێک کە شارەزا ئەبن لە راستیەکانی ئیسلام کە: خەڵکی بانگ ئەکات بۆ رەوشتی بەرز و ئاوەدانکردنەوەی زەوی، و سوود گەیاندن بە مرۆڤایەتی، و بڵاوکردنەوەی ئاشتی لەناو خەڵکدا، پاشان کە سەیری چواردەوریان ئەکەن و هەندێ نمونە ئەبینن خۆیان داوەتە پاڵ ئەو ئیسلامە، کەچی زۆر لەو بنەمایانە دوورن.. ئەو پرسیارەی بۆ دروست ئەبێت تۆ بڵێی ئائەمانە شوێنکەوتەی ئەم ئایینە دروستە بن؟

ئەم پارادۆکسە(دژیەکبوونە) ترسناکە چیە؟ رستەیەک هەیە هەندێک هەیە ئەیلێنەوە کاتێک کە شارەزا ئەبن لە راستیەکانی ئیسلام کە خەڵکی بانگ ئەکات بۆ رەوشتی بەرز و ئاوەدانکردنەوەی زەوی، و سوود گەیاندن بە مرۆڤایەتی، و بڵاوکردنەوەی ئاشتی لەناو خەڵکدا، پاشان کە سەیری چواردەوریان ئەکەن و هەندێ نمونە ئەبینن خۆیان داوەتە پاڵ ئەو ئیسلامە، کەچی زۆر لەو بنەمایانە دوورن.. ئەو پرسیارەی بۆ دروست ئەبێت: تۆ بڵێی ئائەمانە شوێنکەوتەی ئەم ئایینە دروستە بن؟

**لە راستیدا ئەم کارە مایەی سەرسڕمانە، پێویستە زۆریش بە هێمنانە لێی رابمێنین، لە رووی چەند تەوەرێکەوە:**

- مەرج نیە هەموو کەسێک کە خۆی ئەداتە پاڵ ئیسلام، یان لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لەدایک ببێت ئیتر موسڵمانێکی پابەند بێت بە دروشمەکانی ئەم ئایینەوە، لە هەموو شوێنەکاندا و لە چواردەورماندا لادان لە راستیەکانی ئیسلام و رێنماییەکانی و کەمتەرخەمی زۆر هەیە، لەناو موسڵماناندا هەیە تەنیا ناوی ئیسلام ئەزانێ و بەس.
- بە هیچ شێوەیەک ئەوە راست نیە هەڵەی خەڵکی بدرێتە پاڵ مەزهەب و ئایینەکانیان، نابێ هیچ کات بوترێت: یاخیبوون و توغیانی هیتلەر بەهۆی ئایینەکەیەوە بوو، یان ئایینی مەسیحی خەڵک هانئەدات بۆ تووند و تیژی لەبەر ئەوەی هیتلەر مەسیحی بوو، یان ئیلحاد کوشتن بەرهەم دێنێ، چونکە ستالینێکی مولحید دەیان ملیۆن کەسی کوشت.. هەموو ئەوانە بانگەشەیەکن دوورن لە بابەتی و وردەکاری و راستیەوە.

ناکرێ و نابێ هەڵەکانی خەڵکی بدەینە پاڵ ئایینەکانیان و مەزهەبەکانیان.



- زۆر نمونەی جوان هەن کە هەموو کەس شایەتی ئەوە ئەدات کە ئەمە زۆر گەورەیە و ئاوێنەیەکە بۆ راستی ئیسلام و گیانی ئیسلامەتی و ئەو زانست و پێشکەوتنە دەرئەخات کە مێژووی ئاخنیوە لە هەموو جیهاندا، لە هیندەوە کە رۆژهەڵاتە بیگرە تا ئەگەیتە ئیسپانیا کە رۆژئاوایە، تا ئێستاش ئەو نمونانە هەر لێمانەوە دیارن، و مەشخەڵ و رێگەیەکی رووناکن بۆ ئەو شارستانیەتیەی ئەمڕۆ تێیدا ئەژین، بە هەمان شێوە چەندین نمونەی تر هەیە لە ئەو وڵاتانەی کە ئەیانەوێ بگەن بەو شارستانیەتەی کە ئەمڕۆ لەگەشە و هەڵکشاندایە، زیاد لەوە چەندین نمونەی جوانی تاکەکەسی تر هەیە کە لە زۆر بواری زانست و وڵاتانی تری جیهاندا هەن..
- هیچ کەسێک نیە کە ئەو راستیانەی پزیشکیی تازە پێیان گەیشتووە رەت بکاتەوە، یان ئەو چارەسەرانە وەرنەگرێت لەبەر ئەوەی نمونەی چەند پزیشکێکی خراپی بینیوە لە چوار دەوری خۆی، کەس نیە خۆی بێ بەش بکات لە خوێندن و منداڵەکانی نەنێرێتە قوتابخانە هەر لەبەر ئەوەی چەند قوتابخانەیەک شک ئەبات، یان چەند مامۆستایەک ئەناسێ خراپ ئەو پیشە پیرۆزەیان بەکارهێناوە.. عیبرەت بەوە نیە چەند کەسێکی خراپ ببینی خۆیان داوەتەپاڵ پیشەیەک، بەڵکو عیبرەت بە راستی بابەتەکەیە.

سەیر ئەوەیە لەگەڵ ئەو هێرشە توندە نامرۆییانەدا کە ئەکرێتە سەر ئیسلام لە لایەن هەندێ لەوانەی خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام، یان ئەوانەی دوژمنن بە ئیسلام، کەچی تا ئێستاش خەڵکێکی زۆر توانای ئەوەیان هەیە نوسخە ئەصڵی و دروست و بێگەردەکەی ئیسلام ببینن، تا ئێستاش بەردەوام لە هەموو وڵاتانی دونیاوە روو ئەکەنە ئیسلام و موسڵمان ئەبن.

کەس دژایەتی خوێندن ناکات و رێگری لە منداڵەکانی ناکات بخوێنن هەر لەبەر ئەوەی چەند قوتابخانەیەک یان چەند مامۆستایەک ئەناسێ خراپەیان بەرانبەر بە ئەم پیشە پیرۆزە کردووە..





## گۆشەنیگایەکی تازە

چەند جار دوودڵیت کردووە لە بڕیاردانێکدا یان لە هەڵ قۆستنەوەیەکدا کە زۆر لەبەرژەوەندیتا بووە، تا ئەمڕۆش هەر سەرزەنشتی خۆت ئەکەیت لەسەر ئەو دوودڵییەت.

گەورەترین ڕێز بۆ مرۆڤ ئەوەیە ئازاد بێت و بتوانێت ئەو بڕیارە بدات کە لە بەرژەوەندی خۆیەتی و نەترسێت و دەمی تەتەڵە نەکات.

ئەگەر مانەوە لەسەر بڕیار و ڕووبەڕووبوونەوە و ئاڵنگاری کۆسپ و تەگەرەکان ئازایەتی بێت و خاوەنەکەی ستایش بکرێت لەسەری و ڕێزی بۆ بنوێنرێت، ئەوە ئازایەتی بڕیار وەرگرتن لەو شتانەدا کە ئەزانی بەرژەوەندیتی تێدایە و ئازابیت لە دانانی بە هەڵەکانتا کە ڕاستیت بۆ دەرئەکەوێ، لەوانە زۆر ئازایەتیترە، چونکە ئەمە ئازایەتی نواندنە لەبەردەم نەفسدا، سەرکەوتنیشە بەسەر ملهوڕی و خۆپەرستیدا، دوای ئەوە خاوەنەکەی کاریگەری ئەو بڕیارە لەسەر دەروون و کەسایەتی خۆی ئەبینێتەوە.

دەی کە ئەم هەلەت داوە بە خۆت تا ڕووە ڕاستەقینەکەی ئیسلام بناسی لە سەرچاوەکانیاوە، کەواتە ڕژد مەبە و ورد بیر بکەرەوە و ڕامێنە لەوەی ئەیخوێنیتەوە.

جا ئەگەر زێبایی و جوانی ئەم ئایینەت بۆ دەرکەوت و حەزت بەوە بوو کە زیاتر و زیاتر دەربارەی ڕاستی ئیسلام و تایبەتمەندیەکانی بزانی، ئەوە لەبەردەمتا ڕووبەرێکی فراوان هەیە تا بخوێنیتەوە و گفتوگۆ بکەیت و پرسیار بکەی، بەڵام ئەبێ ئیتر دوای ئەمە بە چاوێکی تر و لە گۆشەنیگایەکی تری جیاوازەوە بۆ ئیسلام بڕوانی..



ئەوە شەرەفە بۆ ئێمە کە ئەم کتێبەت لەگەڵمانا تەواو کرد، ئومێدیش ئەکەین ئەم خوێندنەوەت پرسیاری جیددی زۆری بۆ دروست کردبێت، یان چەندین بیرۆکەی بۆ هێنابی، کە هاوڕا بی لەگەڵیاندا، یان دژ بی پێیان، پێمان خۆشە کە گوێمان لە راوبۆچوونەکانت بێ، یان گوێمان لە پرسیار و رەخنەکانت بێ، بەڵێنی ئەوەشت پێ ئەدەین کە پێشوازیت لێ بکەین بە هەموو جۆرە گرنگی پێدانێکەوە.

بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر دەربارەی ئیسلام:

LAUNCHING CURiOSiTY JUST SCAN IT.!!

THISISLAM.info

بةئةزمووني خؤت
بةشداربة لةطةلَمان

Kurdi







- ئایا لات گرنگ نیە کە وێنەکە بە روونتر ببینیت؟ سەبارەت بە ئەو ئایینەی کە لە هەموو ئایینەکانی تر زیاتر جەدەلی لەسەر ئەکرێت لە دەزگا میدیاییەکانی دەوروبەرتدا؟

- ئایا ئەوە ناهێنێت بۆ ساتێکیش بووە هەڵوێستەیەک بکەیت و قوڵ رابمێنی لەو ئایینەی کە لە هەموو ئایینەکانی تر زۆرتر و خێراتر بڵاوئەبنەوە، بەپێی ئامارە جیهانییەکان؟

- باشە..چێژ لەوە نابەی کە کەلتوور و فەلسەفەی خەڵکانی تر بدۆزیتەوە، کە سەبارەت بە ژیان و ئایین و گەردوون قسە ئەکەن؟

- بۆچی هەلی ئەوە بە خۆت نادەی کە هەڵوێستەیەک بکەی لەسەر کۆمەڵێک زانیاری بەڵگەدار دەربارەی ئیسلام کە لە سەرچاوەکانی خۆیەوە وەرگیراون ..پاشان لۆژیک و عەقڵت بکەیتە دادوەر؟

**جا ئەگەر ئەوەت بینی، یان شتێکی گرنگت لەوانە بینی، یان حەزێکت تێدا دروست بوو، ئەوە ئەم کتێبە یارمەتیت ئەدات بۆ ئەوەی بەو مەبەستەت بگەی**

9 786030 313976

LAUNCHING CURiOSiTY JUST SCAN IT.!!

MODERN GUIDE

THIS IS ISLAM

THISISLAM.info